ژماره
46

پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

لە کۆنفرانسی پزیشکیدا

وەزارەتی پێشمەرگە یەکەم سیستەمی دیجیتاڵی چاودێریی تەندروستی لە کوردستان دەستپێکرد

حوزەیران 2025

سەروتار

هاوکێشەی گۆڕانکاریەکان و پرۆسەی نوێبونەوە

لیوا عوسمان محەمەد

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رابردوویەکی دوورەوە، بە شێوەیەکی بەردەوام ئاڵوگۆڕی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسەرداهاتووە و دەیان جەنگی مەیدانی و ساردی بەخۆیەوە بینیوە. هەبوونی ئەم گۆڕانکارییە بەرچاوانە لە بەشێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وایکرد مۆدێلێکی نوێی حکومرانی سەرهەڵبدات و دەوڵەتی نوێ و کارەکتەری سیاسی نوێ دەربکەون پرۆسەکە بەشێوەیەک بوو وای کرد، سیستەمی سیاسی لە بەشێک لەم وڵاتانەدا نوێبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت و لە بواری ناسنامەی نەتەوەیی، سیاسی و ئابووری گۆڕانکاریی بنچینەییان تێدا بەدی بکرێت. لەم نێوەدا، ڕۆڵی ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان کاریگەریی زۆریان بەسەر ئەم ئاڵوگۆڕیانەدا جێهێشت. لەوانە، بەشێکیان توانیان بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر کایە سیاسی و سەربازییەکان بەسوودی دیموکراسی تەواوبکەن بەهەموو پێوەرەکان، ئەمە ڕووێکی دیکەی بەشداریی نێودەوڵەتییە لە جەنگە ناوچەییەکان بە تایبەت لەم ڕووداوە گەورانەی کە ڕوویاندا. بێگومان لەم ڕوانگەیەوە، بەشێکی دیکەی وڵاتان چاوەڕوانن کەوا شەپۆلەکانی ئاڵوگۆڕی سیستەمی سیاسی و سەربازی بیانگرێتەوە، بۆیە پێشبینی دەکرێت، ناوچەکە لەم گۆڕانکارییانە بەردەوام بێت و ئاماژەکان وای دەردەخەن، کە ئەم شەپۆلە درێژەی هەیە، بۆیە گرنگە کورد بتوانێت لەم بارودۆخەدا خۆی ئامادەبکات، بەشێوەیەک لەگەڵ گۆڕانکاری و وەرچەرخانە نوێیەکانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگونجێت و چاوی لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بێت بیرمان نەچێت، مێژووی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە رابردوودا بۆ ٢٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. لەو کاتەوە، قۆناغ دوای قۆناغ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکانی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستیپێکرد و تائێستا دیدگای نێودەوڵەتی لەو چوارچێوەیەدایە کە پێویستە دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ دروست بکرێن و چەندین نەخشەڕێگاش بۆ ئەم مەبەستە خراونەتەڕوو، بەڵام مخابن هاوکێشە جوگرافی و جیوسیاسی و پرسی بەرژەوەندیی زلهێزان و چەند فاکتەرێکی ناوخۆیی کورد، وایان کردووە تا هەنووکە کورد لەو ئاڕاستەی دروستبوونی دەوڵەتەدا، پشکی ڕەوای خۆی پێ نەدرێت. ئەگەرچی کوردیش دەستەوەستان نەماوەتەوە و بگرە ئێستاش بە هەموو پێوەرەکان مافی خۆیەتی لەم ڕۆژگارەدا سەرەکیترین ئەرک ئەوەیە، کورد بتوانێت یەکریز و یەکگرتوو بێت و هەمووان پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن کە بە بێ جیاوازی، پارێزەری سەرەکیی خاک و خەڵکی کوردستانە، هەروەها پێشمەرگە توانیویەتی بە کردەوە جوانەکانی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆخۆی بەدەست بهێنێت، هاوکات بۆ هەر ئەگەرێک ئامادەیە کە چاوەڕوان دەکرێت، ڕوویدات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز:
وەزارەتی پێشمەرگە

ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستانی دراوەتێ

سەرنووسەر:
لیوا عوسمان محەمەد مستەفا (ریشە)

جێگری سەرنووسەر:
عمید شوان مەحمود ئەحمەد

سەرپەرشتیاری بەشی راگەیاندن:
عمید ستارعبدالکریم عزیز

سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتیمانی:
عمید محەمەد صدیق حەمەد

بەڕێوەبەری نووسین - راگەیاندن:
عقید رەنج جەعفەر ئەحمەد

بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:
عقید قارەمان مەهدی محەمەد

دیزاین : بلال بکر سید غریب

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەرێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت

(+964) 750 466 1364 Data@mopa.gov.krd (+964) 772 531 5240

لە کۆنفرانسی پزیشکیدا وەزارەتی پێشمەرگە یەکەم سیستەمی دیجیتاڵی چاودێریی تەندروستی لە کوردستان دەستپێکرد
٢

یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی
٤١

دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ کۆڵۆنێل کوپەر، فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا
١٢

چەکە قەدەغەکراوەکان لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا
٤٩

گفتوگۆکانی ئێران ئەمریکا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل
٢٧

خۆبەڕێوەبردن لە گۆڕەپانی شەڕدا
٥٩

لە کۆنفرانسی پزیشکیدا

وەزارەتی پێشمەرگە یەکەم سیستەمی دیجیتاڵی چاودێریی تەندروستی لە کوردستان دەستپێکرد

وەزیری پێشمەرگە:

ئەم بەرنامە ئەلیکترۆنییە بۆ زانین و هەڵسەنگاندنی ئاستی ئامادەیی پزیشکییە لە سەرجەم یەکە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا

● ئامادەکردنی: گۆران ڕەشید

لە هەنگاوێکی بێ وێنە بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی تەندروستی، وەزارەتی پێشمەرگە بەفەرمی ڕایگەیاند کە سیستەمێکی دیجیتاڵی پێشکەوتووی چاودێریی تەندروستیی پێشمەرگەی دامەزراندووە. ئەم پرۆژەیە کە یەکەم جارە بەم شێوەیە لە کوردستان جێبەجێدە کرێت، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە شێوازی کارکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/٢٨ بە ئامادەبوونی شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە و فەریق روکن عیسا عوزێ، سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە و کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و فەریق سیهاد بارزانی فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی و بەڕێوەبەری هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی ئاسیا لە ڕێکخراوی سپێرت ئۆف ئەمەریکا و ئەفسەرانی پلە باڵای وەزارەتی پێشمەرگە، کۆنفرانسی دەستپێشخەری ئامادەیی پزیشکی هێزەکانی پێشمەرگە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وەزیری پێشمەرگە: "هەموو ئەم دەستکەوتانە و زیاتریش بۆ بەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی گەلەکەمانە، کە کوردستان ببێت بە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی و پێشمەرگە ببێتە خاوەن سیستەمێکی نوێی پێشکەوتووی تەندروستی".

بەڕێوەچوو.

لەو کۆنفرانسەدا چەندین وتار لەلایەن ئامادەبووانەوە پێشکەشکران. سەرەتا شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە لە وتارەکەیدا ڕایگەیاند «هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمرۆ هەموومانی لێرە کۆکردووەتەوە. دڵخۆشین لەم ڕێوڕەسمەدا بە دیجیتاڵیکردنی کاروباری پزیشکیی وەزارەتی پێشمەرگە ڕادەگەیەنین، ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.»

گوتیشی «ئەم بەرنامە ئەلیکترۆنییە بۆ زانین و هەڵسەنگاندنی ئاستی ئامادەیی پزیشکییە لە سەرجەم یەکە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا. ڕاستەوخۆ لەم ڕێگەیەوە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پزیشکی لە دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان ئاگاداردەبن.

دەستخۆشی لە بەڕێوەبەر و پزیشکان و کارمەندان و تەواوی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لەم بەرنامەیەدا ڕۆڵی گرنگیان هەبووە و هیوادارم بەردەوام بن و بیرۆکەی نوێ بهێننە ئاراوە کە زیاتر خزمەت بە بواری پزیشکیی سەربازی بکات. ئێمەش لە وەزارەتی پێشمەرگە پاڵپشت و پشتیوانتان دەبین. هەروەها سوپاسی ڕێکخراوی (سپێرت ئۆف ئەمەریکا) دەکەم کە هەمیشە هاوکار و پشتیوانی دڵسۆزانەی وەزارەتی پێشمەرگەن، ڕۆڵی گرنگی دارابیان هەبووە لەم دەستپێشخەرییەدا.»

وەزیری پێشمەرگە ڕاشیگەیاند «ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە لە قۆناغی گەشەسەندن و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتردایە. لەوبارەیەوە خواستی زۆرمان هەیە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پتەوترکردنی ژێرخانی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی ڕۆتینات نەهێڵین و گیروگرفتەکانی بەردەم چاکسازی چارەسەربکەین. هەموو ئەم دەستکەوتانە و زیاتریش، بۆ بەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی گەلەکەمانە، کە کوردستان ببێت بە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی. دڵنیاشبن، بە پشتیوانی ئیرادەی گەلەکەمان و سەرکردایەتی کورد و دڵسۆزانمان لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بە تایبەت ئەمەریکا، دەتوانین سوپایەکی بەهێزی کوردستانی لە ناوچەکەدا بنیات بنێین، کە پارێزەری خەڵک و خاکی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش بێت.»

هەر لە کۆنفرانسەکەدا، ستیڤ بیتنەر کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی

ستیڤ پتنەر

کونسوڵی ئەمەریکا ستیڤ پتنەر: "ماوەی زیاتر لە دە ساڵە لە بواری ڕاهێنانی پزیشکی و بواری جۆراوجۆر یارمەتی پێشمەرگە دەدەین، بۆئەوەی تواناکانی بەهێزبکرێت".

زاك بازی

د. ڕەزا ئیسماعیل سنیار

د. شاخەوان ئەنوەر

کوردستان لەمیانی پێشکەشکردنی وتەکەی ڕایگەیاند «ئامادەبوونتان شایەتی گرنگیی دەستپێشخەرییە بۆ پەیوەندییە بەهێزەکانی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان. هەروەها دەمەوێت ئاماژە بە ڕۆڵی ڕێکخراوی سپێرت ئۆف ئەمەریکا و زاک بازی بەڕێوەبەری هەرێمی ڕێکخراوەکە بکەم، لە هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەدا.»

گوتیشی «ئەمڕۆ ڕۆژی دەستپێکردنی پلاتفۆرمی بەدیجتاڵکردنی پزیشکیی وەزارەتی پێشمەرگەیە. ئەم بەرنامەیەش، چەندین ئەفسەری سەربازی لە بواری تەندروستی لە خۆدەگرێت و لەناو کارەکەدان، تەکنیک و ڕێگای باشیان پێدەدرێت، بۆ ئەوەی زانیاریی کەسیی پێشمەرگەکان تۆماربکەن و سوود لە زانیارییەکان وەربگرن.»

جەختیشکرایەوە «ئەم پلاتفۆرمە بەشێکە لە هەوڵەکانمان بۆ ئەوەی پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە پیشەگەر بکەین. بۆئەو مەبەستە،ماوەی زیاتر لە دە ساڵە لە بواری ڕاهێنانی پزیشکی و بواری جۆراوجۆر یارمەتی پێشمەرگە دەدەین، بۆئەوەی تواناکانی پێشمەرگە بەهێزتربێت و بتوانێت

جێگری بەڕێوەبەری کاروباری تەندروستی وەزارەتی پێشمەرگە: "هەرکاتێك گومانکرا نیشانەی نەخۆشییە گوازراوەکان لە یەکە سەربازییەکان هەن، لەڕێگەی ئەم سیستەمە بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی گشتی ئاگادار دەکرێتەوە".

بەرپەرچی هەڕەشە جیاجیاکان بداتەوە و هەروەها سەرچاوەی پزیشکیی پێویستیان لەبەردەستدا بێت.»

تیمی پزیشکی تایبەت

هەر پەیوەست بەو بابەتە، د. ڕەزا ئیسماعیل سنیار، بەڕێوەبەری کاروباری پزیشکیی گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند «پزیشکی سەربازی یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی هەر سوپایەک کە لە زۆربەی وڵاتاندا تەنانەت لە پێش کەرتی تەندروستیی مەدەنییە، بەو پێیەی جگە لە چارەسەری برینداران لەکاتی جەنگدا، لە کاتی ئاشتیدا بەرپرسە لە چاودێریکردنی تەندروستیی سەرباز و پێشمەرگە، لەڕووی خواردن و ئامادەیی جەستەیی و دەروونی و سەلامەتی پیشەیی.»

ئەوەشی خستەڕوو کە لەسەرەتای دەستپێکردنی پڕۆژەکەدا دوو پزیشکی شارەزا، د. بنار سلێمان شێخۆ و د. ڕەند هادی مەهدی، بە خۆبەخشی بۆ ماوەی سێ مانگ یارمەتی تەکنیکی و ڕاوێژکاری پزیشکیان داوە. هەروەها د. ڕێبین مەحمود ئەحمەد ڕۆڵی تایبەتی هەبووە لە دامەزراندن و دەستپێکردنی پرۆژەکە و هەروەها سوپاس نامەیان پێشکەشکرا.

ئامانجە ستراتیژییەکان

د. ڕەزا ئیسماعیل باسی لەوەش کرد کە پرۆژەکە لەسەر پێنج ئامانجی سەرەکی دامەزراوە کە لە بەڵگەنامە فەرمییەکەدا بە وردی هاتووە:

یەکەم - پاراستن لە نەخۆشییە گوازراوەکان: سیستەمەکە توانای خێرای دۆزینەوەی حاڵەتەکانی هەیە و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەیان دەکات. ئەمە بە تایبەتی لە ژینگەی سەربازیدا گرنگیی زۆری هەیە کە کەسانی زۆر لە شوێنێکی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

سنووردار دەژین.

دووەم - دروستکردنی ژینگەی تەندروست: بەرنامەکە کۆمەڵە ڕێنماییەکی ڕوون بۆ پاراستنی ستانداردەکانی پاکێتی و تەندروستی لە یەکە سەربازییەکان دەخاتەڕوو.

سێیەم - بەرزکردنەوەی هۆشیاری: فێرکردنی هێزەکان لەسەر ئەگەری خۆپارێزی و تەندروستی کەسی، ئەمەش لە ڕێگەی بەرنامەی ڕاهێنانی بەردەوامەوە جێبەجێدەکرێت.

چوارەم - ستانداردکردنی ڕێنماییەکان: یەکخستنی هەموو ڕێنماییە پزیشکییەکان لە تەواوی یەکە سەربازییەکان بە یەک شێوە.

پێنجەم - چاودێریی کاریگەر: دانانی سیستەمێک بۆ پێوانەکردنی کاریگەریی ڕێنماییەکان و باشکردنی بەردەوامیان.

هەروەها جەختی لەوە کردەوە «پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە بۆ تەندروستی پێشمەرگە خاڵێکی وەرچەرخانە بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری تەندروستی هێزی پێشمەرگە و هەنگاوێکی سەرەکی بەدیجیتاڵبوونی سیستەمی تەندروستییە لە هەرێمی کوردستان، بۆ لایەنی سەربازی و تەنانەت بۆکەرتی گشتیش.»

بەڕێوەبەری کاروباری پزیشکیی گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە ئاشکراشی کرد کە پرۆژەی ئامادەیی پزیشکیی سەربازی دەگاتە هەموو فیرقە و لیوا و هێزەکانی پشتیوانی و بنکەکانی مەشق و کۆلێژی ئەرکەکان و چەندین یەکەی دیکەی وەزارەتمان. ئەمە بۆ یەکەمجارە لە کوردستان سیستەمی تەندروستیی دیجیتاڵی لەو شێوەیە دابنرێت، کە ئەمەش ڕچەشکێنەرێکی دڵخۆشکەرە بۆ بەرەوپێشچوونی تەندروستیی پێشمەرگە.

هەروەها گوتی: «ئەم سیستەمە بەخاڵێکی وەرچەرخانی ڕێکخستنەوە و بەگەڕخستنی کاروباری پزیشکی لە وەزارەتی پێشمەرگە دادەنرێت و توانای پزیشکیان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش دەبات، بە تایبەتی لەکاتی ئێستا کە پێشمەرگەی کوردستان خاوەنی بیمەی تەندروستییە، ئەمەش وا دەکات بارگرانی خەرجیە پزیشکییەکانی سەر شانی پێشمەرگە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بێتەوە، پێشمەرگەکان چیتر لەخەمی تێچووی چارەسەرکردنی خۆیان نین.»

هەر لەبارەی سیستەمی دیجیتاڵی تەندروستی ڕوونیکردەوە « ئێستا بۆ مەشق و ڕاهێنانی پزیشکی، سیستەمی پێشکەوتوو و پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانان، بەشێوەیەکی سەردەمیانە لەکاردایە. ئەویش لەڕێگای ناوەندی مەشقی پزیشکی کە بەسوپاسەوە لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە پاڵپشتی دەکرێت، کە دواتر پێشمەرگەکانمان قۆناغی سەرەتایی مەشقی سەربازی فێردەبن، کە تێدا ڕادەهێنرێن کە چۆن ژیانی هاوڕێی خۆیان لە کاتی برینداربوون ڕزگاربکەن و بیانگوازنەوە بۆ لایەنی چارەسەرکار.»

د. ڕەزا ئیسماعیل جەختی لەوەش کردەوە کە مەشقی پزیشکیی سەربازی ماوەی یەک ساڵ دەخایەنێت، ئەویش بۆ پێگەیاندنی پۆلێک پێشمەرگەی پڕ لە زانستی پزیشکی سەربازیی سەردەمیانە، کە بەخۆشحاڵییەوە لە کۆتایی ئەمساڵدا (٨٥) پارامیدیکی سەربازی بەتوانامان دەبێت.

سیستەمی MRMS -و تایبەتمەندییەکان

دواتر د. شاخەوان ئەنوەر، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری پزیشکی لە وتەکەی خۆیدا ڕایگەیاند کە سیستەمەکە بە ناوی Military Readiness (Medical System (MRMS ناسراوە و چەندین تایبەتمەندیی پێشکەوتووی

هەیە. روونی کردەوە: سیستەمەکە لەسەر تابلێت کاردەکات و زانیاریی راستەوخۆ بۆ ناوەندی سەرەکی دەنێرێت. کاتێک فۆرمێک پڕدەکرێتەوە، ئەو زانیارییانە بە شێوەی ئەلیکترۆنی و بەبێ دواکەوتن دەگاتە بەڕێوەبەرایەتی کاروبارە پزیشکییە گشتییەکان.

د. شاخەوان ئەنوەر ئەوەشی خستەڕوو کە یەکێک لە تایبەتمەندییە نوێکانی سیستەمەکە، پرۆسەی چاودێریی دوولایەنەکەیەتی. فۆرمەکان لە ماوەی حەوت رۆژدا پێویستە بەرپرسی یەکە سەربازییەکە پەسەندی بکات. ئەگەر پەسەند نەکرا، پەیوەندیی راستەوخۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کاروبارە پزیشکییەکان دەکرێت بۆ چارەسەری کێشەکە.

هەروەها روونیکردەوە، سیستەمەکە لە شەش فۆرمی جیاواز پێکهاتووە: کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

١.تەندروستی گشتی: هەڵسەنگاندنی گشتیی حاڵەتی تەندروستی هێزەکان.

٢.پرۆفایلی پزیشکی: تۆمارکردنی مێژووی پزیشکی هەر کەسێک.

٣.ڕاهێنانی پزیشکی: چاودێری ئاستی ڕاهێنان و ئامادەیی پزیشکی.

٤.لۆجستی پزیشکی: بەدواداچوونی کەلوپەل و پێداویستییە پزیشکییەکان.

٥.ئامادەکاری بۆ ناکاوەکان: پلانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حاڵەتە لەناکاوەکان.

٦.نەخۆشییە گوازراوەکان: سیستەمی ئاگاداریی زوو بۆ دۆزینەوە و ڕێگریکردن.

قۆناغەکانی پرۆسەی کارکردن

جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری پزیشکی، هەر سەبارەت بەم سیستەمە باسی ئەوەی کرد کە پرۆژەکە پلانی ڕوونی هەیە بۆ جێبەجێکردن. بەرپرسی پزیشکی هەر یەکەیەک ئەرکی سەرەکی هەیە لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان. کاتێک ڕێبەرەکە دەگاتە یەکەیەک، بەرپرسەکە دەبێت لە یەکەم هەنگاودا هەڵسەنگاندنێک بۆ ئاستی ئامادەیی یەکەکە ئەنجام بدات.

قۆناغی یەکەم: وەرگرتنی ڕێبەرەکە و خوێندنەوەی وردەکارییەکان.

قۆناغی دووەم: هەڵسەنگاندنی ئاستی ئامادەیی و دیاریکردنی کەمتەرخەمییەکان

قۆناغی سێیەم: دەستپێکردنی بەکارهێنانی سیستەمە دیجیتاڵەکە.

دواتر، زاک بازی، بەڕێوەبەری هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی ئاسیا لە ڕێکخراوی سپێرت ئۆف ئەمەریکا لە وتەیەکدا گوتی «ئەمڕۆ ئێمە بە دڵخۆشی و پارێزراوی لێرە کۆبووینەتەوە، کە خۆیان شاهیدن لەسەر قوربانیدان و بوێری ژنان شان بەشانی پیاوان لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا».

گوتیشی «لەکاتێکدا ئێوە کار دەکەن بۆ ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە نوێبکەنەوە و دووبارە پەیکەری وەزارەت و هێزەکان ڕێکبخەنەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ چەرخی سەدەی بیست و یەک بگونجێت، ڕێکخراوی سپێرت ئۆف ئەمەریکا لەگەڵتان دەمێنێتەوە و هاوکارتان دەبێت و هەوڵدەدات دەرفەتی مەشق و ڕاهێنان لە ئەمەریکا بۆ هێزی پێشمەرگە بەرەخسێنێت.»

بەڕێوەبەری هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندی ئاسیا لە ڕێکخراوی سپێرت ئۆف ئەمەریکا ڕاشیگەیاند «لەئەنجامی چەندین ساڵ کارکردنمان بەیەکەوە لەگەڵ پێشمەرگە، هاوبەشییەک دروستبووە، کە پڕە لەگیانی بەیەکەوە کارکردن. ئەم بەیەکەوە کارکردنە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە وا دەکات لەڕووی تەکنەلۆجیاوە، کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوە لەسەر پێشمەرگە و کاروباری پێشمەرگە ئاسانتربێت، ئەمەش لەئەنجامی سەرکردایەتی و پیشەگەرایەتی هاوڕێیان و تیمەکانمانە بە هاوبەشی لەگەڵ پێشمەرگە.»

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

یاساکانی مرۆیی نێودەوڵەتی

ئاشنابوون، خول و وۆرکشۆپی بەردەوام

● ئامادەکردنی: رائد بارزان ڕوستایی

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی (KCIL)ناوەندێکی ئەکادیمیی کوردی-ئەڵمانی، دامەزراوەیەکی ناحکومی، ناسیاسی، سەربەخۆیە کە لە ساڵی ٢٠٢١ەوە لە پێشخستنی چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە. ئەم ناوەندە وەک پردێکی پەیوەندیی نێوان یاسای نێودەوڵەتی و بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا، بە دیدێکی مرۆیی و زانستییەوە کاردەکات.

ناوەندی کوردستان، لە ماوەی کارکردنیدا توانیویەتی چەندین دەستکەوتی گرنگ بەدەستبهێنێت، وەک ئامادەکردنی چوار ڕێبەری گرنگ: ڕێبەری یاسای پێکدادانی چەکداری تایبەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ڕێبەری ئازادی ئایین و بیروباوەڕ لە هەرێمی کوردستان. ڕێبەری دادگایی دادپەروەرانە و ڕێبەری یاسای تاوانی نێودەوڵەتی.

ناوەندی کوردستان، بە ئامانجی ئاشناکردنی فەرماندە پلەبەرزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، لە ساڵی ٢٠٢٣ هەوڵەکانی خۆی دەستپێکردووە. لە دەستپێکدا، لە ڕێگای شارەزایانی ناوەند و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەوە، ڕێبەری یاسای پێکدادانی چەکداری تایبەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئامادەکردووە.

ئەم ڕێبەرە هەموو یاسا بەرکارەکانی بواری سەربازی و پێکدادانی چەکداری لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا و گۆڕانکارییەکانی لە ساڵی ١٩٤٠ەوە تاکو ساڵی ٢٠١٧ تاوتوێی کردووە. هەروەها ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی کە عێراق تێیدا ئەندامە و عێراق و هەرێمی کوردستان پابەندن پێیەوە و بنەما گرنگەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی تێیدا جێگیرکراونەتەوە.

لەسەر بنەمای ڕێبەری یاسای پێکدادانی چەکداری تایبەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٢٣ لە پارێزگای سلێمانی، وۆرکشۆپێک بۆ پۆلێک لە فەرماندە بەرزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە گرێدرا. پاشان لە ساڵی ٢٠٢٤، لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی راگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی، (٤٤) فەرماندە و ئەفسەری بەرز، خولی ڕاهێنانیان لەلایەن ئەم ناوەندەوە بۆ ئەنجامدراوە کە پەیوەندیدار بووە بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و بەرپرسیارێتییەکانی فەرماندە لە ڕوانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە.

لەدواین هەوڵیشیدا، ناوەندی کوردستان بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان (KCIL) بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاریی نیشتمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و هۆشیاریی نیشتیمانیی

ئەفسەرانی بەشداربوو ئاشنابوون بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، تاوانەکانی جەنگ، بەرپرسیارێتی فەرماندەکان، پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی مەدەنی، کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە کاتی جەنگ و پێکدادانی چەکداریدا.

وەزارەتی پێشمەرگە، لە رۆژی ١٢ی ئایاری ٢٠٢٥ لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی لیوا روکن بەختیار محەممەد سدیق، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە و لیوا عوسمان محەممەد مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی، وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژەی بۆ (٢٢) ئەفسەری بەشە جیاوازەکانی وەزارەتی پێشمەرگە تایبەت بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، تاوانەکانی جەنگ، بەرپرسیارێتی فەرماندەکان، پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی مەدەنی و کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر تاوانە نێودەوڵەتییەکان لە کاتی جەنگ و پێکدادانی چەکداری بەڕێوەبرد.

لە دەستپێکدا، وۆرکشۆپەکە بە ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستیپێکرد. دواتر هاوڕێ سەردار وەک ناساندن، پوختەیەکی دەربارەی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی باسکرد. پاشان عەمید محەممەد سدیق بەڕێوەبەری هۆشیاریی نیشتمانی، لە وتەیەکدا دەستخۆشی لە ستافی ڕێکخەرانی ناوەندی کوردستان کرد بۆ هەماهەنگیکردنیان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و پرۆژەیان بۆ ئەنجامدانی ئەم وۆرکشۆپە.

لیوا روکن بەختیار محەممەد سدیق، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، لە وتەیەکدا ئاماژەی بەوە دا کە وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر ئەرکە مرۆییەکانی بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی سڤیل بەردەوام دەبێت. هەروەها گوتی، پێشمەرگە لە گرنگیدان بە پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ناوەندی کوردستان بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان، ڕێبەری یاسای پێکدادانی چەکداری تایبەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دەرکردووە

مرۆڤ، هەمیشە ڕەچاوی پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی کردووە.

ئەمینداری گشتی لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوەکرد «پێشمەرگە، لە کاتی جەنگەکاندا تەنانەت یارمەتی بریندار و نەخۆش و دیلەکانی جەنگی داوە، لەو شوێنانەی کە ئازادی کردوون، گیانی خەڵکی سڤیلی لە مەیدانی جەنگدا پاراستووە، ئەرکی مرۆییانەی جێبەجێ کردووە.»

پاشان لیوا عوسمان محەممەد بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، لە وتەیەکدا، سوپاسی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی (KCIL)ی کرد بۆ هەماهەنگیکردن و ڕێکخستنی ئەم جۆرە چالاکییانە، کە لە پێشخستن و بەرزکردنەوەی توانستی بیری هێزی پێشمەرگە و زیاتر ئاشناکردنیان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت لە کاتی جەنگ و ململانێ سەربازییەکاندا ڕۆڵی دەبێت.

هەروەها بەڕێوەبەری گشتی، بەردەوامبوونی ئەم جۆرە چالاکییانەی بە پێویست زانی، بۆ ئەوەی وەک هەمیشە و لەڕووی یاساییەوە بە شێوەیەکی کاریگەر، پێشمەرگە پابەندییەکانی خۆی بە ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان دووپات بکاتەوە.

ناوەڕۆکی وۆرکشۆپ و دەرەنجامەکانی

لە هەردوو ڕۆژی وۆرکشۆپەکەدا، چەند وانەیەک پێشکەش بە بەشداربووان کراوە، لەوانە: ڕێبەری یاسای پێکدادانی چەکداری، ڕوانینێک سەبارەت بە چەمکەکانی سنووردارکردن، ڕێژەگەرایی و نیازپاکی لە کردە سەربازییەکان، بەرپرسیاریەتی سەرباز و فەرماندە لە تاوانە جەنگییەکان و جۆرەکانی تاوان لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا. هەروەها باسی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی سڤیل لە کاتی شەڕ و ململانێ سەربازییەکان و پابەندبوونی هێزە سەربازییەکان بە یاساکانی جەنگ کراوە.

کۆی وانە و بابەتەکان پوختەیەکی پڕسوودی یاسا نێودەوڵەتییەکان بوون، لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی یاسایی ئەفسەران و بەرەوپێشبردنی هۆشیاریی یاسای مرۆیی لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا.

لە میانەی وۆرکشۆپەکەدا، لەلایەن ئەفسەرانی بەشداربووەوە، لەسەر ئەو بابەتانە پرسیار و سەرنجی جیاجیا خرانەڕوو. هەروەها لەنێوان بەشداربووان و وانەبێژان ڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆکردنی زانستی و بایەخدار هەبوو.

لە کۆتاییدا، بڕوانامەی بەشداربوون بەخشراوەتە ئەفسەران و هاوکات داواکرا ئەو بابەتانەی گوتراونەتەوە، بگوازرێنەوە بۆ ناو یەکەکان و بکرێنە وانەیەک لە پرۆسەکانی هۆشیاریی مرۆیی و یاسایی، بەو ئامانجەی پێگە و ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان لە پابەندبوون و بایەخدان بە یاسا و ڕێسا مرۆیی و جەنگییە نێودەوڵەتییەکاندا بەرچاوتر ببێت و وەک هەمیشە، پێشمەرگە ئەرکی سەرشانی خۆی بە جێبەجێکردنی بڕگە و پرەنسیپە جیهانییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە ئەستۆ بگرێت و بەردەوام بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لە کاتی ململانێ و پێکدادانی چەکداریدا جێبەجێ بکات.

لە شەش مانگی یەکەمی ئەم ساڵدا

٣٢٣٠ ئەفسەر و کارمەندی هێزەکانی پێشمەرگە بەشداری ١٥١ خولی مەشقی سەربازیی جۆراوجۆریان کردووە

● ئامادەکردنی: گۆران ڕەشید

لە هەنگاوێکی بەرچاو بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەکاری سەربازی، بەڕێوبەرایەتی مەشقی سەربازی کە سەر بە فەرمانگەی مەشق و ئۆپراسیۆنەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانە، لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا ١٥١ خولی جۆراوجۆری مەشقی سەربازی ڕێکخستووە کە ١٢٥٣ ئەفسەر و ١٩٧٧ کارمەند بەشداریان کردووە.

بە پێی پلانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، لە سەرەتای هەموو ساڵێک بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان، کۆلیژی ئەرکان و بنکەکانی مەشق و بەڕێوەبەرایەتییەکان، لەژێر سەرپەرشتی فەرمانگەی مەشق و ئۆپراسیۆنەکانی سەرۆکایەتی ئەرکان، بەرنامەی مەشقی خۆی دادەڕێژێت.

ئەم پلانە مەشقییە لە سەر سێ ئاست جێبەجێ دەکرێت: یەکەمیان خولەکانی بنەڕەتی و پێشکەوتوو بۆ ڕشتەکانی پیادە، کارگێڕی، تۆپهاوێژی، ئەندازەی سەربازی. دووەم، ئەو خولانەیە کە هاوپەیمانان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازیی بۆ ئامێرە سەربازییەکان و چەکی پێشکەوتوو دەیکەنەوە کە هاوپەیمانان دەیبەخشنە هێزی پێشمەرگە. سێیەمیان، خولی ڕۆشنبیری هوشیاری و فکری و هزرین.

گرنگی و بایەخی مەشقەکان

مەشقی سەربازی، لە بەرزکردنەوەی توانای جەستەی و شەڕکردنی پێشمەرگە گرنگی تایبەتی هەیە. هەر هێزێک تاوەکو مەشق و ڕاهێنانی جەستەیی زیاتر بێت، ئەنجامی سەرکەوتنەکانی لە مەیدانی جەنگ مسۆگەرترە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی لە چەندین بواردا لە مەشق پێدانی چڕی هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامە.

ئامارەکانی خولە پراکتیکییەکان بەڕێوبەرایەتی میرەی گشتی

بەڕێوەبەرایەتی میرەی گشتی ١٤ خولی جۆراو جۆری بۆ یەکەکانی پێشمەرگە ئەنجام داوە لە بوارەکانی: بەڕێوەبردنی کۆگاکان و تەقەمەنی، ئیدامەی فیتەری و گەشەپێدان، خولی چەکی جۆراوجۆر کە ٦٣ ئەفسەر و ١٢٢ کارمەند لە کۆی خولەکاندا بەشدارییان کردووە.

بنکەی مەشقی پیادەی کەرکووک

بنکەی مەشقی پیادەی کەرکوک ١٩ خولی جۆراو جۆری ئەنجامداوە کە بریتین لە: خولەکانی چەک و فەرماندەی دەستە، ، ئەفسەری پۆل، ئیم کەی ١٩، خولی ڕشتەی پیادە و کە تیایدا ١٢٩ ئەفسەر و ٣١٠ کارمەند بەشداربوون.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بنکەی مەشقی دهۆك

بنکەی مەشقی دهۆک ٢٤ خولی کردووەتەوە کە بریتین لە خولەکانی: هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی شەڕی ناوشاخ، ڕاهێنەری و فەرماندەی دەستە، کە ٢٦١ ئەفسەر و ٣٤٤ کارمەند بەشداریان کردوە.

بنکەی مەشقی سلێمانی

بنکەی مەشقی سلێمانی ٣٥ خولی جۆراو جۆری کردووەتەوە. ئەوانەش: خولەکانی مەشقی تەکنیکی، مامەڵەکردن لەگەڵ برینداری مەیدانی جەنگ، خولی بیکەیسی، ڕاهێنانی شەڕی ناو شار، چەکی جۆراو جۆر و هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی کە تیایدا ٩٣ ئەفسەر و ٥٨٥ کارمەند بەشداربوون.

فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی دوو

فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی دوو، ٢٢ خولی جۆراوجۆری کردووەتەوە کە بریتی بوون: لە خولەکانی شوفێری و ئیدامەکردن بۆ تانکەکان و پەرەپێدانی بۆ ئەفسەرانی زریپۆش و پیادەی ئالی زریپۆش ئامادەکاری، خولی فەرماندەیی بۆ ئەفسەرانی تۆپخانەی دژە ئاسمانی، خولی چاندن و هەڵگرتنەوەی کێڵگەی مین و چەندین خولی تر کە ٢٠٧ ئەفسەر و ٣٤١ کارمەند بەشدار بوون.

فێرگەی مەشقی پڵنگەکانی زێرەڤانی

فێرگەی مەشقی پڵنگەکانی زێرەڤانی ٧ خولی جۆرا و جۆری کردووەتەوە کە بریتین لە: خولی پلانی تەکنیکی چەک، ڕاهێنەری کۆماندۆ، ڕاهێنەری شەڕی ناوشار، هۆشیاری مین و تەقەمەنی کە تێیدا ٥٦ ئەفسەر و ٧٥ کارمەند بەشدار بوون.

بەڕێوەبەرایەتیە پسپۆڕییەکان

بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان خولەکانی بەرگریی مەیدان، مامەڵەکردن لەگەڵ مین و ڕشتەی ئەندازەی سەربازی بەڕێوەبردووە، ٤٥ ئەفسەر و ٢٣ کارمەند بەشدارییان کردووە.

بەڕێوبەرایەتی گەیاندن

بەڕێوبەرایەتی گەیاندن ٢ خولی کردووەتەوە کە خولەکانی سیستەمی دی ئێم ئاڕ و ڕشتەی گەیاندن کە ١٥ ئەفسەر بەشداربوون.

بەڕێوبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری

بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری ٢ خولی کردووەتەوە کە خولەکانی ڕشتەی ئایتی وکۆمپیوتەری ئایتی، ٢٥ ئەفسەر و ٢٠ کارمەند بەشدار بوون.

خولە تایبەتەکان

کۆلێژی سەرکردایەتی هاوبەشی بەغدا: ٢ خولی سەرکردایەتی بۆ ٢١ ئەفسەر کردووە.

کۆلێژی ئەرکان بەغدا: خولی ئەرکانی هاوبەشی بۆ ٢٠ ئەفسەر کردووەتەوە.

خولە تەکنیکییەکانی دیکە:

- بەڕێوبەرایەتی چاکسازی خولی پڕۆگرامی کۆمپیوتەری ئایتی کردووەتەوە کە ٧ کارمەند بەشدار بوون.
- بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی، خولێکی ئایتی و کۆمپیوتەری بۆ ١٠ کارمەند کردەوە.



دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ کۆڵۆنێڵ کوپەر، فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا

هاوکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی داعشەوە تا پرۆسەی چاکسازی

ئا: عمید ستار عبدالکریم

ئەڵمانیا وەک یەکێک لە وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، ڕۆڵی گرنگی لە هاوکاریکردنی وەزارەتی پێشمەرگە لە چەندین بواری گرنگ و جیاوازدا هەیە. ئەم ڕۆڵە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای جەنگی داعش و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییەوە تا ئێستا. ئەم هاوکاریی و هاوئاهەنگیانەی کە هەیە، لە هەنگاوەکانی دوای دروستبوونی لێکتێگەیشتن لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی ئەڵمانیایە بە ئامانجی بەهێزکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بە هەموو بەڕێوەبەرایەتی و یەکە سەربازییەکانییەوە.

بۆ ئەم مەبەستە گۆڤاری پێشمەرگە بە پێویستی زانی، گفتوگۆیەک لەگەڵ کۆڵۆنێڵ کوپەر، فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا بکات و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو کار و چالاکییانە بێت کە هێزەکانی ئەم وڵاتە لە چوارچێوەی پرۆژەکانی چاکسازی و گەشەپێدانی تواناکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کارنامەی کارەکانیاندایە.

گۆڤاری پێشمەرگە: سەرەتا مەبەستمانە بزانین هێزەکانی ئەڵمانیا لە کام بوارانەدا هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن؟

کۆڵۆنێڵ کوپەر: ئێمە بە درێژایی چەندین ساڵ لە پشتگیری و یارمەتیدانی هێزەکانی پێشمەرگە هاوکار و چالاک

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بووین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای جەنگی داعش، تا ئەمڕۆش لە هەرێمی کوردستانین. لە تەواوی بوارە جیاجیاکان، کەلوپەل و کەرەستەی پێویستمان دابینکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ئێمە زیاتر لە بواری ڕاوێژکاریدا هاوکاریی پرۆسەی چاکسازی دەکەین.

بێگومان زۆر لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئێمە ئەوانەن کە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق جێبەجێیان دەکەین. زۆربەی چالاکییەکانیش لە ئەڵمانیاوە ڕەزامەندیی بۆ دەردەچێت، بۆ نموونە، سەردانە فەرمییەکان لە هەرێمەوە بۆ ئەڵمانیا.

مەبەستم ئەوەیە، میتۆدی کاری ئێمە ئێستا، وێڕای دابینکردنی کەلوپەل و ڕاهێنانەکان، ڕاوێژکاریشیان پێشکەش دەکەین. ئێمە لە پرۆژەکانی پرۆسەی چاکسازی بەرپرسیارێتی چوار پرۆژەمان لە ئەستۆگرتووە کە تێیاندا کاردەکەین و بەردەوامین. ئەوانیش بریتییە لە: بوارەکانی لۆجستی، پزیشکی، میدیا و (میدیای سەربازی) کە ئێستا لێرەین بۆ بەرەوپێشبردنی ئەفسەرانی پۆل (HCO) لەڕووی دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانەوە.

کۆلۆنێل کوپەر ڕوونیشی کردەوە: خەرجیی ئەم ئەرکانە لەلایەن هەردوو وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا بۆ ئەو پرۆژانەی کە ئێمە لێرە بە گرنگ و پێویستیان دەزانین، دابیندەکرێت. بۆ نموونە، دابینکردنی دووربینی شەوانە کە لە ڕابردوودا پێشکەشمان کرد و لەگەڵ ئەوەشدا چاکردنەوەی بەشی سووتەمەنی بنکەکانی ئەسنادی دهۆک و سلێمانی. هەروەها بنیادنانی بینایەکی چێشتخانە بۆ نەخۆشخانەی پێشمەرگە.

باسی لەوەش کرد کە، هاوکات، لە چەند بواری دیکە بە هەمان شێوە چالاکین و زۆر بە گرنگیان دەبینین. بۆ نموونە، بەشی سەنتەری زمانمان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە کردووەتەوە تا کارئاسانییەک بێت بۆ ئەو کەسانەی بەشداریی خول لە ئەڵمانیا دەکەن، بۆ ئەوەی پێش چوونیان بۆ ئاڵمانیا، فێری زمانەکە ببن.

کۆلۆنێل کۆپەر جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە یەکێک لە گرنگترین کارەکانیان، ڕاوێژکاری ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خودی دیوانی وەزارەتی پێشمەرگەیە.

گۆڤاری پێشمەرگە: لە نێوان ئێوە وەک هێزەکانی ئەڵمانیا و وەزارەتی پێشمەرگە هیچ لێکتێگەیشتنێکی فەرمیی واژۆکراو بۆ هاوکارییەکان هەیە؟

کۆلۆنێل کوپەر: ئێمە هاوبەشێکین لە هاوپەیمانەتی نێودەوڵەتی. بوونی ئێمە لێرە، بە هەمان شێوەی بوونی چەند هێزێکی دیکەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق، کە لەسەر بنەمای هاوپەیمانەتی لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە و ڕۆڵ دەبینن.

سەبارەت بە ڕێککەوتنی دوولایەنە لە نێوان ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان یاخود عێراق، ئێمە و دامودەزگاکان هیچ ڕێکەوتنێکی دوولایەنەمان نییە، بەڵام لەڕووی پرۆژە و چالاکی تر کە پێشکەشی دەکەین، جا چ دابینکردنی کەلوپەل یان ناردنی بێت، یاخود دروستکردنی بینا یان بنیادنانی ژێرخان بێت، ئێمە دوولایەنە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە تاوتوێی دەکەین. بەشەکان و بەرپرسیارییەتی و ئامانجەکانی هەر پرۆژەیەک بەیەکەوە دیاری دەکەین.

گۆڤاری پێشمەرگە: هیچ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ کۆتاییهێنانی ئەرکەکانتان و بەردەوامبوون لە ناردنی هاوکارییەکانی ئەڵمانیا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە هەیە؟

کۆلۆنێل کوپەر: من دەمەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە دابەش بکەم بەسەر دوو بنەما و دوو بەش. بەشێکیان لەسەر

«کۆلۆنێل کوپەر:
"ئێمە هاوبەشێکین لە هاوپەیمانەتی نێودەوڵەتی، بوونی ئێمە لێرە، بە هەمان شێوەی بوونی چەند هێزێکە لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە لەسەر بنەمای هاوپەیمانەتی لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە و ڕۆڵ دەبینن".

ئاستی نەتەوەییە، وەک نەتەوەی ئەڵمانیا، بەشەکەی دیکەش نێودەوڵەتییە کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانەتی لێرەدا بوونیان هەیە، بە پێی مانەوەی ئەم هێزانە، ئەڵمانیا دەتوانێت بڕیاری لەسەربدات.

گۆڤاری پێشمەرگە: واتا بە درێژایی مانەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، مانەوەی هێزەکانی ئەڵمانیاش لەوچوارچێوەیەدا دەمێننەوە؟

کۆلۆنێل کوپەر: نەخێر، دەبێ بنەمایەک هەبێت کە ئەویش مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانە لێرە و لە ناوچەکە، کاتێک ئەمە بەردەست بوو، ئەو کاتە دێتە سەر ئاستی نەتەوەیی خودی ئەڵمانیا کە دواتر وەڵامی تەواو بۆ ئەوە هەیە، ئینجا دەتوانرێت قسە لەسەر ئەوە بکرێت ئایا وڵاتەکەمان بەشدار و هاوبەش دەبێت لەم هاوپەیمانەتییە یان نە.

گۆڤاری پێشمەرگە: ئێمە زۆر جار گوێبیست دەبین کە پەرلەمانی ئەڵمانیا بڕیاری بە مانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان دا. ئایا جگە لە مانەوەی هاوپەیمانەتییە نێودەوڵەتییەکە، خودی ئەڵمانیا لێرە دەمێنێتەوە؟

کۆلۆنێل کوپەر: ئەمە بەشە نەتەوەییەکەی خودی ئەڵمانیایە کە لە ناوخۆی وڵات دەبێت بڕیار لەسەر

درێژەپێدانی مانەوەی هێزەکانی بدرێت. ئەویش بە پێی ئەو داواکارییە نووسراوەی بە ناوی (مەندات) کە هێزی سەربازیی ئەڵمانیا، بۆ پەرلەمانی وڵات پێشکەشی دەکات. تێیدا، بە وردی باس لە ژمارە، جۆری هێزەکە، توانا و ئەرکەکانیان دەکرێت.

کاتێک زۆرینەی پەرلەمان دەنگیان بە بەڵێ دا، ئەو کات دەتوانن بە پێی ئەو گرێبەستە، کارەکان لێرە جێبەجێ بکەن و بمێننەوە. بۆ نموونە، ئەم ساڵ گرێبەستەکە تا کۆتایی مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٦ درێژکرایەوە. پێم وابێت ئەمە تایبەتمەندییەکە کە هێزەکانی ئەڵمانیا بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هەیەتی.

(کۆلۆنێل کوپەر، نموونەیەک لەو (مەندات)ی بۆ بریاری درێژەپێدانی مانەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا لە ناوچەک پێ نیشان داین.)

گۆڤاری پێشمەرگە: وەزارەتی پێشمەرگە ئێستا لە قۆناغی پرۆسەی چاکسازییدایە، ڕۆڵی ڕاوێژکارانی ئەڵمانیا لەم پرۆسەیەدا چۆن دەبینی؟

کۆلۆنێل کوپەر: دەمەوێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە تۆزێک فراوانتر قسەی لەسەر بکەم. دەمەوێ بیبەستمەوە بە بابەتێکی جیاواز کە خۆی لە هەمان پرۆسەدا دەبینێتەوە. بۆ نموونە: کۆمپانیایەک لە ئەڵمانیا دەیەوێت چاکسازییەک لە ناوخۆی کۆمپانیاکەدا بکات. لە کاتی وادا، کۆمپانیای دیاریکراوی ڕاوێژکار هەن، دێن شیکاری بابەتەکان و کێشەکان دەکەن و دواتر ڕێگەچارەش دادەنێن. بۆ ئەم ڕاوێژکارییەش برە پارەیەکی زۆریشان دەوێت، بۆیە بۆ دۆزینەوەی گرفت و کێشەکان و چارەسەریان، بەدواداچوونێکی زۆر چڕ و پڕ دەکەن و لە کەسانێکی زۆر زۆر شارەزا و لێهاتوو کەلک وەردەگرن.

لێرەدا خاڵی دووەمیش هەیە کە کۆمپانیاکە تەنیا ڕاوێژی دەوێ و ڕێگەچارەکە خۆی دەیدۆزێتەوە. ئێمەش لێرە بەشێکین لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کە لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەی ناو هاوپەیمانییەکە هاوئاهەنگیمان هەیە لەسەر ئەو ڕاوێژکارییەی پێشکەشی دەکەین و ڕاوێژکارەکانیشمان کەسانی بە ئەزموونن، دێنە وەزارەتی پێشمەرگە و بە پێی ئەو شارەزاییەی هەیانە، ڕاوێژکاری پێشکەش دەکەن.

ئێمە تەنیا ڕاوێژکاری دەکەین و بڕیاردان لە لایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە دەبێت، کە چۆن و چی و لە کوێ و بە چ شێوازێک پلانی بۆ دایدەڕێژن و ئەنجامی دەدەن. پێموابێت ئێمە تاکە هێزین لە ناو

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا کە ئۆفیسی تایبەتی خۆمان لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەدا هەبێت و هەموو کات ئەفسەری پەیوەندیی ئێمە بەدرێژایی ڕۆژ لە ئەرکدایە.

گۆڤاری پێشمەرگە: تا چەند وەزارەتی پێشمەرگە لە پرۆسەی چاکسازیدا هاوکارە؟ پەیامی ئێوە بۆ فەرماندەکانی ئێمە چییە؟

کۆلۆنێل کوپەر: بە دڵنیاییەوە وەزارەتی پێشمەرگە ڕۆڵێکی زۆر زۆر گرنگ و تایبەتی لەم پرۆسەیەدا هەیە، بەلام ئالنگاریی گەورە لە ئارادایە، ئەویش لە کاتێکدا هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەک ئەرکەکانی خۆیان لە پاراستنی وڵات لەسەر سنوورەکان و لەسەر خەتی تەماس جێبەجێ دەکەن، لە هەمان کاتدا، لە وەزارەتیشەوە فەرماندەییان دەکرێت. یان هێزیشی لێیە کە لەلایەن هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ فەرماندەیی دەکرێن، لەگەڵ ئەوەی کە ئەمان ئێستا لە ئەرکدان، پێکهاتە و پەیکەریان گۆڕانکاری بەسەردادێت. ئەم دوو کارە لە یەک ئاستدا بە هاوتەریبی دەکرێن کە خۆی لە خۆیدا ئالنگارییە.

هاوکاری و بوون پشتگیریی ئەڵمانیا زۆر زیاترە لەوەی ئێمە لەڕووی سوپاس و سەربازییەوە بیانبینین

بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوبردنی ئەم پرۆسەیە، بەڕێوبەرایەتی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە دامەزرا کە ئەمە کارەکانی سنووردارتر کردووە.

لە کۆمپانیا یان ڕێکخراوێکدا کە دەزانن زەحمەت و ئەستەمە بۆخۆیان چاکسازی بکەن، زۆر گرنگە لایەنێکی دیکەی سەربەخۆ بێتە ناو کۆمپانیاکە و لەوێ پلانێک بۆ چاکسازییەکە دابڕێژێت و بیری لێ بکاتەوە، هەڵیسەنگێنێت، شیبکاتەوە و جۆرێک لە ڕێگەپێدانێکی پێ بدرێت کە بتوانێت کێشەکە جێبەجێی بکات.

ئەم پرۆسەی چاکسازییە لە تێڕوانینی ئەڵمانیا و هاوپەیمانان زۆر زۆر گرنگە، چونکە هێزێکی یەگرتوو بەیەکەوە کاریگەرتر و بەهێزترە لە دوو هێزی جیاواز و سەربەخۆ. ئێمە لە تێڕوانینی ئەڵمانیا دەتوانین زۆر بە جوانی لەم بابەتە بڕوانین و تێبگەین. بە حوکمی ئەوەی کە ئەڵمانیاش ساڵانێک دوو پارچە بووە تا گەیشتە ئەوەی یەکبگرنەوە. لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیاش لە ساڵی ١٩٩٠ سەربازی ئەڵمانی ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی بینی، وەکو بڵێین، مانۆڕێک بوو بۆ ئەم یەکگرتنەوەیە، کە بینیمان چۆن سەرکەوتووانە یەکیان گرتەوە و بەیەکەوە کاریان کرد. هیوادارین ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمەش لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە ببیندرێت و بەدڵنیاییەوە ئەوکاتە دەبێتە هێزێکی زۆر بەهێز و هەنگاوێکی زۆر زۆر سەرکەوتووانە دەنێت.

گۆڤاری پێشمەرگە: جگە لە سێکتەرەکانی ڕاگەیاندن، تەندروستی، چاکسازی، بوارەکانی کەلتووری، ڕۆشنبیری و فەرهەنگی، شتێکی دیکەتان کردووە کە ئێمە وەکو گۆڤاری پێشمەرگە و ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە نەمان زانیبێت؟

کۆلۆنێل کوپەر: ئەو هەموو بابەتەی تا ئێستا کە قسەمان لەسەری کرد لە ناوەڕۆکدا تەواو سەربازین و چالاکیی سەربازی بوون. لە بەشی یەکەم بەوانە دەستمان پێکرد کە هەموو سەربازیین، بەڵام هاوکاری و بوون و پشتگیریی ئەڵمانیا زۆر زیاترە لەوەی ئێمە تەنها لەڕووی سوپا و سەربازییەوە بیانبینین. بەدڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە هەرێمێکی زۆر گرنگە، بە

ئەم پرۆسەی چاکسازییە لە تێڕوانینی ئەڵمانیا و هاوپەیمانان زۆر زۆر گرنگە، چونکە هێزێکی یەگرتوو بەیەکەوە کاریگەرتر و بەهێزترە لە دوو هێزی جیاواز و سەربەخۆ.

جۆرێک، کونسوڵگەری گشتیی ئەڵمانیا لە کوردستان هەیە و کونسوڵی گشتیش لەوێ ئامادەیە کە نوێنەری حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیایە. کونسوڵگەری گشتی لە تەواوی بابەت و بوارە جیاجیاکاندا، جا چ هاوکاری مرۆیی بێت چ پرۆژەی کەلتووری، خوێندن، ئابووری و ... بە مادی و مەعنەوی هاوکارە.

لەگەڵ ئەمەشدا، دانیشتن و کۆبوونەوەی بەردەوام لە نێوان ڕێکخراوە مەدەنی و حکوومییەکان لەگەڵ سوپا و هەموو ئەو لایەنە ئەڵمانیانەی لێرەن، لەگەڵ کونسوڵگەری گشتیی ئەڵمانیا دەکرێت، هەر کەسێک لەو بواری خۆی چالاکانە لەسەر پێشهاتەکان قسە دەکات. باسی لەوەش کرد:هاوکارییەکانی ئەڵمانیا لە بوارەکانی تری دارایی، مرۆیی و پشتگیریی کەلتووری زۆر زیاترە لەوەی کە هێزی سەربازیی ئەڵمانیا پێشکەشی دەکات، بەڵام شتێک هەیە، لەوانەیە ئەوەی ئێمە جیادەکاتەوە و وادەکات زۆرتر لەبەر چاوبین، ئەوە جلوبەرگە سەربازییەی بەرمانە.

گۆڤاری پێشمەرگە: هێزەکانی ئەڵمانیا سەبارەت بە مەشقی دەرەوە پلانی چییە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و چۆنە؟

کۆلۆنێل کوپەر: ئەم بابەتە بەگشتی لە نێوان نەتەوەکانی دیکەی هاوپەیمانیشدا پرۆژەیەک هەیە، کە کۆرسی خوێندن و خول و مەشقی

تێچووی ئەم ڕاوێژکاری و هاوکارییانەی ئەڵمانیا پێشکەشی دەکات بێ بەرامبەرە، هیچ شتێك و پارەیەك وەرناگرێت، هاوکاری و پشتگیرییەکانی بۆ ئەوەیە، هێزی پێشمەرگە، هێزێکی پتەو و کاریگەر و بەهێز بێت.

دیاریکراو، یاخود سولفەیەکی تایبەتی بۆ خوێندنی دوور و درێژ دابین دەکەن. بۆ نموونە: خولی ئەرکان لە ئەڵمانیا، ئەویش لە ئەڵمانیا ساڵانە کورسییەکانی خوێندن دیاری دەکرێت بۆ تەواوی نەتەوەکانی دونیا. ئەوانەی کە بۆیان هەیە بەشداری ئەو خولانە بکەن.

بەوپێیەی، کوردستان پێگەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە بەشی خۆی لە کورسی خوێندن لەم خولانەدا هەیە ، بەڵام ئەمە بەشێوازێکی ساڵانە دیاری دەکرێت، چ خولێکە و چەندە؟ ئەمە لە ڕێگای پاشکۆ سەربازییەکان (ملحق عسكري) و لەناو باڵوێزخانەکان و کونسوڵگەرییەکان دەکرێت کە چ خولێکیان پێویستە؟ یانیش بەپێی ئەو ئۆفەرانەی کە ئێستا لەبەردەستن، بۆ ئەم خولانە هەماهەنگی دەکرێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە پەیوەندی بە بوون و مانەوەی ئێمە نییە، بەڵکو ئەمە لەسەر ئاستی پاشکۆکارەکانی سەربازییەکانە.

گۆڤاری پێشمەرگە: زۆر زۆر سوپاست دەکەین، زۆرترین کاتت بە ئێمە بەخشی..

کۆلۆنێل کوپەر: سوپاس بۆ جەنابتان. مایەی خۆشحاڵیمان بوو لێرەن، هیوادارم توانیبێتم بەپێی توانا پرسیارەکانتان وەڵام دابێتەوە، بەتایبەتی لە ڕوونکردنەوەم لە گرێبەستی درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا، هیوادارم توانیبێتم بەپێی توانا پەیامەکەم گەیاندبێت، ئەویش، تایبەتمەندییەکی تایبەتی ئەڵمانایە لە درێژکردنەوەی مەندات.

فۆتۆ : ڕێکەوت

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەروازەیەك بۆ
شرۆڤەی ڕووداوەکان



دۆسیەی ژمارە

میدیا و ئاسایشی نەتەوەیی

ئەم دۆسییەیە گرنگی بە شرۆڤەی سەربازیی و بابەتە ستراتیژییەکان، لە ڕێگەی نووسەران و پسپۆڕانەوە دەدات، هەوڵێکە بۆ شیکاری ڕووداو و پێشهاتە سەربازییەکان و پەیوەندی کۆی ڕووداوەکان بە پێشمەرگە و دۆزی کورد، ئەمەش وەك یاریدەدەرێك بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ناوچەکە

ستراتیژیی میدیایی و ئاسایشی نەتەوەیی
لە نێوان ئەرك و ڕۆڵدا

پێشمەرگە
لە نێوان کاریگەریی و دیپلۆماسییدا

پێشمەرگە لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەدا

شرۆڤەی ڕووداوەکان
گفتوگۆکانی ئێران ئەمریکا و ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل

ستراتیژیی میدیایی و ئاسایشی نەتەوەیی

لە نێوان ئەرك و ڕۆڵدا

ئامادەکردنی: عەقید ئەحمەد مەلاشێخ

میدیا لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی هەر دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی، ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی هەیە، بەتایبەتی لە بواری وشیاری و گەیاندنی ڕاسیەکان و بەرپەرچدانەوەی پڕۆپاگەندەی دوژمن. هەرچەندە لە کوردستان میدیایەکی تەواو و تایبەت نییە کە ڕۆڵە سەرەکییەکەی پاراستنی ئاسایشی وڵات و گرنگیدان بە ئینتیما و ئاسایشی نەتەوەیی بێ، لەگەڵ ئەوەشدا میدیاکان بە گشتی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە. بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە، گۆڤاری پێشمەرگە چەند پسپۆڕێکی بواری میدیا و ئاسایشی نەتەوەیی دواندووە.

هەریەک لە بەڕێزان پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر دلێر ئەحمەد حەمە سەرۆکی بەشی میدیا لە کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر بێستوون عەبدولمەجید عوسمان سەرۆکی بەشی بەڕێوەبردنی بیمە لە زانکۆی ڕاپەڕین و دکتۆر هیوا مەجید خەلیل ڕاگری کۆلیژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، بەشدارییان لە شرۆڤەی ئەم بابەتەدا کردووە.

ڕۆڵی میدیا لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی

لەبارەی ڕۆڵی میدیا لە بەهێزکردنی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەییدا، دکتۆر دلێر ڕوونیکردەوە: میدیا دەتوانێت لە بەهێزکردنی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری ڕۆڵی هەبێت. ئەمەش لە ڕێگەی تیشک خستنە سەر شوناسی کولتووری و خستنەڕووی مێژووی نەتەوەوە دەکرێت. هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە سەربازییەکان وەک ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بیری توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا. میدیای ئەمنی دەتوانێت لە کاتی قەیرانەکاندا بە هاندانی هاووڵاتی ڕۆڵ ببینێت تاکو پشتگیری لە سەقامگیریی وڵات بکەن و نەکەونە ژێر کاریگەریی پەیامی چەواشەکاری و دەنگۆ و هەواڵە هەڵبەستراوەکان.

سەبارەت بە هەمان پرس، دکتۆر بێستوون عەبدولمەجید ڕوونیکردەوە کە میدیا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە بەهێزکردنی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە و دەتوانێت کۆمەڵگە لە مەترسی و هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئاگادار بکاتەوە و هۆشیاریی گشتی بەرزبکاتەوە. میدیا توانای دروستکردن و ئاراستەکردنی ڕای گشتی هەیە بۆ پشتیوانیکردن لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی و وەک پردێک لە نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان بۆ گەیاندنی پەیام و زانیاریی پەیوەندیدار بە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی کاردەکات.

باسی لەوەش کرد کە میدیا دەتوانێت بۆ سەرپێچییەکان و کەمتەرخەمییەکانی سیستەمی ئاسایشی نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی شەفافییەت، ڕۆڵی چاودێر ببینێت. هەروەها دەتوانین بۆ بەرەنگاربوونەوەی پڕۆپاگەندەی نەیاران و دوژمنان سوود لە میدیا وەرگرین و میللەت لە کاریگەریی نێگەتیڤی ئەو پڕۆپاگەندانە بپارێزین. میدیا لە توانایدایە شیکاری و لێکۆڵینەوەی قووڵ لەسەر کێشە و ئاڵنگارییەکانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

د. بێستون عەبدولمەجید

د. دلێر ئەحمەد

د. هیوا

"میدیا رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە بەهێزکردنی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە و دەتوانێت کۆمەڵگە لە مەترسی و هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئاگادار بکاتەوە"

ئاسایشی نەتەوەیی پێشکەش بکات و بۆ بەهێزکردنی بەها و ناسنامەی نەتەوەیی کاربکات کە بنەمای ئاسایشی نەتەوەییە. هەروەها دەتوانێت لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە پەیوەندیی نێودەوڵەتی و کاری دیپلۆماسیدا، بۆ باڵاکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسیی بەهێز ڕۆڵ بگێڕێت. هاوکات، میدیا دەتوانێت بە ڕاپۆرت و زانیاریی پێشوەختە، سیستەمی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەڕەشە و مەترسییەکان ئاگاداربکاتەوە.

دکتۆر بێستوون روونی کردەوە کە میدیا دەتوانێت لە کاتی قەیران و مەترسیدا، ڕۆڵی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ڕاست بۆ دڵنیاکردنەوەی کۆمەڵگە ببینێت. بەڵام پێویستە میدیا بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و پیشەیی مامەڵە لەگەڵ بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ئاسایشی نەتەوەیی بکات، چونکە مامەڵەی نادروست دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت.

هەر سەبارەت بە ئەم پرسە، دکتۆر

"لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە میدیایەک هەیە تا بەردەوام لەسەر هەموو ئەو مەترسییانەی کە دەوریان داوە، هۆشیاری بکاتەوە"

هیوا مەجید ڕوونیکردەوە: ئاسایشی نەتەوەیی واتە دوورکەوتنەوە و پاراستنی دەوڵەت، نەتەوە و هاووڵاتی لە کۆی هێرش و مەترسییەکانی ناوەوە و دەرەوە. واتە ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندییەکی فرەلایەنەیە کە گشت دامەزراوەکان، گروپ و تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بەشداری تێدا دەکەن و لە بەدیهێنانیدا ڕۆڵ دەگێڕن. لەم بەینەدا، بە هۆی فرەچەشنبوونی هەڕەشەکان، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەرکی سەختتر بووە. یەکێک لەو دامەزراوانەی کە بە هۆی دەستپێڕاگەیشتنی هەموو تاکێک، دەتوانێت ڕۆڵی کارا لە بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی بگێڕێت، بریتییە لە میدیا یاخود ئامرازەکانی راگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە.

روونی کردەوە: هابرماس، ئاماژە بە هەندێک ئەرک دەکات کە میدیا لە سیستەمە سیاسییەکانی دامەزراو و لەسەر بنەمای یاسا بە ئەنجامی دەگەیەنێت، ئەم ئەرکانەش بریتین لە:

"ئاسایشی نەتەوەیی واتە دوورکەوتنەوە و پاراستنی دەوڵەت، نەتەوە و هاووڵاتی لە کۆی هێرش و مەترسییەکانی ناوەوە و دەرەوە"

١.چاودێریکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی- ئابووری و گوزارشتکردن لەو گۆڕانکارییانەی کە لەوانەیە بە شێوەی ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەریی بەسەر خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان هەبێت.

٢.بەرجەستەکردنی مانادار، واتە ڕوونکردنەوەی بابەتەکان بە جۆرێک کە مانایان هەبێت.

٣.سەکۆیەک بۆ پشتگیریکردنی ڕۆشنبیران لە سیاسەتمەدار و وتەبێژی گروپەکانی تر.

٤.گفتوگۆکردن لە نێوان ڕوانگە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لە نێوان دەسەڵاتداران و خەڵک.

٥.ڕێ و شوێنگرتنەبەر بۆ ناچارکردنی بەرپرسان بۆ وەڵامدانەوە سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەسەڵاتیان.

٦.هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەشداریی سیاسی و ڕاهاتن لەسەر چوونەناو هەڵبژاردن و بەشداریکردن.

٧.بەرگریی بەردەوام لە بەرامبەر هێزەکانی دەرەوەی ئەم ئامرازانەی کە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەڕەشەن لەسەر سەربەخۆییان.

٨.زەمینەسازکردن بۆ ڕێزگرتن لە بەرامبەر.

هەروەها، لاسویل وای بۆ دەچێت کە ئەرکەکانی ئەم ئامرازانە بریتین لە: پارێزگاریکردن لە ژینگە، هێنانەدی هاوبەندی لە نێوان گشت بەشەکانی کۆمەڵگەدا، گواستنەوەی میراتی کولتوور لە وەچەیەک بۆ وەچەیەکی تر.

دکتۆر هیوا مەجید گوتیشی: ئەگەر بروانینە تێروانینی هەردوو بیرمەندەکە، دەبینین کە یەکێک لە ئەرکەکانی میدیا بریتییە لە هێنانەدی هاوبەشیی نیشتمانی. هاوبەندی نیشتمانی ڕەهەندێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی. تا هاوبەندی نەیێتەدی، ئاسایش وەک پێویست جێگیر نابێت. لێرەدا ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ڕەنگرێژکردن و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بەرجەستە دەبێت، بەو هۆیەوە کە ئاسایش وەک بەهایەک دەچێتە سەرووی بەهاکانی دیکەوە. تەنانەت لە کاتی جەنگ و ئاشتی، بەهای ئاسایش لە سەرووی بەهای ئازادییەوە دێت؛ ئەویش لە پێناو سەقامگیرکردنی کۆمەڵگە.

پێداویستییەکانی ئێستای ڕاگەیاندنی کوردی

سەبارەت بەوەی لە ئێستادا ئاسایشی نەتەوەیی کوردی پێویستی بە چ جۆرە ڕاگەیاندنێک هەیە، بەڕێز دکتۆر دلێر ئەحمەد بەم شێوەیە ڕوونیکردەوە:

لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە میدیایەک هەیە تا بەردەوام لەسەر هەموو ئەو مەترسییانەی کە دەوریان داوە و دواجار بە زیانی تاک و کۆمەڵگە کۆتاییان دێت، هۆشیاری بکاتەوە. لەو مەترسیانەش، بەردەوام کارکردن بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک بەتایبەتی گەنجان لە مەترسییەکانی مادەی هۆشبەر، هەروەها مەترسی هەڕەشە دەرەکییەکان، مەترسی بیری توندڕەوی، خستنەڕووی ڕاستی ڕووداوەکان بۆ خەڵکە تا بتوانێت بە ڕاست و دروستی بڕیاری خۆی لەسەر پرسە نیشتمانییەکان بدات و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی میدیای چەواشەکاری بەرامبەر.

هەر سەبارەت بەم بابەتە، بەڕێز دکتۆر بێستوون عەبدوڵمەجید ڕوونیکردەوە:

لە ئێستادا ئاسایشی نەتەوەیی کوردی پێویستی بە چەندین جۆر و تایبەتمەندیی ڕاگەیاندن هەیە کە بتوانێت بەرەنگاری ئاڵنگارییە هەنووکەییەکان ببێتەوە، لەوانە:

پێویستە میدیای کوردی لە ژێر کاریگەریی حزبی و بازنەی بەرژەوەندییە تەسکەکان دەرباز بێت و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دابنێت. هەروەها پێویستە سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچوونەکان، گوتاری یەکگرتوو سەبارەت بە پرسە چارەنووسسازەکان و ئاسایشی نەتەوەیی، پێشکەش بکات. هاوکات، پیشەییبوون خاڵێکی دیکەیە، ئەویش پێویستە میدیا بە شارەزایی و لێزانینەوە مامەڵە لەگەڵ پرسە ئاڵۆزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بکات، بۆ ئەمەش پێویستی بە ڕۆژنامەنووس و شارەزای پسپۆڕ هەیە. گرنگیشە کە میدیای کوردی بتوانێت بە زمانە بیانییەکان و بە شێوازی ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتی بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهان کاربکات.

باسی لەوەش کرد کە گرنگ و پێویستە لە سەردەمی ئێستادا،میدیای کوردی بە تەواوی توانایەوە لە دنیای دیجیتاڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ئامادەیی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕی نەرم و پڕوپاگەندەی نەیاران.

دکتۆر بێستوون راشی گەیاند کە پێویستە میدیا لێکۆڵینەوەی قووڵ لەسەر هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەنجام بدات و ڕێگاچارەی زانستیانە پێشنیار بکات.هەروەها لە کاتی قەیرانەکاندا پێویستە میدیا ڕۆڵی سەقامگیرکار ببینێت نەک پەرەپێدەری قەیران و ئاڵۆزی و بۆ ئەمەش دەبێ کار لەسەر بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و خۆڕاگری فەرهەنگی بکات لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تواندنەوە، بۆیە پێویستە میدیا هۆشیاریی گشتی لەبارەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی بڵاوبکاتەوە و خەڵک لەو بارەیەوە پەروەردە بکات.

ڕوونی کردەوە: پێویستە میدیا گرنگی بە پرسی ئاسایشی ئابووری بدات وەک بەشێکی گرنگ لە ئاسایشی نەتەوەیی و خەڵک لە بەرامبەر قەیران و گۆڕانکارییە ئابوورییەکان هۆشیاربکاتەوە. لەگەڵ ئەوشدا، لەبەر گرنگیی ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، پێویستە میدیا گرنگی تایبەت بە پاراستنی ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بدات و دەبێ هاوکات کار لەسەر پاراستن و پەرەپێدانی کولتوور و زمانی کوردی بکات وەک بەشێکی سەرەکی لە ئاسایشی نەتەوەیی.

بە کورتی، ئاسایشی نەتەوەیی کوردی لە ئێستادا پێویستی بە ڕاگەیاندنێکی هەمەلایەنەیە کە بتوانێت لە سەرووی بەرژەوەندییە حزبی و ناوچەییەکان بیربکاتەوە و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکە بپارێزێت، هاوکات، ئامرازێک بێت بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی نەک دابەشکاری و دووبەرەکی.

سەبارەت بە هەمان پرس، دکتۆر هیوا مەجید رایگەیاند: ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت، پشێویی راگەیاندنە نەک ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری. ئەمەش وایکردووە کە شێوازێک لە پۆپۆلیستبوون لە ناو میدیای هەرێم و کوردستان سەرهەڵبدات. واتە هەموو بنەما نیشتمانی و پیرۆزییەکان ببەزێنرێت لەپێناو بەدەستهێنانی ناوبانگ یاخود بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی. ئێستا نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ڕاگوزەردایە، واتە هێشتا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە تەواوەتی کۆتایی پێنەهاتووە، ئەویش بەو هۆیەی کە هێشتا کورد مافە سیاسی و ئابوورییەکانی وەک پێویست بەدەست نەهێناوە. ئەمەش وا دەکات کە هەمیشە لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدا بێت.

ڕوونی کردەوە: دەتوانین بڵێین کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەرکی دوولایەنە دەگێڕن لە گواستنەوەی بڕیارەکانی دەسەڵات بۆ کۆمەڵگە و بۆچوونەکانی کۆمەڵگەش بۆ دەسەڵات. دەرەنجامی ئەم چالاکییەش، ئاگاداریی ڕای گشتی و دەسەڵاتە لە داواکارییەکانی یەکدی. لێرەشەوە جۆرە ئاسایش و متمانەیەک لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا وەدیدێت کە لە دەرهاویشتەی مامەڵەی بابەتیانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە. ئەم ئامرازانە بە هۆی بەرفراوانیی پانتای تۆڕەکانیان،

ڕۆڵێکی بەهێزیان لە چۆنیەتی دروستکردنی ڕای گشتیدا هەیە، چونکە پەروەردەکردن و ئاگادارکردنەوە، لە چالاکییەکانی ئەم ئامرازانەن. لەلایەکیترەوە، بەهۆی زیادبوونی جۆراوجۆری ئەم ئامرازانە، دەسەڵاتی سیاسی لە زۆربەی وڵاتاندا هەوڵدەدات لە بەڕێوەبردنی وڵات پشت بە ڕای گشتی ببەستێت و دەیەوێت ڕەزامەندیی جەماوەر لە دەسەڵات بەدەست بهێنێت، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی کە گەل بە سەرچاوەی دەسەڵات لە قەڵەم دەدرێت. هەر بۆیە دەبینین لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا مەڵبەندی بەهێز هەن کە بۆ خستنەڕووی بیر و ڕای هاووڵاتیان سەبارەت بە پرسە هەستیارەکان، بە میتۆدێکی زانستیانە لەسەر پرسە گرنگەکان ڕاپرسی ئەنجام دەدەن، بۆیە قۆرغنەبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن دەسەڵاتەوە، گەرەنتی بەردەوامبوونی دەسەڵاتێکی سیاسییە لە کۆمەڵگەدا.

کەرەستەکانی ئاراستەکردنی میدیا

سەبارەت بەوەی بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کوردستان، پێویستە لە ئێستادا میدیا بەکام کەرەستە و ئاراستە کار بکات، دکتۆر دلێر ڕوونیکردەوە:

لەم ڕۆژدا لە سایەی جەنجاڵیی ژیان و شەپۆلی پڕ زانیاریی ساختە، گرنگە میدیای سەربازی بە جۆرێک کاربکات، ڕێڕەوە ڕاستەکە بەردەوام بۆ هاونیشتمانییەکانی ڕوون بکاتەوە. لەم ڕۆژدا جگە لە بەرنامەی رادیۆیی و تەلەڤزیۆنی، دەتوانرێت لە کورتە ڤیدیۆ و ئەنیمەیشنەوە خەڵک هۆشیاربکرێتەوە. هەروەها تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەمڕۆ بەکارهێنەرێکی زۆریان هەیە بەتایبەتی لە نێو گەنجاندا، لەو ڕێگەیەشەوە لە ڕێگەی ڕێنمایی و خستنەڕووی زانیاریی دروستەوە خەڵک ڕۆشنبیر بکرێت تا نەکەونە هەڵەوە دواجار لەلایەن نەیارانەوە بەکار نەهێنرێن تا کاریگەریی خراپ لەسەر بیری نەتەوەیی و نیشتمانیان جێبەجێ بکەن.

دکتۆر بێستوون لەم بارەیەوە گوتی: لە ئێستادا، میدیای کوردی پێویستە کۆمەڵێک کەرەستە، ئامراز و ئاراستەی ستراتیژی بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی: بەکاربهێنێت. وەکوو:

•بەکارهێنانی سەکۆ و ئامرازە دیجیتاڵییە نوێیەکان بۆ گەیشتن بە زۆرترین بینەر و خوێنەر لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا.

•پەرەپێدانی ئەپلیکەیشن و وێبسایتی تایبەت بە هەواڵ و شیکارییەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشی نەتەوەیی.

•دامەزراندنی ناوەندی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و دۆکیومێنتی زانستی سەبارەت بە دۆخی ئاسایشی نەتەوەیی کە پەرەی پێ بدرێت.

•دامەزراندنی سیستەم و تیمی تایبەت بۆ چاودێریکردنی میدیا ناوخۆیی و دەرەکییەکان و بەدواداچوونیان.



• کاری دۆکیومێنتاری پیشەیی کە لە شوێنی خۆیدا بۆ پیشاندانی مێژوو، کولتوور، کێشە و چارەنووسی نەتەوەیی کورد کاریگەری هەیە.

• پەروەردەکردنی کادری میدیایی پیشەیی و پسپۆڕ لە بواری ئاسایشی نەتەوەییدا.

دوکتور بیستوون لەمەڕ ڕۆڵی میدیا لە ئاڕاستە ستراتیژییەکان، ئاماژەی بەم چەند خاڵەی خوارەوە دا:

گوتاری یەکگرتووی نەتەوەیی: پێویستە میدیا گوتارێکی یەکگرتووی نەتەوەیی پێشکەش بکات کە لەسەرووی ناکۆکییە حزبی و ناوچەییەکان بێت و لە بنیاتنانی کەسێتی نیشتمانی و نەتەوەییدا ڕۆڵ ببینێت.

سیاسەتی زمانی فرەلایەن: پێشکەشکردنی بەرنامە و ناوەڕۆک بە چەندین زمان (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی) بۆ گەیشتن بە ڕای گشتیی جیهانی، بەشێکە لە ئەرکی میدیایی بۆ گەیاندنی پەیامی میدیایی.

ئاڕاستەی کولتووری: بایەخدان بە پاراستن و پەرەپێدانی زمان و کولتوور وەک پێویستییەکی ئاسایشی نەتەوەیی.

ئاڕاستەی دیپلۆماسیی گشتی: میدیا وەک ئامرازێک بۆ دیپلۆماسیی گشتی و نەرم بۆ ڕاکێشانی پشتگیریی نێودەوڵەتی بەکاربهێنرێت.

ئاڕاستەی ئابووری- کۆمەڵایەتی: گرنگیدان بە بابەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە.

ئاڕاستەی ژینگەیی: بایەخدان بە پرسەکانی ژینگە، سەرچاوە سرووشتییەکان و ئاڵنگارییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

ئاڕاستەی پێشگیرانە: کارکردن بۆ دیاریکردن و پێشبینیکردنی هەڕەشەکان پێش ڕوودانیان.

ئاڕاستەی ڕەخنەگرانەی بنیاتنەر: پێشکەشکردنی ڕەخنەی بنیاتنەر لە سیستەمی سیاسی و ئیداری بۆ چاکسازی و پێشخستن.

ئاڕاستەی زانستی- پەروەردەیی: هاندانی توێژینەوەی زانستی و پەروەردەیی سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی.

ئاڕاستەی ستراتیژیی دوورمەودا: بیرکردنەوە لە ئایندەی نەتەوە و دانانی ڕوانگەی ستراتیژیی درێژخایەن.

بەگشتی، میدیای کوردی پێویستە بەرنامەیەکی ستراتیژیی هەمەلایەنەی هەبێت کە کەرەستە و ئاڕاستە جۆراوجۆرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە ناوچەیەکی ستراتیژی و پڕ لە ئاڵنگاریدا تێکەڵ بکات.

سەبارەت بە هەمان بابەت، دکتۆر هیوا مەجید بەم شێوەیە دوا:

گرنگە میدیا لە هەرێمی کوردستان، مێژوو، ئێستا و داهاتوو تێکەڵ بە یەکتر بکات، واتە ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان نەبێتە هۆی مەترسی دروستکردن بۆ ئاسایشی نەتەوەیی. ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت، نە میدیا و نە بەشێک لە نوخبەی سیاسی ناتوانن جیاوازیی لە نێوان دەسەڵات/حکومەت و نیشتمان بکەن و هەردوو چەمک بە یەک واتا بەکاردێنن. دەسەڵات کاتییە، بەڵام نیشتمان هەمیشەییە. بۆیە گرنگە کە ئەم بنەمایە بە بەردەوامی ڕەچاو بکرێت. هەروەها گرنگە پرسە نیشتیمانییەکان وەک ڕێزگرتن لە ئاڵا، سرووودی نەتەوەیی، سنوورەکانی کورد لە عێراق، مافە سیاسی و کارگێڕییەکان و پرسەکانی تایبەت بە ئاسایشی نیشتمانی هێڵی سوور بن و هیچ لایەنێک و میدیایەک نەتوانێت ئەم سنوورانە ببەزێنێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێشمەرگە

لە نێوان کاریگەریی و دیپلۆماسییدا

د. سەردار عەزیز

د. سەردار عەزیز

یەکێک لە بنەماکانی پەیوەندیی زلهێزێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ هێزەکانی تر لە دونیادا، توانا و کاریگەریی ئەو هێزەیە لەو جێگایەی کە تیایدا بوونی هەیە. کەواتە کاریگەریی (effectiveness) چەمکی سەرەکی پەیوەندییەکەیە. لای ئەورووپییەکان دیموکراسی لەگەڵ کاریگەریدا تێکەڵ دەکرێت کە خۆی لە فۆرمی (Democratic-Civil-Military) دا دەبینێتەوە. وەک لێکۆڵەری ناسراوی بواری سەربازی، مارا کارلن لە پێنتاگۆن دەڵێت، دەوڵەتە لاواز یان شکستخواردەکان لە دونیادا، بەرژەوەندیی ئەمریکا دەخەنە مەترسییەوە، بەڵام دەستێوەردانی بەرفراوان لەلایەن ئەمریکاوە تێچوونی زۆری دەوێت و لە ناو ئەمریکادا ناجەماوەرییە. بۆیە ئەمریکا پێویستی بە هاوکاریی هێزە لۆکاڵییەکانە بۆ ئیدارەدانی ئەم قەیرانانە. ئەمریکا بە هاوکاری لەگەڵ هێزە ناوخۆییەکاندا، دەتوانێت سەقامگیری بەرەوپێش ببات بەبێ ئەوەی زۆربەی بارگرانییەکە بکەوێتە سەرشانی خۆی بە تایبەتی لە بواری خوێن و پارەدا. لە هەمانکاتدا، ئەمریکا دەتوانێت فۆکەس بخاتە سەر پرسە هەنووکەییەکانی تری لە ئاستی دونیادا، وەک چین، بۆیە دەتوانین بڵێین کە لۆژیکی پشت ئەم ڕێباز و جۆری پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ پێشمەرگەدا ڕوونە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەو هێزەی کە ئەمریکا دەیەوێت لەگەڵیدا لە پەیوەندیی بەردەوامدا بێت، ئەو جۆرە هێزانەیە کە دەتوانن لەو جێگایانەی کە تیایدا ئامادەن، ڕۆڵ بگێڕن. بە مانایەکی دیکە، ئەو هێزە دەبێت کاریگەریی هەبێت و بتوانێت بە هاوکاریی ئەمریکا بە تایبەتی لە بواری تەکنەلۆجی و تەقەمەنی و هەواڵگرییەوە ڕووبەڕووی ڕووداوەکان ببێتەوە. کەواتە هەر هێزێکی لۆکاڵی کە دەخوازێت پارتنەری ئەمریکا بێت، دەبێت هەمیشە لە ئاستی ئامادەباشیدا بێت و بتوانێت پەیوەندی دروست بکات و لە ئاستەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و تەقەمەنی و هەواڵگرییەوە توانای هەماهەنگی هەبێت.

بەڵام چۆن هێزێک دەبێتە هێزێکی کارا و کاریگەر؟

دیسانەوە مارا کارلین، کە یاریدەدەری وەزیری بەرگرییە بۆ ستراتیژ و پلان و تواناکان دەڵێت «وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا دڵنیایی دەدات کە لە ڕوانگەیەکی گشتگیر و کاریگەر و کاراوە مامەڵە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دەکات.»

کەواتە چۆن هێزێک کاریگەر و کارا دەبێت؟ لە پرسی پێشمەرگەدا چۆن دەبێتە هێزێکی کاریگەر و کارا هەتا ئەمریکا بتوانێت بیکات بە بەشێک لە پلان و ستراتیژەکانی؟

لەم ڕوانگەیەوە پرۆسەی چاکسازیی پێشمەرگە داڕێژرا. بەو مانایەی چاکسازی لە پێناوی ئەوەدایە کە چۆن پێشمەرگە ببێت بە هێزێکی کاریگەر و کارا هەتا بتوانرێت وەک پارتنەرێک لە سەر ئەرز،

> "ئامانجی سەرەکی پرۆسەی چاکسازی نەهێشتنی پەرتییە. لەم ڕووەوە هەتا ئێستا هەنگاوی باش نراوە. وا دیارە هەردوو یەکێتی و پارتی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە لە قازانجی هەمووانە کە چاکسازی بەرەو پێشەوە بڕوات. گەرچی ئەم پرۆسەیە زۆر ڕێگریی مێژوویی و کەلتووری و سیاسی و شەخسی هەبوو، بەڵام ئەگەر ستراتیژیی گشتی کوردستان لە بەرچاو بگیرێت دەبێت وەك بنەمایەکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی کوردستاندا".

پەیوەندی لەگەڵدا ببەسترێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

هێزێک ناتوانێت کارابێت کاتێك کە پەرتە.

هەنگاوی دووەمی پرۆسەی چاکسازی، مۆدێرنکردنی وەزارەتی پێشمەرگەیە بە ئاستێک کە ڕیزبەندی

فۆتۆ: ڕێکەوت

بەرپرسیارێتی ڕوون بێت، چونکە بەبێ بوونی پلەبەندی بەرپرسیارێتی ناتوانرێت بە ئاسانی بڕیاربدرێت و جێبەجێ بکرێت. لەم هەنگاوانەدا دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگیرێت کە خێرایی و شارەزایی و متمانە کرۆکی کاراییە. بەو مانایە هێزی پێشمەرگە دەبێت ئەو بنەمایانەی تیادابێت کە بە خێرایی ڕووبەڕووی قەیرانەکان ببێتەوە. ئەم خێراییە گرنگە، چونکە قەیرانەکان وەک جاران بە هێواشی ڕوونادەن. وەک لە گرتنەوەی مووسڵ و کەوتنی ئەسەد و ڕووداوە گەورەکانی تری ناوچەکەدا بینیمان کە ڕووداوە گەورەکان دەکرێت لە کاتی زۆر کەمدا ڕووبدەن.

هاوپەیمانان پێویستیان بەوەیە کە بە خێرایی بکەونە پەیوەندی و بڕیارەکان جێبەجێ بکرێت، چونکە لە ڕابردوودا بۆ ئامادەکاری هێزە کوردییەکان چەند مانگی لە دانوستان و سەردانی هێزە کوردییەکان پێویست بوو. خێرایی بڕیار و جێبەجێکردن تەنها کاتێک دەبێت کە یەک ناوەندی بڕیار هەبێت، هەر کاتێک بڕیار درا بەبێ مشتومڕ و جیاوازی جێبەجێ بکرێت. یەکێک لە خەسڵەتەکانی سەربازیی یەک سەمتییە، بەو مانایە یەکبوون لە هەموو ئاستێکدا.

ئەم کاراییبوونی پێشمەرگە لە سەردەمێکدایە کە ئەمریکا تیایدا بەها و بنەماکانی پەیوەندی لەگەڵ دونیادا دەگۆڕێت. چیدی بۆ ئەمریکا وەک جاران دیموکراسی و مافەکان گرنگ نین، بەڵکو ئەوەی جێگای بایەخە، سوودمەندی هاوبەشە. ئایا کورد بە بوونی سوپایەکی مۆدێرن دەتوانێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکاندا بارسووکی بۆ ئەمریکا دروست بکات؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە بە ئەرێنی بێت ئەوا دەکرێت پەیوەندییەکە درێژخایەن بێت. بە بەرجەستەبوونی ئەمە، لە هەمانکاتدا وا دەکات کە چاکسازیی پێشمەرگە ببێت بە کۆڵەکەی دیپلۆماسی، نەک هەر سەربازی، بەڵکو دیپلۆماسیەتی گشتیی هەرێمی کوردستان.

بەڵام لە هەمانکاتدا بۆ کوردستان گرنگە کە ڕەهەندی دیموکراسی لە بنەمای سەربازیدا پیادە بکات. دیموکراسی یانی چی؟ دیارە سەرباز لە سەر بنەمای خزمەت و توانا و لێهاتووییە، نەک دیموکراسی. بەڵام کاتێک سیستەمی سیاسی دەبێت دیموکراسی بێت، یانی دەبێت نوێنەری خواستی خەڵک بکات، ئەوا سوپا دەبێت دابینکەری ئەم دەسەڵاتە بێت، بۆیە ئەرکی سوپا یان پێشمەرگە تەنها پاراستنی کوردستان لە مەترسی دەرەکی نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا پاراستنی بنەما دیموکراسییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی و هەروەها پڕۆسەی دیموکراسی لە عێراقیشە. بەمجۆرە سوپا لەلایەن جەماوەرەوە پشتیوانی دەکرێت و دەبێتە خاوەن هێز و شەرعییەت.

بەپێی ئەو پێودانگانەی سەرەوە، پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە سێ یەکەی گرنگ پێکەوە گرێدەدات: کۆمەڵگە، دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆیە دەبێت ئەم بنەمایانە بە وردی و هەروەها بە نوێکراوەیی لە بەردەست ئەفسەراندا بن. بۆ فەراهەمکردنی ئەمانە، پێویستە ئەدەبیاتی پەیوەندیی مەدەنی و سەربازی لەگەڵ مۆدێلە جیاوازەکانی ڕێکخستنی سوپا و هەروەها گۆڕانکارییە گەورەکان کە کاریگەرییان هەیە لە سەر ڕەفتاری سوپای ئەمریکی بە تایبەتی ببن بە بەشێک لە خوێندن و پێگەیاندنی ئەفسەران لە کوردستاندا. دیارە سوپایەک بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ گۆڕانکاری خێرا و بنەماکانی سەردەمدا تەبا بێت، دەبێت بەردەوام خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا نوێ بکاتەوە. لەم ڕووەوە، پێشمەرگە پێویستی بە ناوەندێکە بۆ گۆڕینی پرینسیپە سەربازییە نوێیەکان بۆ هەنگاوی کرداری. هەروەها بە ئاگابوون لە دیدگا نوێیەکانی ناوەندە گرنگەکانی وەک پەنتاگۆن و ناتۆ و ناوەندەکانی تر، هەتا بزانێت چۆن خۆیان لەگەڵدا تەبا بکات و سوود لە گۆڕانکارییەکانی ببینێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

پێشمەرگە لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەدا

د. دلێر ئەحمەد حەمەد

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا بە گشتی و لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بە تایبەت، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە. سیمبولی بەرگری لە خاکی کوردستان بووە و لەم پێناوەشدا قوربانییەکی زۆری داوە.

لە ڕابردوودا، سەرباری نەبوونی هاوسەنگی هێز لە نێوان پێشمەرگە و سوپای حکومەتی عێراق، چ لە بواری تەکنەلۆژیای سەربازی و چ لە بواری ژمارەی هێزەکانی پیادە و ئاسمانی و تانک و تۆپ و چەکی قورس، بەڵام هێزی پێشمەرگە

بە چەکی بیروباوەڕ جەنگاوە و بەرامبەر بە داگیرکەر خۆڕاگر بوو، تا ئەو کاتەی دوژمن چەکی کیمیاوی لە دژی بەکارهێناوە و تەرازووی هێز بە تەواوی تێکچووە و بە شێوەی کاتی لە بەرژەوەندیی دوژمندا کۆتایی هاتووە.

لە سەردەمی ئێستادا، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، تەکنەلۆژیای سەربازی و تاکتیکە جەنگییەکان بە تەواوی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. باشترین بەڵگەش ئەزموونی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئوکرانیا و جەنگی نێوان ئێران و ئیسرائیلە... هتد.

تانک وەک جەنگەکانی ڕابردوو ئەو گرنگییەی نەماوە. ئێستا سەردەمی درۆن و هێزی ئاسمانییە، جا فڕۆکە بێ یان مووشەک.

بەهەرحاڵ، ناچمە ناو وردەکاری تەکنەلۆژیای جەنگی، چونکە پسپۆریی من نییە، بەڵام تا ڕادەیەک هەموومان دەیزانین و ئاگادارین کە گۆڕانکارییەکان لە بواری تەکنەلۆژیای جەنگی چەندە بە خێرایی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.کەواتە ئێدی ڕۆڵی پێشمەرگە لە داکۆکیکردن لە خاکی نیشتمان و دانیشتووانی کوردستان چییە؟

ئایا هێزی پێشمەرگە کە وەک وڵاتە گەورەکان، خاوەنی تەکنەلۆژیای مۆدێرنی سەربازی نییە، ئێدی چ ڕۆڵێک لە بەرقەرارکردنی ئاسایشی وڵاتدا دەگێڕێت؟ دیارە هەموو وڵاتێک کە خاوەن هێزی سوپا و چەکدارە، ئەم هێزە بە بەشێک لە دابینکردنی ئاسایشی وڵات دەبینێت. جا چ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی دەرەکی یا بۆ چەسپاندنی ئارامی ناوخۆ بێت، ئەگەر هاتوو ڕووداوی نەخوازراو ڕوویدا و لە

د. دلێر ئەحمەد حەمەد

دەستەڵاتی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی تر نەما بۆ دابینکردنی ئاسایشی وڵات، لێرە هێزی پێشمەرگە بە گوێرەی توانای خۆی، کوردستان لە مەترسی دەرەکی دەپارێزێت و ئارامی بە ناوەخۆش دەگەڕێنێتەوە.

ڕۆڵی پێشمەرگە لە ستراتیژیی نەتەوەیی و نیشتیمانی، ڕۆڵێکی سەرەکییە، چونکە هیچ وڵاتێک ناتوانێت سەروەری و ئاسایشی بە بێ هەبوونی سوپا بپارێزێت.

ئەگەرچی وەک باسمان کرد هێزی پێشمەرگە بێبەشە لە تەکنەلۆژیای مۆدێرنی سەردەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت وەک هێزێکی نیشتمانی بوونی هەبێت و بپارێزرێت.

دەکرێت کەم و کوڕییەکانی لەم بوارە بە جۆرێکی تر قەرەبوو بکرێنەوە، ئەوەش بە دروستکردنی دۆستایەتی و هاوپەیمانی لەگەڵ زلهێزێکی وەک ئەمریکا یا هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی.

لەم بوارەدا، هێزی پێشمەرگە لە چارەکە

فۆتۆ : ئومید

سەدەی ڕابردوو دوو ئەزموونی هەیە. یەکەم ئەزموونی لەگەڵ تیرۆریستانی جندولئیسلام لە ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی یا ڕاستتر بڵێین، هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە فڕۆکەی جەنگی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانیان بۆمباران کرد و هێزی پیادەی پێشمەرگەش هێرشی زەمینی بۆ بردن و لە شەڕەکاندا سەرکەوتوو بوون. هەر لەم بوارەدا هێزی پێشمەرگە بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، توانیان کوردستان لە هێرش و پەلاماری داعش بپارێزن. هاوکات کۆمەڵێک چەکی نوێ و تەکنەلۆژیای سەربازییان وەک کۆمەک لە هاوپەیمانان وەرگرت، ئەمە جگە لە هاوکاریی مادی کە ئەمیش مانگانە بڕە پارەیەکی بۆ هێزی پێشمەرگە تەرخان کردووە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین گرنگی ئەو هاوپەیمانیەتییە لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان لە بەرچاو بگرین و بیکەینە ڕێبازێک و لە داهاتوودا زیاتر گەشەی پێبدرێت و بکرێتە ستراتیژییەک بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان. دیارە ئەمەش پێویستی بە جۆرە حکومڕانییەکی مۆدێرن هەیە لەگەڵ بەهاکانی سەردەم بگونجێت، ئەویش دابینکردنی ئازادی و مافی مرۆڤ و شەفافییەت و دیموکراسییە کە تا ڕادەیەکی باش لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت.

کە باس لە هێزی پێشمەرگە دەکەین کە دەبێ ڕۆڵی لە ستراتیژیی نەتەوەیی نیشتمانیدا هەبێت، بێگومان بەدەر نییە لە سیستەمی حکومڕانی سیاسیی وڵات، چونکە پێشمەرگە بەشێکە لەو سیستەمە. کەموکوڕی پێشمەرگە ڕەنگدانەوەی خراپی بەسەر سیستەمی سیاسیدا دەبێت و خراپی سیستەمی سیاسیی وڵاتیش ڕەنگدانەوەی نەرێنی بەسەر هێزی پێشمەرگەدا دەبێت. هەر جۆرە سیستەمێکی سیاسی کامڵ و پێشکەوتوو لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، ئازادی، مافە دیموکراسییەکان بە دڵنیاییەوە پاڵپشتی سیاسیی و پشتگیریی وڵاتانی پێشکەوتوو بە دەست دێنێت، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی بەسەر هێزی پێشمەرگەدا دەبێت و بەرەو گرنگیپێدان و پێشکەوتنی دەبات.

پێچەوانەکەشی بە نەهامەتی بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و دانیشتووانی وڵات تەواو دەبێت، بۆیە ئەم بابەتە زۆر هەستیار و گرنگە. ئەگەر جیۆپۆلیتیکی کوردستان بایەخ و گرنگیی خۆی لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە، ئەوا ئەرکی هێزی پێشمەرگە بریتییە لە پاراستنی ئەم جوگرافیا سیاسییە و سەرکەوتنیشی لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و ستراتیژیی سەربازی دەکەوێتە سەر ئەوەی، هێزی پێشمەرگە لە پەیڕەوکردنی تیۆری جیۆپۆلیتیکی کوردستان لە چ ئاستێک دایە؟

جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان یەکجار گرنگ و پڕبایەخە. سنووری لەگەڵ چەندین دەوڵەتدا هەیە. خاکەکەی دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز. بە ئاوی شیرین و بە زەوی کشتوکاڵ. دەوڵەمەندە لە بواری سامانی ئاژەڵداری، تۆپۆگرافیای هەمەجۆری هەیە لە دەشت و دۆڵ و چیا، کوێستان و گەرمێن. هەر بۆیە لە مێژوودا بەردەوام داگیرکەران چاوی تەماحیان تێ بڕیوە، داگیر و تاڵانیان کردووە، خەڵکەکەیان دەربەدەر کردووە و ...

هەر لە ئەنجامی ئەو زوڵم و داگیرکارییەدا، وەک پێداویستییەکی مێژوویی، هێزی پێشمەرگە دروست بووە، قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە تا ئەمڕۆ کە بووەتە هێزێکی فەرمی بۆ پاراستنی کوردستان. ئەرکی ئەم هێزە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ بۆ پاراستنی سەروەت و گیانی هاووڵاتیانە، هەر بۆیە ئەرکەکەی بە ئەرکێکی ستراتیژی و نەتەوەیی دادەنرێت. لەم حاڵەتە هێزی پێشمەرگە مێژوو دروست دەکات.

ڕابردوو ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێت کە سوپا ڕۆڵی گرنگی لە مێژوودا گێڕاوە، هەر لە پاراستنی وڵات، لە بردنەوەی جەنگەکان، لە نەهێشتن و لەناوبردنی ڕژێمە گەندەڵەکان لە ڕێگەی ئەنجامدانی کودەتا کە دواتر جەماوەر پشتگیریان لێکردووە. لێرەدا هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی گرنگیی مێژووی خۆی، پێویستە هێزێکی پرەنسیپی و بە بیروباوەڕ بێت، ئینتیمای بۆ نیشتمان هەبێت نەک بۆ حزب. نیشتمان دەبێت لەڕووی ستراتیژییەوە، لە سەرووی هەموو شتێک بێت، چونکە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیشتمان، ئەرکێکی نەتەوەیی و ئەخلاقییە. هێزی پێشمەرگە لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەییدا ڕۆڵی هەرە سەرەکی هەیە.

بەڵام هەموومان دەزانین بیروباوەڕ ئەو چەکە نییە بتوانێت شەڕ لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەربازی هاوچەرخ بکات، بەڵام دەکرێت جۆرێک لە یەکبوون و یەکهەڵوێستی دروست بکات و بێتە بەشێک لە ستراتیژ.

فۆتۆ : ئومید

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

گفتوگۆکانی ئێران ، ئەمریکا

ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسڕائیل و هاوکێشە نوێیەکان

● ڕەنج جەعفەر

پانۆڕامای ڕووداوەکان

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شایەتی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بووە کە تێکەڵاوە لە هەوڵی دیپلۆماسی و چالاکیی سەربازی. لە ١٢ی نیسانی ٢٠٢٥ەوە، گفتوگۆکان، یەکەمجار لە نێوان ئێران و ئەمریکا لە عەمان دەستیپێکرد، کە یەکەمین چاوپێکەوتنی ڕژد لە نێوان هەردوو وڵات لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بوو. ئەم گفتوگۆیانە لە کاتێکدا بەڕێوەن کە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران خێراییەکی زیاتری وەرگرتووە و ئێران یۆرانیۆمی تا ڕادەی ٦٠ لە سەد پاڵاوتووە کە نزیکە لە ئاستی چەکی ئەتۆمی. دوای پێنج گەڕی دانوستان، هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون لە گەیشتن بە ڕێکەوتنێک جێگای ڕەزامەندیی هەردوولا بێت.

لە بەیانی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥دا، ئیسڕائیل هێرشێکی بەرفراوانی سەربازیی کردە سەر ئێران لەژێرناوی ئۆپراسیۆنی شێری رابوو «عملیات الأسد الصاعد» (Operation Rising Lion)، ئامانج لێی تێکشکاندنی پێگە ئەتۆمی و سەربازییەکانی ئێران بوو.

شیکردنەوەی گفتوگۆکانی عەمان پێکهاتەی گفتوگۆکان

گفتوگۆکان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، بە نێوەندگیریی وەزیری دەرەوەی عەمان، بەدر ئەلساعیدی ئەنجامدران، کە پەیامەکانی لە نێوان تیمەکانی ئێران و ئەمریکا دەگواستەوە، هەرلایەنێکیان لە ژووری جیاواز دانیشتبوون. ستیف ویتکۆف، نوێنەری تایبەتی ترامپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرۆکایەتی دانوستانکارانی ئەمریکای کرد، لە کاتێکدا عەباس عەێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران سەرۆکایەتی تیمەکەی ئێرانی کرد.

خاڵە سەرەکییەکانی دانوستان

ئێران پلانێکی سێ قۆناغی پێشکەشکرد: لە قۆناغی یەکەمدا، ئێران ڕازی دەبێت بە کەمکردنەوەی پاڵاوتنی ئۆرانیۆم بۆ ٣.٦٧ لە سەد لە بەرامبەر دەستڕاگەیشتن بە سامانە بلۆککراوەکان لە ئەمریکا و ڕێگەپێدان بە هەناردەی نەوت. لە قۆناغی دووەمدا، کۆنگرێسی ئەمریکا ڕازی دەبێت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و واشنتۆن هەموو سزاکان هەڵدەگرێت. لە قۆناغی سێیەمدا، ئێران کۆگای ئۆرانیۆمی بەرز پاڵاوتراو دەگوازێتەوە بۆ وڵاتێکی سێیەم.

گرفتە سەرەکییەکان

گرفتی سەرەکی لە ویستی ئەمریکا بۆ ڕاگرتنی تەواوی چالاکی پاڵاوتنەوەی ئۆرانیۆم بوو، کە ئێران وەک «هێڵی سوور» داینا بوو، پێداگری دەکرد لەوەی دەبێت پرۆگرامەکەی بەردەوام بێت. ویتکۆف ڕایگەیاند کە «هیچ پاڵاوتنەوەیەک نابێت. ئەوە واتە تێکدان، هیچ چەک ئامادەکردنێک نابێت»، ئەمەش داوای تێکدانی تەواوی پێگە ئەتۆمییەکانی نەتەنز، فوردۆ و ئیسفەهانی دەکرد.

شیكردنی لێدانە سەربازییەكانی ئیسرائیل تاكتیك و ستراتیژ

لێدانەکان بە ناوی ئۆپراسیۆنی شێری ڕابوو، لە دوای ئەوەی پێشوەختە حکومەتی ترامپی لێ ئاگادارکرایەوە، ٢٠٠ فڕۆکەی شەڕی ئیسرائیلی لەم ئۆپراسیۆنە بەشداریان کرد و ٣٣٠ بۆمب و مووشەک لە سەر ١٠٠ ئامانج تەقێندرانەوە. موساد پێگەیەکی نهێنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی لە نزیک تاران دامەزراندبوو کە بۆ لێدان لە هەندێ ئامانجی تایبەت بەکاری هێنا.

ئەو چەکە بەرگرییانەی ئیسرائیل لە گۆڕەپانی ئێران لەناوی برد بریتی بوون لە (SA-٦٣) و (SA-٧١) و (SA-٦٨) (S-٣٠٠) و (SA-٦٩).

ئامانجەکانی لێدان

لێدانەکان بەئامانجگرتنی پێگە ئەتۆمییەکان، دامەزراوە سەربازییەکان و شوێنی نیشتەجێی فەرماندە پلەبەرزەکان بوو. پێگەی ئەتۆمیی نەتەنز زیانێکی بەرچاوی بەرکەوت، هەروەها لە زۆربەی شارەکان پێگە مووشەکی و سەربازییەکان بەئامانج گیراون.

قوربانییەکان

فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران حوسەین سەلامی، سەرۆکی ستادی گشتیی سوپای ئێران، محەممەد حوسەین باقەری، زانایانی ئەتۆمی فەرەیدوون عەباسی- دەهقانی و محەممەد مەهدی تەهرانچی و دەیان سەرکردە و ئەفسەری پلە باڵا و زیاتر لە ١٠ زانای بواری ئەتۆمی دیکە کە بزوێنەری پڕۆژەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە بوون، لە نێو کوژراوەکاندان.

شیکردنی ئاکامەکان

دانیال فرید دیپلۆماتکاری دێرینی ئەمریکا پێی وابوو، ڕەنگە ترەمپ بڕیاربدات بە یەک هێرشی خێرا و سەرکەوتوو ئێران ناچار بکات لەسەر مەرجەکانی دانوستان، یان گۆڕینی ڕژێم خێراتر بکات، هەردووکیان ئەگەرێکی کراوەن. هەروەها چەندین بژاردەی خراپتر، لەنێویاندا شەڕێکی دیکەی هەمیشەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی گەورە وەک ئەوە وایە بچیتە ناو تونێلێکی تاریکەوە. هەرگیز نازانیت چی لە کۆتاییەکەیدایە، ترەمپ دەتوانێت فەرمانی هێرشکردن بدات و دامەزراوەکانی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران لەناوببات، یان نا. ئایا ئیدارە بە هەر دوو ڕێگاکە بیری لە دەرئەنجامەکان کردووەتەوە؟

جەی دی ڤانس، پێی وابوو، ترەمپ بیر لەوە دەکاتەوە هێرش بکاتە سەر ئێران بۆ لەناوبردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی. ئیدارە دەتوانێت کەیسێک دروست بکات، بەڵام ئەمریکا بە هەمان هۆکار لە عێراق چووە شەڕەوە. هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە یان فشارێک بۆ دانوستان؟ ڕەنگە ترەمپ نەزانێت.

کۆتایی هاتنی گفتوگۆکان

لێدانەکانی ئیسرائیل واتای کۆتاییهاتنی هیواکانی ترامپ بوو لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئاشتیخوازانە بۆ ڕاگرتنی پەرەسەندنی ئەتۆمیی تاران. ترامپ ڕایگەیاند «دوو مانگ لەمەوبەر دەرفەتێکی ٦٠ ڕۆژەم بە ئێران دا بۆ ڕێککەوتن، دەیانتوانی بیکەن!»

ئامادەیی بۆ شەڕێکی بەرفراوان

سەرۆکی باڵای ئێران، عەلی خامنەیی ئیسڕائیلی ئاگادارکردەوە لە «چارەنووسێکی تاڵ و ئازاربەخش». سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، نەتانیاهو ڕایگەیاند کە «ئەم ئۆپراسیۆنە بۆ چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبێت کە پێویست بێت بۆ نەهێشتنی» ئەوەی وەک «مەترسییەکی ڕوون هەیە لەسەر مانەوەی ئیسرائیل» .

کاریگەریی لەسەر ناوچەکە

فڕۆکەخانەکان فەزای ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەتەواوی بەجێهێشت، کۆمپانیاکان گەشتەکانیان هەڵوەشاندەوە یان گۆڕیان.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئیسرائیل دەیان هەزار سەربازی بانگهێشت کردەوە و لە هەموو سنوورەکان ئامادەی کردن.

شکستی دیپلۆماسی

گفتوگۆکانی عەمان کە وەک کەرەستەیەکی گرنگ بۆ کەمکردنەوەی تەنگژە دەبینران، لە ئەنجامدا بەهۆی تێڕوانینە جیاوازەکانی هەردوو لا سەبارەت بە خاڵە بنەڕەتییەکان شکستیان هێنا. هەڵوێستی نەرێنی ئەمریکا بۆ پەسەندکردنی بەردەوامی پاڵاوتنی ئۆرانیۆم و پێداگری ئێران لەسەر ماف ئەتۆمییەکانی وەک هێڵی سوور، بووە هۆی کۆتاییهاتنی هەوڵە دیپلۆماسییەکان.

گۆڕانی هاوسەنگیی هێز

لێدانەکانی ئیسرائیل گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە هاوسەنگیی هێزەکانی ناوچەکە دروستکرد. بە ئامانجگرتنی فەرماندە پلەبەرزەکان و پێگە ئەتۆمییە سەرەکییەکان، توانی لە کاتی کورتدا کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر تواناکانی ئێران دروست بکات، فڕۆکەی یو٢ بەهۆی تایبەتمەندییە جەنگییە ناوازەکانی لە پێکان، کاریگەری، وردی و خێراییەکەی هاوسەنگی هێزی گۆڕی.

ئاکامە ئاسایشییەکان

ئەم ڕووداوانە ئەگەری شەڕێکی بەرفراوانی ناوچەیی زیاد کرد. لەگەڵ ئامادەیی ئێران بۆ تۆڵەسەندنەوە و بەرنامەی ئیسرائیل بۆ درێژەدان بە لێدانەکان، ناوچەکە نزیکبوویەوە لە مەترسی شەڕێکی فراوان و درێژخایەن، بەڵام دانوستانەکان لەلایەک گوشارەکان لەلایەکی دیکە، لەسەرووی هەموشیانەوە خەرجییە زۆرەکەی بەرفراوان بوونی جەنگەکە، دۆخەکەی لەسنوورێکدا ڕاگرت.

نەخشەی ئەمریکا

دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەیامێکی لەبارەی ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە «من زۆر دەرفەتم بە ئێران داوە بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک. بە توندترین وشەکان پێم گوتن کە تەنها بیکەن، بەڵام هەرچەندە هەوڵیان دا و هەرچەندە نزیکبوونەوە لە بەدیهێنانی، نەیانتوانی تەواوی بکەن.»

پێم گوتن کە جێگرەوەی ڕێککەوتنەکە، خراپتر دەبێت لەوەی کە دەیزانن، یان چاوەڕێی دەکەن یان پێیان گوتراوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان باشترین و کوشندەترین کەرەستەی سەربازی لە جیهان دروست دەکات، بە جیاوازییەکی زۆرەوە، و ئیسرائیل زۆر لەو کەرەستانەی هەیە، و زیاتریش دەبێت و ئەوان دەزانن چۆن بەکاری بهێنن. هەندێک لە توندڕەوانی ئێران بە ئازایەتی قسەیان کرد، بەڵام نەیاندەزانی خەریکە چ ڕوودەدات. ئێستا هەموویان مردوون و خراپتر دەبێت! پێشتر مەرگ و وێرانی زۆر ڕوویداوە، بەڵام هێشتا کات هەیە بۆ کۆتاییهێنان بەم کوشتارە، هەرچەندە هێرشە پێشوەخت و پلان بۆ دانراوەکان توندتر دەبن. پێویستە ئێران ڕێککەوتنێک مۆربکات، پێش ئەوەی هیچ شتێک نەمێنێت، بۆ ڕزگارکردنی ئەوەی جارێک بە ئیمپڕاتۆریەتی فارس ناسراوە.

با چیتر مەرگ نەبێت، چیتر وێرانی نەبێت. ئێستا بیکەن، پێش ئەوەی درەنگ بێت.»

وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا مارکۆ ڕوبیۆ لێدانەکانی ئیسرائیلی بە «کردەوەی یەکلایەنە» ناوبرد و ڕایگەیاند کە ئەمریکا «بەشداریی نەکردووە». ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە ئەمریکا دەیویست خۆی لە ئەگەری شەڕێکی ناوچەیی بە دوور بگرێت لە کاتێکدا پشتگیری ئیسرائیلی دەکرد.

ئەم ڕووداوانە نیشاندەری شکستی

دیپلۆماسی و گەڕانەوە بۆ لۆژیکی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەمەش ئەگەری ناسەقامگیریی درێژخایەن و شەڕی بەرفراوان لە ناوچەکەدا زیاتر کردووە.

ڕۆڵی جەنەراڵ مایکڵ کۆریلا

مایکڵ کۆریلا ئێستا بەرپرسی ناوەندی سینتکۆمە، کە ناوەندی گەورەی سەربازیی ئەمریکایە، بەرپرسە لە ئێران و ناوچەکە.

دیدی ئیسرائیلییەکان وابوو، ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئێران لە سەردەمی ئەودا گەرەنتی پشتیوانی سینتکۆم دابین دەکات، چونکە سینتکۆم بۆ نموونە لە ڕۆژانی ڕابردوودا گەورەترین بڕی فڕۆکەی تایبەت بە دابینکردنی بەنزین لە ئاسمان کە بە KC-١٣٥/KC-٤٦ ناسراون، هەیە.

کۆرێلا نەک هەر دۆستی ئیسرائیلە، بەڵکو هاوڕایە لەلێدانی ئێران، بۆیە ئیسرائیلییەکان دڵنیانەبوون لەوەی کە کێ جێگای دەگرێتەوە، بۆیە دەبوو پەلە بکەن لە کاتێکدا جەنەراڵ کۆرێلا ناوەڕاستی مانگی داهاتوو خانەنشین دەبێت.

پەرچەکردارەکان

لە هەمانکاتدا ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت هەڵوێست و پەرچەکرداری خەڵکی ئێرانە، چونکە ئەوەی ڕوونە، هەرچەندە ئیسرائیل لە کۆنترۆڵی ئاسماندا کاریگەربێت، ناتوانێت ڕژێم بگۆڕێت، چونکە ڕژێم لە سەر زەوییە.

ئێستا هەموو چاوەکان لە سەر ئەوەیە کە چۆن خامنەیی بکرێت بە کەسی بەرپرس لە دۆخەکە. لەم ڕووەوە، ناوەندە جیهانییەکان پشتەستوور بە ژێری دەستکرد و تیۆرەکانی زانستی سیاسەت، لە هەوڵی ئەوەدان بزانن ئێرانییەکان چۆن ڕەفتار دەکەن و سیناریۆکان چین.

سیستەمی ئێرانی خاڵێکی بەهێزی هەیە کە ئەگەری هەیە ببێت بە خاڵی لاوازی، ئەویش ڕۆڵ و پێگەی وەلی فەقیهە، کە خامنەییە. لەم ڕووەوە سوود لە داتاکان و تیۆرەی کاریزما وەردەگیرێت، لە گەڵ شەرعیەتدا. بە پێی داتاکان، لە پاش دەستپێکردنی هێرشەکان ناڕەزایی بەرامبەر ئەو زۆر زیادی کردووە، بۆیە کاتێک ئەو دەبێت بە بەرپرسی کێشەکان، ئەوا دەبێت بە ڕووی سیستەمەکە و ئاسانە بۆ خەڵکی کە ناڕەزایی بەرامبەری دەرببڕن. بە گشتی بۆ خەڵک ئاسانتر دژایەتی دەموچاوێکی ناسراو بکەن لە سیستەمێکی بێ دەموچاو.

دواجار گۆڕانکاری یان ریفۆرمکردن لە دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی لەئێراندا بووەتەوە بەکێشەیەکی ناوخۆی ئێرانییەکان لەوەی چۆن و بە چ ئاڕاستەیەک تێدەپەڕن.

وەرچەرخانی گەورە ئەوە بوو ئەمریکا بە فەرمی هاتە ناو جەنگەکە و دەستەبەرکردنی فڕۆکەی بی٢ بۆ لێدانی کورە ئەتۆمییەکانی نەتەنز، فوردۆ و ئیسفەهان، ئەوە بوو دوای ئەو لێدانە، دۆناڵد ترامپ کۆتاییهاتنی چەکی ئەتۆمی ئێرانی ڕاگەیاند و قۆناغی دوای ئاگربەست هەلومەرجێکی نوێیە بۆ گەڕانەوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکان لە پێناوی گەڕانەوەی جۆرێک لە سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

یەکسانیی ڕەگەزیی

پرۆژەیەك بۆ بەدیهێنانی یەكسانیی ئەرك و ماف لەناو هێزی پێشمەرگەدا

بەدواداچوونی میدیایی

ئامادەكردنی: هیوا فاتح
وێنەگرتن: كاروان ڕەزا

گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئارادایە کە دەتوانێت شێوازی کارکردن و پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بگۆڕێت. وەزارەتی پێشمەرگە لە چوارچێوەی پرۆژە چاکسازییەکانی بەئامانجی یەکخستن و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، قۆناغەکانی پرۆژەی یەکسانیی ڕەگەزی بە کۆتاهێناوە لە هەنگاوی کرداریدایە بۆ جێبەجێکردنی. بە گوتەی توێژەران ئەم هەنگاوە «بە شۆڕشێکی بێدەنگ ناودەبرێت» لەبەرئەوەی دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر داهاتووی هێزی سەربازی و لایەنی کۆمەڵایەتی هەبێت. پرۆژەکە ئەوە دەردەخات کە وەزارەتی پێشمەرگە پەرۆشە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ژنان و ئافرەتان و ئامانجیەتی لە بواری سەربازیدا ڕۆڵیان لە گشت یەکە سەربازییەکاندا شانبەشانی پیاوان هەبێت. ئامانجی سەرەکی پرۆژەکە بەدیهێنانی یەکسانییە لە نێوان پیاو و ئافرەت لەڕووی ئەرک و مافەکان. چاودێرانی سەربازیی پێیان وایە، پرۆژەکە چەندین دەرەنجامی گرنگی دەبێت وەک: زیادکردنی دەرفەتی کار بۆ ئافرەتان و ژنان، پەرەپێدانی تواناکانیان لە ڕێگەی ڕاهێنانی پێشکەوتوو، پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی یەکسانیی ڕەگەز و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

گۆڤاری پێشمەرگە لە دۆسیەیەکی تایبەتدا، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە پلان و بەرنامە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە سەبارەت بە پرۆژەی یەکسانیی ڕەگەز، چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تیمی پرۆژەکە ئەنجامدا کە تێیدا قۆناغ و هەوڵەکانی ئەم پرۆژە گرنگە دەخەخاتەڕوو.

هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی پرۆژەكە

عەقید مەجید بادین حەمەد، سەرۆکی تیمی پرۆژەی یەکسانیی ڕەگەز لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا، باسی لە گرنگیی پرۆژەکە و ڕۆڵی ئافرەت لە ناو هێزی پێشمەرگە کرد و گوتی: لە سەرەتای دروستبوونی وەزارەتی پێشمەرگەوە، هەوڵدراوە بایەخێکی زۆر بە ڕۆڵی ژنان و ئافرەتان لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بدرێت. لە زۆر بواردا سوود لە تواناکانیان وەرگیراوە، قۆناغ بە قۆناغ

مەبەستی پرۆژەکەمان پشتگیریکردن و کارکردنە لەسەر سیاسەتی یەکسانی ئەرك و ماف لە نێوان پیاوان و ژنان، بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان ئافرەت و پیاودا.

کارکراوە بۆ ئەوەی ژمارەی ئافرەتان و ژنان لەناو یەکە کارگێرییەکانی ناو وەزارەت و بەش و یەکە جیاوازەکانی تری سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە زیادبکرێت. پاشان لە کۆلێژەکانی سەربازی و بنکەکانی مەشق ئافرەتان و ژنان وەرگیراون و بەشێکی بەرچاو لەوانە سەرکەوتووانە، توانیان قۆناغەکانی خوێندن و مەشق و ڕاهێنانە سەختەکان بە باشی تێپەڕێنن.

لە وەزارەتی پێشمەرگە لە یەکە سەربازیەکانی تر، ژمارەیەک لە ئەفسەر و کارمەندانی ئافرەت بەرچاو دەکەون، هەریەکەیان سەرباری هەموو سەختی و نارەحەتییەکانی ژیان، بەپێی پۆست و پایەی خۆیان خزمەت بە دامەزراوەی سەربازی دەکەن.

بەڕێوەبەرایەتیی یەکسانیی ڕەگەز وەك یەکەیەك بۆ پشتگیری و پشتیوانی لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی ئافرەتان لەناو ریزەکانی پێشمەرگەدا دامەزراوە. بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکان، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە پشتبەستن بە مادەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو دامەزراوە. دامەزراندنەکەشی بەپێی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی وەزیران، ژمارە (١٩) لە ڕۆژی ٢٠١٦/١١/٢٢ بووە کە لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان و بە بڕیاری ژمارە (٩٨)ی ئەنجوومەنی وەزیران و بە واژۆی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی وەزیران، بڕیاری دامەزراندنی یەکەی یەکسانیی ڕەگەز لەناو وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان درا. بە پشتبەستن بەم بڕیارانە و لە چوارچێوەی پرۆژە چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، پرۆژەی یەکسانیی ڕەگەز وەک یەکێک لە پرۆژە ستراتیژییەکان بە هەند وەرگیرا.

بەپێی زانیارییەکانی گۆڤاری پێشمەرگە، وەزارەت کاری جدی لەسەر ئەم پرۆژەیە کردووە و لە ئێستادا، بە هەماهەنگی لەگەڵ تەواوی یەکەکان و بە ڕاوێژکاری هێزەکانی هاوپەیمانان پرۆسەکە بەردەوامە، هەروەها گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی بیرورا لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان کراوە. سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دەڵێن، توانراوە پرۆژەیەکی ستراتیژیی بۆ خزمەتی هێزی پێشمەرگە و گرنگیدان بە ڕۆڵی ئافرەتان بهێنرێتە ئاراوە. وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاندووە کە لە ئێستادا پرۆژەکە تەواو ئامادەیە بۆ جێبەجێکردن.

موقەدەمی مافپەروەر، زەریفە عەبدوڵڵا عەلی، بەڕێوەبەری تیمی پرۆژەکە ڕوونی کردەوە «تیمی پرۆژەی

بۆ جێبەجێکردنی پلان و کار و ئەرکەکانی تیمی پرۆژەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو لایەنەکان کارمان کردووە

یەکسانیی ڕەگەز پێکهاتووە لە دوو ڕاوێژکاری باڵای وەزارەت لەگەڵ سەرۆکی تیم و بەڕێوەبەر و سێ ئەفسەری پسپۆڕ وەك ئەندام»، بەرپرسی تیمەکە وای گوت. هەروەها ئاشکرای کرد کە لە سەرەتای پرۆسەی نووسینەوە و داڕشتنەوەی پرۆژەکەدا، تیمەکە بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە هەوڵدا بووە بۆ گەڕان و کۆکردنەوەی زانیاریی تەواو و ورد لەسەر چۆنیەتی ئامادەکردنی پرۆژەکە. بە هەماهەنگی لەگەڵ تەواوی یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، بە پێی خشتەیەکی دیاری کراو، ڕۆژانە کاتەکانمان دابەشکردووە بە مەبەستی جێبەجێکردن و کۆبوونەوەکانمان لە بارەی ئەنجامدانی پلانی پرۆژەکە.

گوتیشی: بە ڕاوێژ لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان و بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونیان لەم بوارەدا، گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیرورای پێویست لەو بارەیەوە کراوە، تاوەکو نووسینەوە و بەئەنجام گەیاندنی پرۆژەکە.

عەقید / مەجید بادین

موقەدەم زەریفە ئاماژەی بەوەش کرد کە لەبەر ئەوەی پرۆژەکە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی گرنگی هەیە، تیمی پرۆژەکە چەندین گەشتی مەیدانی بۆ سەردانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ئەنجامداوە.

راشی گەیاند «ئامانجمان لەم سەردانانە خستنەڕووی ناوەڕۆک و برگەکانی ناو پرۆژەکە و وەرگرتنی را و بۆچوونی بەرپرسان و پسپۆران بوو دەربارەی پرۆژەکە. لە بارەی گرنگی و بەردەوامی زیاتر بە برگەکانی ناو پرۆژەکە، سەرنج و تێبینییەکانیان لەو بارەیەوە بە هەند وەرگیرا».

دەربارەی ڕێژەی ژنان لە ناو یەکە جیاوازەکانی هێزی پێشمەرگە و چۆنیەتی زیادکردنی ئەم ڕێژەیە، موقەدەم زەریفە لە درێژەی قسەکانیدا ئەوەی خستەڕوو: ڕێژەیەکی کەمی ئافرەتان و ژنان لە ناو یەکە جیاوازەکان هەن. لە پرۆژەکەدا

موقەدەم / زەریفە عەبدوڵڵا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

تویژەران ئەم هەنگاوە بە شۆڕشێکی بێدەنگ ناودەبەن، لەبەرئەوەی دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر داهاتووی هێزی سەربازی و لایەنی کۆمەڵایەتی هەبێت.

پلانی تایبەت دانراوە بۆ زیادکردنی ڕێژەکە لە گشت یەکەکاندا، هەروەها کارکراوە بۆ گواستنەوەی ئافرەتان و ژنان لە هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ بۆ ناو پەیکەری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ هێنانە پێشەوەیان لە سیکتەرەکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕی و تەندروستی و مەشق و ڕاهێنان.

پرۆژەکە شۆڕشێکی بێدەنگە بۆ مافی ئافرەتان

بۆ زیاتر ئاشنابوون لە ناوەڕۆک و گرنگیی پرۆژەکە و هەنگاوەکانی، موقەدەم زوبەیدە سابر عەبدوڵڵا، ئەندامی تیمی پرۆژەی یەکسانیی ڕەگەز بۆ گۆڤاری پێشمەرگە دوا و گوتی: ئەم پرۆژەیە هەوڵەکانی بۆ یەکسانی ئافرەتان و ژنانە لە ماف و ئەرك لە وەزارەتی پێشمەرگە. هەرچەندە کۆمەڵێك خەسڵەت و هەڵسوکەوت و نەریتی کۆمەڵایەتی هەن کە دەبنە کۆسپ و تەگەر بۆ هاتنە پێشەوەی ئافرەت لە گشت بوارەکاندا، بەڵام سەرخستنی ئەم پرۆژەیە و بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەت، پەیوەستە بە ڕەچاوکردنی لایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەریتە جیاوازەکانی وڵاتەکەمان. مەبەستی پرۆژەکەمان پشتگیریکردن و کارکردنە لەسەر سیاسەتی یەکسانی ئەرك و ماف لە نێوان ژن و پیاودا.

پرۆژەی یەکسانیی ڕەگەز وەك یەکێك لە پرۆژە ستراتیژییەکان و لەلایەن یەکەکان و بە ڕاوێژکاری هێزەکانی هاوپەیمانان بە هەند وەرگیراوە.

پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو ڕەگەز لە ئەرك و مافدا، پێویستی بە فەراهەمکردنی هەلومەرجێکی گونجاو و ژینگەیەکی لە بارە بۆ بەیەکەوە کارکردن، کە دوور بێت لە هەر جۆرە بێزارکردن و فەرامۆشکردنێك.

موقەدەم زوبەیدە لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەدا: وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ زیاتر بەهێزکردن و پاراستنی ئەو دەستکەوتانە بە مەبەستی زیاتر پەرەپێدانی پرسی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو لە ئەرك و ماف لە گشت دامەزراوەکانی وەزارەت، بۆ ئەوەی زیاتر ڕێگا خۆش بکرێت بۆ پەرەپێدانی دەرفەتی یەکسانی و زیاتر هاتنە پێشەوەی ئافرەت لە گشت ئاستەکانی کارگێڕی و مەیدانی و بڕیارداندا.

یەکسانیی ڕەگەزی ڕەخساندنی هەلی زیاتر

ڕائید سامان عومەر عەبدولمەجید، ئەندامی تیمی پرۆژەکە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری پێشمەرگە ئەوەی خستەڕوو: بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەکە و چوونە بواری جێبەجێکردنی، خزمەت بە پێشکەوتن و بەهێز بوونی پێشمەرگە دەکات. لە هەمان کاتدا ڕەخساندنی هەلی کارە بۆ ئافرەتان و زیاتر گەشەپێدانی تواناکانە لە ڕێگەی پرۆژەی یەکسانی ڕەگەزەوە. دەرفەتی وەرگرتنی ڕاهێنانی پێشکەوتوو و تایبەتمەندیان لە بوارە جیاوازەکانی ناو هێزی پێشمەرگەدا بۆ دەرەخسێت، ئەمەش پابەندبوونی وەزارەتی پێشمەرگەیە بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە یەکسانی ڕەگەز. هەروەها یەکسانی لە ئەرك و مافەکانی پیاوان و ژنان، دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر دەرخستنی ڕۆڵ و تواناکانی ئافرەتان و ژنان لە بواری سەربازی. یەکێکی تر لە سوودەکانی پرۆژەکە، پتەوبوونی متمانەی زیاترە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان و بەرقەراربوونی دادوەریی کۆمەڵایەتییە لەناو هێزی پێشمەرگەدا. ئەم پرۆژەیە هەوڵەکانی بۆ دەرخستن و کاراکردنی ڕۆڵی ئافرەتانە کە دەبێتە

موقەدەم / زوبەیدە سابر

هۆی زیادکردنی وزەی مرۆیی لەناو هێزی پێشمەرگەدا.

سەرچاوە نزیکەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە باس لەوە دەکەن کە پرۆژەکە بە شێوەیەکی گشتگیر و بە ڕاوێژ لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، حزب و لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان ئامادە کراوە. پرۆژەکە جەختدەکاتەوە کە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و زیادکردنی وزەی مرۆیی لەناو وەزارەتی پێشمەرگەدا، کە تایبەتە بە یەکسانی ڕەگەز لەناو هێزی پێشمەرگە. ئامانجی سەرەکیی پرۆژەکە بەدیهێنانی یەکسانییە لە نێوان پیاو و ئافرەت لەڕووی ئەرک و مافەکان. پرۆژەکە چەندین دەرەنجامی گرنگی دەبێت، وەک زیادکردنی دەرفەتی کار بۆ ئافرەتان، پەرەپێدانی تواناکانیان لە ڕێگەی ڕاهێنانی پێشکەوتوو، پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی یەکسانیی ڕەگەز و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

ڕائید / سامان عومەر

شەهیدی فەرماندە

عەمید سەربەست شێخ عەلی

● ئامادەکردنی : سەرباز محەمەد

شەهیدی فەرماندە عەمید سەربەست شێخ عەلی، لە ١١ی تەمووزی ١٩٦٦ لە گوندی کانی هەنجیری شێخ جامی ناحیەی سووورداش- دوکان چاوی بەدونیا هەڵێناوە. لە نێو خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەری وەک شێخ سدیقی کانی هەنجیرە پەروەردە بووە کە یەکێک بووە لەو تێکۆشەرانەی بەشداریی شەڕی دەربەندی بازیانی کردووە. لەبەر ئەوەی ناوچەی سووورداش لانکەی پێشمەرگە و شۆڕش و قوربانیدان بووە، هەر لە سەرەتای تەمەنیدا ئاشنای پێشمەرگایەتی بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە کانی خان و ناوەندی لە دوکان و ئامادەیی پیشەسازی لە سلێمانی تەواوکردووە.

لە ساڵی ١٩٨٠ لە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چووەتە ناو کاری ڕێکخراوەییەوە. دوای چوار ساڵ کاری نهێنی ڕێکخستن لە شاردا، لە ١٩٨٤ چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان. هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شایەتی بوێریی و ئازایەتی بۆ ئەدەن، لەبەر ئەوەش، ئەرکەکانی دڵسۆزانە جێبەجێکردووە لەو پێناوەشدا سێ جار لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بریندار بووە.

شەهید شێخ سەربەست لە ساڵی ١٩٨٤ەوە تا دوای ئەنفالەکان فەرماندەی مەفرەزە بووە لەسنوری سووورداش، بەشداری دەیان چالاکیی قارەمانانە بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی بەعسی داگیرکەردا. لە شەڕێکدا لە گوندی قەمچوغە بەسەختی بریندار بووە. بەشدارێکی چالاکی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بووە و لە لە گرتنی مەعەسکەر خالید لە کەرکووک بۆ جاری دووەم زۆر بە سەختی بریندار بووە.

لەساڵی ١٩٩١ تا ١٩٩٣ لە بەتالیۆنی دوکان فەرماندەی تیپ بووە، بەشدارییەکی دیاری لە شەڕی تیرۆریستانی جوندولئیسلامدا هەبوو و تا پاککردنەوەی ناوچەی شارەزوور بێوچان لەئەرکدا بووە. لەساڵی ١٩٩٦ تا ساڵی ٢٠٠٠ فەرماندەی لەشکری ٢ی تایبەت، لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٤ جێگری فەرماندەی پیرەمەگروون و لەساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠ جێگری فەرماندەی فەوجی بەرگریی و فریاکەوتن بووە لە بەنداوی دوکان.

لە ساڵی ٢٠١٠ بووە بە فەرماندەی فەوجی ٤ی لیوای ٢ی پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان. زۆر حەیف و مخابن لە ٣١ی ٨ی ٢٠١٤ لە شەڕ لەگەڵ تیرۆریستانی داعش لەگوندی یەنگیجەی میحوری دوزخورماتوو، چووە کاروانی شەهیدانی شەڕی پاراستنی کوردستان.

شەهیدی فرماندە شێخ سەربەست لە دوای خۆی پێنج منداڵی چاوگەشی بۆ کوردستان جێهێشتووە بە ناوەکانی (باڤێڵ، ژوان، بڕوا، بڵند و مەزن).

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدی فەرماندە شێخ سەربەست و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای کوردستان.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شەهیدی زیندوو

لە بناری سەفینەوە بۆ پێدەشتەکانی کەرکووکی کوردان

ئامادەکردنی: ئەحمەد مەلاشێخ

لە کۆڕێی بناری سەفینەشێتی خۆشناوان، لە باوەشی خێزانێکی کوردپەروەر کە ویژدان و ئیرادەی زیندووی تێدا بوو، لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێشی ئەم نیشتمانە بریندارە، لەناو کلپە و گڕی شۆڕشی ئەیلوول، لە یەکی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤دا، مناڵێکی چاوگەشی نیشتمان لەدایک بوو. بۆ شادی و دڵخۆشی ناویان نا «دڵشاد»، بەهیوای ئەوەی ببێتە مایەی دڵشادیی خانەوادەکەی.

عەقید دڵشاد خدر حەمەدەمین، کە بە «دڵشاد کۆڕێ» ناسراوە، کوڕی پیاوێکی تێکۆشەری ئەوسای شۆڕش بووە. مام خدر کۆڕی باوکی پێشمەرگەیەکی جەربەزە و کادرێکی سەرکەوتووی شۆڕشی ئەیلوول بووە کە کاریگەریی گەورەی لەسەر شێوەپێدانی کەسایەتی کوڕەکەی هەبووە.

دڵشاد لە بناری پیرمام لە شارەدێی کۆڕێ لە بنەماڵەیەکی جووتیار، کوردپەروەر و شۆڕشگێر گەورە بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆڕێ و پاشان ئامادەیی پیشەسازیی شەقلاوەی لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ تەواوکردووە. لە تەمەنی کەمەوە خولیای ئازادی و پاراستنی نیشتمان لە دڵیدا هێلانەی چێ کردبوو، بۆیە کاتێک ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕوویدا، بەوپەڕی هەستی بەرپرسیارەتییەوە بەشداری کرد.

لە نۆی ئازاری ١٩٩١دا دڵشاد بووەتە پێشمەرگە و دەستی بە گەشتێکی درێژ لە ڕێگای خزمەتگوزاری و پاراستنی نیشتمان کرد. بە جدییەت و دڵسۆزی، پلەکانی پێشمەرگایەتی و ڕێکخراویی بڕیوە تاکو لە ساڵی ٢٠١٢ گەیشتە پلەی عەقید. لەگەڵ تەشکیلبوونی لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە، لە لیوای ١١ی پیادە وەکو ئەفسەری حەرەکاتی فەوجی یەکەمی لیوای ١١ی پیادە دەستی بەکار کرد.

عەقید دڵشاد ئەفسەرێکی بەتوانا و هەڵسوڕاو، فەرماندەیەکی شارەزا و ئازا کە زۆر بە سەرکەوتوویی ئەرکەکانی خۆی وەک ئەفسەری حەرەکات بەجێگەیاند. هاوڕێکانی و ئەوانەی لەژێر فەرماندەیی ئەودا کاریان دەکرد، بە پێزانین و ڕێزەوە باسی دەکەن.

بەڵام تاقیکاری سەختی ژیان لە ڕۆژی ١٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧ چاوەڕوانی بوو. لە باشووری کەرکووک لە سنووری

مەلا عەبدوڵڵا، کاتێک لە پاراستنی خاکی نیشتمان بەدوای ئەرکەکەیەوە بوو، بە سەختی بریندار بوو و بەهۆی ئەم برینەوە کەمئەندام بوو.

بەهۆی سەختی برینەکەیەوە چەندین مانگ لە نەخۆشخانەکانی کوردستان لەژێر چاودێریی چڕی پزیشکی مایەوە،

بەڵام باری تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو و توشی هەوکردنی ژاراوی بوون بوو. بۆ چارەسەر سێ جار ڕەوانەی تورکیا کرا، لەوێش چەندین نەشتەرگەری قورسی بۆ ئەنجامدرا، بەڵام بەهۆی شکانی بڕبڕەی پشت و شکانی جومگەی سەرەکیی قاچی، نەیتوانی سەر پێ بکەوێتەوە.

جارێکی تر ڕەوانەی وڵاتی ئەڵمانیا کرا، لەوێش دوای چەندین مانگ، نەشتەرگەریی بڕبڕەکانی پشت و نەشتەرگەریەکی گۆڕینی جومگەی بۆ کرا. دواتر بە بڕیاری وەزارەتی پێشمەرگە، بە کەمئەندامی سەنگەر بەڕێژەی لەسەدا هەشتا و پێنج خانەنشین کرا.

زیاتر لە چوار ساڵ لەژێر چارەسەری بەردەوامدا بوو و توانرا تا ئاستێک بتوانێ بە پێیەکانی بڕوات، بەڵام تاکو ئێستاش بەتەواوی چارەسەر. ئێستاش پێویستی بە نەشتەرگەریەکی هەناو هەیە کە لە دەرەوەی وڵات دەکرێت.

لەڕووی ژیانی کەسییەوە، عەقید دڵشاد لە نۆی ئەیلوولی ١٩٩٤ لەگەڵ ئاوات خان خێزانی پێکهێناوە. هاوسەرەکەی ئافرەتێکی بەهێز و بەرگریکارە کە هەمیشە پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ خۆی و خانەوادەکەی، بەتایبەتی لە ئەم ساڵانەی نەخۆشیدا. ئەوان خاوەنی سێ کچ و دوو کوڕن بەناوەکانی شاڵاو، ئیمان، شەهێن، شەیدا و محەممەد.

ئێستا ناوبراو لە شەقڵاوە نیشتەجێیە و وەک جێگری فەرماندەی هێزی خەبات خزمەت بە خانەنشینان و کەمئەندامانی پێشمەرگە دەکات. جێگای ستایشە کە سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و ئازارەکان، هێشتا بە هەمان ڕۆحی خۆشەویستی و خزمەتگوزاری، لە کارکردن بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی وەک خۆی قوربانییان بۆ ئەم نیشتمانە داوە، بەردەوامە.

کێشەی دڵشاد کۆڕێ، تەنها کێشەی خۆی نییە، بەڵکوو نموونەیەکە لە هەزاران پێشمەرگەی ئەم نیشتمانە کە لە ڕێگای پاراستنی خاک و خەڵکدا قوربانیان داوە و کەمئەندام بوون. ئەمانە قارەمانانی ڕاستەقینەی ئێمەن کە شایستەی ڕێز و پێزانینی زیاترن.

هیوای تەندروستی و تەمەندرێژی بۆ ئەم پێشمەرگە قارەمانە دەخوازین، هیواداریین کە چارەسەری تەواوی بۆ بدۆزرێتەوە و بە خۆشی و ئارامی ژیان بەسەر ببات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چیرۆکی سەرکەوتووەکان

موقەدەم ئەرکان ئەحمەد ڕۆژبەیانی

نموونەیەك لە ئەفسەری پیشەیی پێشمەرگە

● ئامادەکردنی: فەوزی گۆران

بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، یەکێکە لەو بەڕێوەبەرایەتییە چالاکانەیە کە لە سەرەتای دامەزراندنی وەزارەتی پێشمەرگەوە دەستی بەکار کردووە. بەردەوام ئەفسەری لێهاتوو، پسپۆر و پیشەیی لەخۆ گرتووە و کارەکانی بە باشترین شێوە ئەنجام داوە.

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: پەیوەندییەکانی دەرەوە، کاروباری گشتی و تەشریفات. ئەرکی سەرەکی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە وەک پردی پەیوەندیی کارکردنە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە لەلایەک و دامەزراوە حکومییەکان، هێزە سەربازییە فرەنەتەوەییەکان، کۆنسوڵخانە و پاشکۆ سەربازییەکان، ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیی ناوخۆیی و دەرەوە لەلایەکی ترەوە.

ڕۆڵی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە زیاتر لە ساڵی ٢٠١٤ لە شەڕی دژ بە داعش ئاشکرا بوو، کاتێک هاوپەیمانیەتیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە هەولێر دامەزرا. تیمی سەربازیی هاوپەیمانان لە ڕێگەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییەوە، هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و یەکەکان کرد.

زۆربەی ئەفسەرەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە جگە لە زمانی دایک، زمانێکی تر دەزانن. هەروەها پێویستە شارەزایی باشیان لە هەنگاوەکانی پڕۆسەی هەماهەنگیکردن، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئیمێڵ، و شێوازی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەفسەرە فرەنەتەوەییەکان و کارمەندانی بیانی هەبێت.

یەکێک لە ئەفسەرەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە موقەدەم ئەرکان ئەحمەد ڕۆژبەیانییە.

پێناسەی کەسایەتی

موقەدەم ئەرکان ئەحمەد ڕۆژبەیانی خەڵکی ناحیەی زێڵکان سەر بە قەزای شێخان/مووسڵ، ساڵی ١٩٨٦ لەدایک بووە و لە ئێستادا دانیشتووی شاری هەولێرە. قۆناغی خوێندنی لە ناحیەی کەلەکچی/قەزای شێخان تەواو کردووە و دەرچووی ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ

لە ساڵی ٢٠٠٧ (خولی ژمارە ١٠)یە و بە نمرەی زۆر باش پلەی ملازمی دووی وەرگرتووە.

کارنامەی سەربازی

سەرەتا لە سوپای عێراق (لیوای/٤ فیرقەی٢) لە شاری مووسڵ خزمەتی سەربازی کردووە. پاشان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بە فەرمانێکی وەزاری گواستراوەتەوە ناو ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگە و لە هێزەکانی ٨٠ لە فەرماندەی پاراستنی ژینگە یەکەی ٥١ خزمەتی کردووە.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ لە بارەگای هێز لە زاویتە سەرپەلی مەشق بووە. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٩ گواستراوەتەوە بۆ بارەگای فەوجی ٥١٢٣ وەک ئەندامی بەشی چالاکی فەوج کاری کردووە تا ساڵی ٢٠١٤.

خوێندنی مەدەنی

موقەدەم ئەرکان ئارەزووی لە خوێندن بووە و جگە لە بواری سەربازی، گرنگی بە خوێندن لە کۆلێژی مەدەنی داوە، بۆیە لەگەڵ بەردەوامی ئەرکی سەربازی، لە ساڵی ٢٠٠٩ دووبارە دەستی بە خوێندن کردووە لە زانکۆی دهۆک، کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتی/ئێواران، بەشی ئادەب و زمانی ئینگلیزی. لە ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەو زانکۆیە وەرگرتووە.

بەشداریی لە شەڕی دژ بە داعش

لە سەرەتای سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ لەو شەڕەدا بەشداری کردووە. وەک بەرپرسی هەواڵگری فەوجی ٥١٢٣ کاری کردووە و لە پرۆسەی ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە محوری ٨ی ڕۆژئاوای دجلە لە گوندەکانی سەرسنووری ڕۆژهەڵاتی سووریا (عەلیوکا، سۆفەیە، خرابە تبن، گلگامێش و کاخرتە) بەشداربووە. لە کۆتاییدا لە ساڵی ٢٠١٦ فەوجەکەیان لە گوندی (سەهڵ مەلاح) جێگیرکرا.

بەرزکردنەوەی پلە و گواستنەوە

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ بەشداری کردووە لە خولی فەرماندەیی لە کۆلێژی ئەرکان/چوارقورنە و بە سەرکەوتوویی بڕوانامەی وەرگرتووە. لە زنجیرەی یەکەمەکانی خولەکە بووە.

لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٦ گواستراوەتەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە، بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان. سەرەتا وەک وەرگێڕی

سەربازی و شارەزای زمانەوانی لەناو بەڕێوەبەرایەتی و لەگەڵ هاوپەیمانان کاری کردووە. پاشان لە ساڵی ٢٠١٧ پایەکەی بەرزکرایەوە بۆ ئەفسەری ڕوکنی هەمان بەڕێوەبەرایەتی.

خوێندن لە دەرەوەی وڵات

لە ساڵی ٢٠١٩ دوای پێشبرکێیەک لەگەڵ ژمارەیەک زۆر لەو کەسانەی داوای خوێندنیان پێشکەش کردبوو، ناوبراو لە سکۆلارشیپی وڵاتی هەنگاریا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا هەڵبژێردرا. دوای وەرگرتنی مۆڵەتی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

فەرمی، دەستی کردووە بە خوێندن لە ساڵی ٢٠١٩ لە وڵاتی هەنگاریا لە زانکۆی ئەلتە (ELTE) لە شاری بۆداپست.

دوای دوو ساڵ، ماستەری لە ئادەبی ئینگلیزی وەرگرتووە. پاشان گەڕاوەتەوە هەمان بەڕێوەبەرایەتی و پایەی ئەفسەری ڕوکنی پەیوەندییەکانی وەرگرتووە.

سپاس و ڕێزلێنان

لە ماوەی کارکردنی لە بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان، بە لە بەرچاوگرتنی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە باشی، لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان و ڕاوێژکارە سەربازییەکانەوە، چەندین میدالیای ڕێزلێنان و بڕوانامەی سوپاس و پێزانینی پێبەخشراوە.

بەشداریی لە خولی کۆلێژی جەنگی ئاسمانی

لە ساڵی ٢٠٢٣ لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازییەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی هاوکاریی ئاسایش (OSC-I) لە کۆنسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر، بۆ بەشداریکردن لە خولی کۆلێژی جەنگی ئاسمانی (AWC) لە شاری ئەلاباما لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرا.

دوای ساڵێک خوێندن شان بەشانی (٤٧) ئەفسەری نێودەوڵەتی و ژمارەیەک ئەفسەری ئەمریکی، لە ساڵی ٢٠٢٤ بە سەرکەوتوویی خولەکەی تەواو کردووە.

لەم خولەدا، لەلایەن باشترین مامۆستا و ئەفسەری پسپۆڕ و شارەزای ئەو وڵاتە، ئەم وانە سەربازییانە پێشکەش بە بەشداربووان دەکرێت: بیرۆکەی دامەزراندن و ئامانج لە ستراتیژی، زانستی سەربازی و سیاسەتی ستراتیژیی نێودەوڵەتی بە وردی لە ئاستی بڕیاردان دەخوێندرێت.

بەشداربووی ئەم خولە ئاشنا دەبێت بە مێژووی ستراتیژیی سەربازی، سەرکردایەتیکردن، ئامانج و توانا و پێکهاتەی سوپای زلهێزەکان، پەیوەندیی سەربازی بە بەرەپێشچوونی تەکنۆلۆژیا و سایبەر و زیرەکی دەستکرد، کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر هێزە سەربازییەکان، پلاندانان و پێشبینی شەڕی داهاتوو.

لە ماوەی خوێندنەکەدا بە گشتی، گرنگی بە چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە ئامرازی نوێی شەڕکردن دەدرێت. ڕاستە سروشتی شەڕ ناگۆڕێت، بەڵام ئامرازی شەڕکردن بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت و گرنگی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەدا دەردەکەوێت. واتە لەڕووی تایبەتمەندیی چۆنیەتی شەڕکردن و تەکنۆلۆژیا و ئامرازی بەکارهێنراوەکان و چوارچێوەی جیۆپۆلیتیکی دەگۆڕێت.

لە جیهانی ئێستادا، ئامرازە تەقلیدییەکان ڕۆڵیان کەمبووەتەوە و زیاتر شەڕ بە درۆن و تەکنۆلۆژیا و زیرەکی دەستکرد و شەڕی دەروونی دەکرێت. بۆیە پێویستە لە ئێستادا کە هەڕەشەی داعش لاواز بووە و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو گۆڕانکاری دەچێت، وەزارەتی پێشمەرگە دەرفەتی زیاتر ببەخشێتە ئەفسەرەکان بۆ بەشداریکردن لە مەشق و ڕاهێنان تا پەرە بە زانیاری سەربازی بدەن.

لە ئێستادا موقەدەم ئەرکان بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە لە بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان. هیوای هەمیشە سەرکەوتنی بۆدەخوازین.

ئینسایکلۆپیدیای سیاسی و سەربازی

ئامادەکردنی: محەمەد حاجی

دکتۆر فیراس ئەلبیتار ئامادەی کردووە، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئوسامە لە عەممانی پایتەختی وڵاتی ئۆردون، لە ساڵی ٢٠١٣ بڵاویکردووەتەوە. لە شەش بەرگی قەبارە گەورەی تەواوکاری یەکتر پێکهاتووە، ٢٥٤٤ لاپەڕەیە.

ئەم کتێبە ئینسایکلۆپیدیایەکی گرنگە لە زاراوە و چەمکە سیاسی و سەربازییەکان وردبووەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بەم بابەتانە داوە:

- شیکردنەوەی چەمکە سیاسی و سەربازییەکان.
- ڕووداوە مێژووییە گرنگەکانی وەک شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩.
- گۆڕانکارییەکان لە ئەورووپا و کاریگەرییەکانی لەسەر جیهان.
- پەرەسەندنەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەم.
- جەنگەکانی جیهانی و کاریگەرییان.
- ماوەی جەنگی سارد و پەرەسەندنە سیاسی- سەربازییەکانی ئەم قۆناغە.

لەڕووی تایبەتمەندییەوە، زاراوەکان بە ئەلف بێ ڕێکخراون، دابەشکردنێکی سیستماتیکی بۆکراوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی چەمک و زاراوەکان بدۆزرێنەوە. ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ چەمکەکان کراوە، ئەوەش وایکردووە ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ فێرخواز و توێژەران. بەواتایەکی دیکە ئەم ئینسایکلۆپیدیایە سەرچاوەیەکی گرنگ و بایەخدارە بۆ ئەوانەی کە لە بواری زانستی سیاسەت و کاروباری سەربازی دەخوێنن یان کار دەکەن.

بەپێی ئەوەی لە پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە، ئەم بەرهەمە زانستییە لەڕووی مەبەست و ئامانجەوە لەسەر بنەمایەکی پتەو و بایەخدار دروستکراوە. نووسەر لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بە گرنگی ئەو موسوعەیە دەکات کە لەبەردەم ئامادەکارانی بواری سیاسەت و سەربازیدا دانراوە.

مەبەستی سەرەکی

وەک لە پێشەکییەکەیدا ڕوون کراوەتەوە، ئەم کتێبە هەوڵی داوە ئەو کەلێنە چارەسەر بکات کە لە تێگەیشتن لە چەمکە سیاسی و سەربازییەکاندا هەیە. نووسەر باس لەوە دەکات کە زۆرێک لە دەربڕین و زاراوەکان کاریگەریی گەورەیان لەسەر پەرەسەندنی مێژووی نەتەوەکان هەبووە.

پاساو و هۆکاری نووسین

پێشەکییەکە دوو هۆکاری سەرەکی بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە دەخاتەڕوو:

یەکەم: هەڵبژاردنی ساڵی ١٧٨٩ وەک خاڵی دەستپێک، کە ساڵی شۆڕشی فەرەنسییە. ئەم شۆڕشە وەک خاڵێکی گۆڕانکاریی گەورە لە مێژووی ئەورووپا و جیهاندا دەبینرێت کە دەرئەنجامی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو.

دووەم: هەڵبژاردنی سەدەی بیستەم وەک سەردەمێک کە دوو جەنگی جیهانی و سەرهەڵدانی دوو گەورە قوتابخانەی سیاسی- ئابووری (سۆشیالیست و سەرمایەداری) لەخۆ گرتووە، ئەم سەردەمە بە سەردەمی جەنگی سارد ناسراوە کە کاریگەریی گەورەی لەسەر پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکان هەبووە.

شێوازی مامەڵەکردن

نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە، هەوڵی داوە شێوازێکی نوێ بەکاربهێنێت. ئەم شێوازە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی بابەتی و زانستی دامەزراوە، نەک لەسەر ڕای کەسی یان لایەنگری. لە ئامادەکردنی ئەم ئینسایکلۆپیدیایە ١٦١ سەرچاوەی جیاواز بەکارهاتووە، بەم شێوەیە ئەم بەرهەمە وەک هەوڵێکی زانستی و پراکتیکی بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکانی سیاسەت و بواری سەربازی دەبینرێت.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

تەوەری ژمارە

یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی

ئا : عقید قارەمان مەهدی

بنەمایەك بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهانی ..
پاراستنی مرۆڤ و کەمکردنەوەی زیانەکانی جەنگ

یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، کە بە «یاساکانی جەنگ»یش ناسراوە، بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسا کە ئامانجیان ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان وڵاتان و کەمکردنەوەی زیانەکانی ململانێ چەکدارییەکان ، سنووردارکردنی وەبەرهێنان و بەکارهێنانی چەکەکان و پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ.

یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی ناوەستێتە سەر ئەوەی کە کێ جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری دەست پێ دەکات، بەڵکو کاتێک جەنگ دەستی پێکرد، یاساکانی مرۆیی بەسەر هەموو لایەنەکاندا بە یەکسانی جێبەجێ دەکرێن.

بنەما سەرەکییەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی

جیاکاری : پێویستە هێزە چەکدارەکان لەنێوان ئامانجی سەربازی و خەڵکی مەدەنی جیاوازی بکەن.

ڕێژەیی: نابێت زیانی مەدەنیی چاوەڕوانکراو لە هێرشێکدا، لە دەستکەوتی سەربازیی چاوەڕوانکراو زیاتر بێت.

پێویستی: هێز تەنها بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سەربازیی ڕەوا بەکاردەهێنرێت.

مرۆڤایەتی: بەکارهێنانی ئەو چەکانەی کە ئازار و وێرانکاریی ناپێویست دروست دەکەن، قەدەغەیە (وەک چەکی کیمیایی).

هاوکاریی مرۆیی: دەبێت ڕێگە بە گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان بدرێت بۆ ناوچە کارەساتبارەکان.

تایبەتمەندی و ئامانجی سەرەکی

یاسای نێودەوڵەتی ئامانجی سەرەکیی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان، پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و هاندانی هاریکارییە لە بوارە جیاجیاکان و کەمکردنەوەی زیانە مرۆییەکانە لە جەنگ و ململانێ چەکدارییەکاندا.

بە پێچەوانەی یاسای ناوخۆیی وڵاتانەوە، کە لەلایەن حکومەت و پەرلەمانەکانەوە دەردەچێت و لە ڕێگەی پۆلیس و دادگاکانەوە جێبەجێ دەکرێت، یاسای نێودەوڵەتی خاوەنی حکومەتێکی جیهانیی یەکگرتوو نییە بۆ جێبەجێکردنی. لەبری ئەوە، ئەم یاسایە لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی دەوڵەتان دامەزراوە. واتە، دەوڵەتان خۆیان قبووڵی دەکەن کە پابەندی ئەم ڕێسایانە بن.

سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی

بەپێی ماددەی ٣٨ی پەیماننامەی دادگای نێودەوڵەتیی داد (ICJ)، سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بریتین لە:

-پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان: ئەمە گرنگترین سەرچاوەیە. بریتییە لە ڕێککەوتنی نووسراوی نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر کە ماف و ئەرکەکانیان دیاری دەکات. بۆ نموونە:

-پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان: کە بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمڕۆی دارشتووە.

-ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ: کە یاساکانی شەڕ و پاراستنی قوربانیانی جەنگ ڕێکدەخات.

-پەیماننامەی پاریس بۆ گۆڕانی کەشوهەوا: کە ئامانجی، کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوایە.

-عورفی نێودەوڵەتی: بریتییە لەو ڕەفتار و کارانەی کە دەوڵەتان بۆ ماوەیەکی درێژ بە شێوەیەکی بەردەوام ئەنجامیان داوە و باوەڕیان وایە کە ئەم ڕەفتارە لەڕووی یاساییەوە پێویستە، بۆ نموونە، پارێزبەندیی دیپلۆماتکاران سەرەتا وەک عورفێکی نێودەوڵەتی سەریهەڵدا پێش ئەوەی لە پەیماننامەکاندا بنووسرێتەوە.

-بنەما گشتییەکانی یاسا : ئەو بنەما یاساییانەن کە لە زۆربەی سیستەمە یاساییە گەورەکانی جیهاندا باون و قبووڵکراون. بۆ نموونە، بنەمای «قەرز لە ئەستۆی قەرزدارە» یان « نابێت کەس دادوەری دۆسیەی خۆی بێت».

-بڕیارە دادوەرییەکان و بیروکەکانی زانایان : ئەم دووانە وەک سەرچاوەی لاوەکی دادەنرێن و بۆ یارمەتیدان لە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ڕێسا یاساییەکان بەکاردێن. بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتیی داد نموونەیەکی دیارە.

بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی

-یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ: پارێزگاری لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەکات لە هەموو جیهاندا (بۆ نموونە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ).

-یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی (IHL): ناسراوە بە «یاسای جەنگ»، ئامانجی کەمکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤە لە کاتی ململانێی چەکداریدا.

-یاسای نێودەوڵەتیی تاوانکاری: سزای ئەو تاکانە دەدات کە تاوانی نێودەوڵەتیی مەترسیدار ئەنجام دەدەن، وەک کۆمەڵکوژی، تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی (بۆ نموونە، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی - ICC).

-یاسای دەریاکان: ماف و ئەرکی دەوڵەتان لە بەکارهێنانی دەریا و زەریاکاندا دیاری دەکات.

-یاسای نێودەوڵەتیی ژینگە: هەوڵدەدات ژینگەی جیهان لە ڕێگەی ڕێککەوتنەکانەوە بپارێزێت.

ئەکتەرەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا

-دەوڵەتان: ئەکتەری سەرەکی و بنەڕەتیی یاسای نێودەوڵەتین.

-ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان: وەک نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و یەکێتیی ئەورووپا (EU)، کە خاوەنی کەسایەتیی یاسایی خۆیانن.

-تاکەکان: لەم سەردەمەدا، تاکەکانیش بوونەتە بەشێک لەم یاسایە؛ هەم مافیان هەیە (وەک مافەکانی مرۆڤ) و هەم بەرپرسیارێتیشیان لە ئەستۆیە (وەک لێپرسینەوە لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان).

ئاستەنگەکان و میکانیزمەکانی جێبەجێکردن

گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم یاسای نێودەوڵەتیدا پرسی سەروەریی دەوڵەتان و نەبوونی دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری ناوەندییە. لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین میکانیزم بۆ جێبەجێکردنی هەیە:

-ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان: دەتوانێت بۆ پاراستنی ئاشتی، بڕیاری بەکارهێنانی هێز یان سەپاندنی سزای ئابووری بدات.

-دادگای نێودەوڵەتی داد (ICJ): کێشەی نێوان ئەو دەوڵەتانە یەکلایی دەکاتەوە کە ڕەزامەندییان لەسەر دەسەڵاتی دادگاکە نیشان داوە.

-دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC): دادگاییی ئەو تاکانە دەکات کە تۆمەتبارن بە تاوانە گەورەکان.

-سزای ئابووری، دیپلۆماسی و فشاری گشتی: زۆرجار وەک ئامرازێک بۆ پابەندکردنی دەوڵەتان بە یاساکانەوە بەکاردێن.

لە دوماهییدا

یاسای نێودەوڵەتی، سەرەڕای کەموکوڕی و ئاستەنگەکانی لە جێبەجێکردندا، چوارچێوەیەکی بنەڕەتی و پێویستە بۆ جیهانێکی پڕ لە دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەم یاسایە زمانێکی هاوبەش و کۆمەڵێک ڕێسای بنەڕەتی دابین دەکات کە یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی ململانێکان، پاراستنی مافەکان و هاندانی هاریکاری لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان. لە جیهانێکی پێکەوەبەستراو و پڕ لە کارلێکی ئەمڕۆدا، گرنگیی یاسای نێودەوڵەتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت.

سەرچاوە:
-ماڵپەڕ و پێگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.
-بڵاوکراوەکانی خاچی سوور.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وێستگەکانی پەرەسەندنی ڕێککەوتن و یاسا نێودەوڵەتییەکان

ئامادەکردنی / محەمەد مەحمود

بە درێژایی مێژوو بەهۆی ململانێ، جەنگ، داگیرکاری، شۆڕشەکان، جۆرە ڕێسایەک هێنراوەتەئارا کە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکان و سنووردارکردنی شەڕەکان پەیڕەوکراوە، بەتێپەڕبوونی قۆناغەکان ئەو دیاریدە مێژوویە گۆڕاوە بۆ یاسایەکی نوسراوو فراوانتر وەک ئەوەی ئێستا کە پێی دەوترێت (یاسا نێودەوڵەتییەکان). لە سەدەکانی کۆنەوە تا دەگاتە سەدەی بیست و یەکەم ئەم ڕێساو یاسانە گۆڕانکارییان تێدا ڕوویداوە بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی جیهانیدا بگونجێت.

یاسای نێودەوڵەتی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و هەر وێستگەیەکی مێژوویی ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی کۆمەڵگەی جیهانییە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی و ڕێگریکردن لە ململانێ و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ. لەم سەردەمەدا لە کاتێکدا جیهان ڕووبەڕووی ئاستەنگە ئاڵۆزەکان دەبێتەوە لە گۆڕانی کەشوهەوا و هەڕەشە ئەلیکترۆنییەکانەوە تا نایەکسانی جیهانی و کۆچی بەکۆمەڵ، پێویستی بە سیستەمێکی وەڵامدەرەوە و گشتگیر و جێبەجێکراو لە یاسای نێودەوڵەتیدا لە جاران باشتر و پێشکەوتووتر، هەیە. داهاتووەکەشی بەندە بە ئیرادەی سیاسی گەلانەوە بۆ بەرزڕاگرتنی بەها هاوبەشەکان و پێشەنگیدان بە دادپەروەری جیهانی لە سەرووی بەرژەوەندی ناوچەیی و زلهێزیەوە.

ڕێکەوتن	وڵاتانی بەشدار	ساڵ و شوێنی مۆرکردن	پوختەی ناوەڕۆک
ڕێکەوتنی کادیش	ئیمپڕاتۆری هیتی و میسر	کادیش, ساڵی ١٢٥٩ پ.ز	یەکەم ڕێکەوتنی ئاشتیی نووسراو بوو لە مێژوو, کۆتایی بە جەنگێکی گەورە هێنا
ئاشتیی وێستفالیا	نزیکەی ١٠٠ شانشین و میرنشین و قەوارەی سیاسی	ئەڵمانیای ساڵی ١٦٤٨	کۆتایی بە جەنگی ٣٠ ساڵە هێنا, بنەمەکانی سەروەری وڵاتانی لە کاروباری ناوخۆدا چەسپاند
پەیماننامەی یەکەمی ژنێڤ	١٢شانشین و قەوارەی سیاسی	ژنێڤ. سویسڕا, ساڵی ١٨٦٤	هەوڵێک بوو بۆ پاراستنی سەربازانی بریندار لە کاتی جەنگ هەروەها بنەمایەک بوو بۆ دامەزراندنی یاسای IHL مرۆیی نێودەوڵەتی
پەیماننامەی یەکەم و دووەمی لاهای	٢٦ وڵات و قەوارە/ ٤٤ وڵات و قەوارە	هۆڵەندا, ساڵی ١٨٩٩ و ١٩٠٧	یاساکانی جەنگ, ڕەفتاری سەربازی لە کاتی جەنگدا ڕێکخست
جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان UN	١٩٣ وڵات	سان فرانسسکۆ, ئەمریکا, ساڵی ١٩٤٥	دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکان
جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ	ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان	پاریس , فەرەنسا ساڵی١٩٤٨	ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ مافە مرۆییەکان دیاریکرد
پەیماننامەی دووەمی ژنێڤ	١٩٦ وڵات	ژنێڤ, سویسرا ساڵی ١٩٤٩	نوێکردنەوەی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکانی وەک پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی و دیلەکانی جەنگ
ڕێککەوتنی قەدەغەی پەرەپێدانی چەکی ناوەکی NPT	١٩١ وڵات	واشنکتن، لەندەن, مەسکۆ , ساڵی ١٩٦٨	قەدەغەی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی چەکی ئەتۆمی کرد لە جیهاندا
پەیمننامەی یاسای دەریایی UNCLOS	١٦٩ وڵات	جامایکا , ساڵی ١٩٨٢	دیاریکردنی سنووری دەریا, مەودای دەریای و مافی وڵاتەکان لە دەریادا
یاسای ڕۆم ICC	١٢٤ وڵات	ڕۆم , ئیتاڵیا, ساڵی ١٩٩٨	دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانە (ICC) گەورەکان
ڕێککەوتننامەی پاریس	١٩٣ وڵات	پاریس , فەرەنسا ساڵی ٢٠١٥	سنورداركردنی پیسبوون و گەرمبوونی بەرگە هەوای زەوی

پێشمەرگە
گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

لە ئاوێنەی یاسا و ڕێسای مرۆیی و جەنگیەوە ...

پێشمەرگە سیمبولی مرۆڤدۆستی و پاراستنی بنەماکانی جەنگ..

وەزارەتی پێشمەرگە و پرۆسەی هۆشیاریی بەردەوام

ئامادەکردنی / هۆزان

پێشمەرگەی کوردستان، هێزێکی مێژوویی، دەستووری و یاسایی کیانێکی فیدراڵییەو لە چوارچێوەی بنەماو بەها مرۆیی و یاساییەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا ئەرکی سەربازییانەی جێبەجێ دەکات.

دەتوانرێت بوترێت پێشمەرگەی کوردستان بەر لەم یاسا مرۆییە نێودەوڵەتیانەش بەهۆی کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیەوە نمونەیەکی خۆڕسکانەیە لە بیرکردنەوەو پەروەردەو ڕەفتاری مرۆییانەو ڕەوشتمەندانەی بەرزو ڕێزگرتن لە بەهای کەسایەتی و کەرامەتی مرۆڤەکان تەنانەت دوژمنەکانیشی. بۆیە پابەندبوونی هێزی پێشمەرگە بە بنەمای مرۆیی و ئەو ڕێسایانەی یاسای مرۆیی و جەنگی نێودەوڵەتیەوە، زەمینەی کەلتووری و مێژوویی پرشنگداری هەیە و نمونەی هەڵوێستەکان زۆرن:

١. لە قۆناغەکانی خەباتی شاخدا سەرباری توندوتیژی و پەلاماری کۆمەڵکوژیانەو ستەمکارانەی داگیرکەران بۆ سەر کوردو خاکی کوردستان کەچی پێشمەرگە بەباوەڕبەخۆبوونەوە خەباتی کردووەو پەنای بۆ کاری نامرۆڤانەو تۆڵەکردنەوەو تاوانی جەنگیی نەبردووە، لەمبارەیەوە ڕەفتار و چیرۆکە جوانەکانی هەڵوێستی پێشمەرگە زۆرن و لە بیروەری خەباتگێڕان و لاپەڕەکانی مێژوودا دەدرەوشێنەوە.

٢. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان بە شەڕ هێزەکانی ڕژێمی بەعسیان لە کوردستان دەرکرد بە هەزاران ئەفسەرو سەربازو کارمەندانی ئەمنی و هەواڵگری دامودەزگاکانی ڕژێم بە دیل گیران یان خۆیان رادەست کردو لەبەرانبەردا جوانترین مامەڵەی مرۆڤدۆستانەو پابەند بە بەها مرۆیی و یاسایی و جەنگیەکانیان لەگەڵدا کراو بەڕێزەوە ئازادکران.

٣. شەڕی دژی بە داعش نمونەیەکی نزیک و زیندووەو شوناسی هێزی پێشمەرگەی روونتر بە جیهان ناساندو، بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی متمانەپێکردن و پشتیوانی زیاتری نێودەوڵەتی، بەتایبەتی مامەڵەی مرۆڤانە لەگەڵ دیلەکان و پێشوازی لێکردن و داڵدەدانی خەڵکی سڤیلی هەڵهاتووی ژێر دەستی داعش و ناوچە عەرەبیەکان، کە ئەم هەڵوێست و ڕەفتارە مرۆییانە وێنەی پێشمەرگەی وەک هێزێکی دیسپلینکراو و بەرپرسیار لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی جوانتر نمایشکردو جیهانی کرد بە شاهیدی باوەڕو ڕەفتاری بەرزی مرۆڤدۆستانەی پێشمەرگە.

پێشمەرگە بە هۆشیارییەوە دەڕوانێت

پێشمەرگە، پابەندبوونی بە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی وەک ئەرکێکی کەلتووری کوردەواری و یاسایی مرۆیی زانیووە، هۆشیارانە لەم پرسەی روانیوەو دەزانێت، کە ئەم باوەڕو خەسڵەتە بەرزە بەتایبەتی لەئەمڕۆدا پێوەرێکی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نێودەوڵەتیەو دەبێتە هۆی:

١. بەدەستهێنانی زیاتری متمانە و پشتیوانیی نێودەوڵەتی.

٢. خۆجیاکردنەوە لە گرووپە تیرۆریستی و تێکدەرەکان و میلیشیاکان.

٣. نیشاندانی ئەوەی، کە خەباتی کورد خەباتێکی ڕەوایە، بۆ خۆپارێزی و بەرگری بووە دژی ستەم و پەلاماری شۆڤێنیانە و داگیرکاری و، تێکۆشانی پێشمەرگە لەپێناو ئازادی و پێکەوە ژیان و دیموکراتیدایە.

٤ سەلماندنی بەردەوامی ئەو خەسڵەتە مێژوویەی پێشمەرگە کە هەمیشە لە چوارچێوەی بەها مرۆییەکان تێکۆشاوەو ڕێزی لە یاساو ڕێسا مرۆیی و جەنگیەکان گرتووەو لەسەر ئەم باوەڕەی بەردەوامە.

وەزارەتی پێشمەرگە و پابەندبوون و پرۆسەی هۆشیاریی بەردەوام

وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەروانگەی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەلتووری کۆمەڵگای کوردی و رابردووە درەوشاوەکەی پێشمەرگەوە لەسەر ڕێزلێگرتن و پابەندبوونی بەردەوام بە یاساو بەها مرۆییەکان و ڕێسا جەنگیە نێودەوڵەتیەکان، بە پێویستی زانیوە هەموو کات داکۆکی لە ئەم باوەڕو ئامانجانەی بکاتەوە و مافەکانی مرۆڤ و بەها مرۆییە نێودەوڵەتیەکان و ڕێساکانی جەنگ لەبەرچاو بگرێت و بە بەرپرسیارێتیەوە پەیڕەوی بکات.

لەمبارەیەوە، وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

١. پابەندێتی خۆی بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندی و هەماهەنگی و کاری هاوبەش دەردەبڕیوە لەگەڵ ئاژانس و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بەتایبەتی لەگەڵ یۆنامی و خاچی سووری نێونەتەوەیی و، هەموو ئەو ناوەندو ڕێکخراوە ناسراوە حکومی و ناحکومی، ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکان کاردەکەن.

٢. پەیام و ڕێنمایی بەردەوامی لەناو یەکەکانی پێشمەرگە بڵاوکردوەتەوە بۆ پەیڕەوکردنی ئەو بەهاو یاسا و ڕێسا مرۆیی و جەنگیانەی کە پەیوەستن بە هێزە چەکدارەکان و لە کاتی شەڕو ئاشتیدا پێویستە پێوە پابەندبین، بە تایبەتی

ئەوانەی پەیوەستن بە ڕێزگرتن لە خەڵکی سڤیل و هەڵهاتووی شەڕو دیل و بریندار.

٣. هەر لەمبارەیەوە وەزارەتی پێشمەرگە یەکەی تایبەتی دروستکردووە کە کار لەسەر پاراستنی مافی خانمان دەکات و لەگەڵ دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارە لەو چالاکیانەی کە لەپێناو جێبەجێ کردنی بریاری (١٣٢٥)ی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە ڕێگری لە توندوتیژی سیکسی و پاراستنی مافی یەکسانیانەی رەگەزێ مێ بەتایبەتی لەکاتی شەڕو رووداوە چەکدارییەکاندا.

٤. ساڵانە چەندین خول و سمینار لەناو یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی یاسای مرۆییە نێودەوڵەتیەکانی ئەنجامدەدرێت و ئەم ئەرکە بوەتە پرۆسەیەکی هۆشیاری بەردەوام.

٥. نوێنەرو تیمی وەزارەتی پێشمەرگە لە وڵاتانی جیاجیا بەشدارییان لە چەندین خول و سمیناری نێودەوڵەتی تایبەت بە یاسای مرۆیی و جەنگی کردووە.

٦. هەر لە ئەمساڵدا وەزارەتی پێشمەرگە لێکتێگەیشتنی سێ ساڵەی لەگەڵ ڕێکخراوی خاچی سووری نێونەتەوەیی واژوو کرد کە تایبەتە بە پلانێکی هاوبەش بۆ درێژەدان بە چالاکیەکانی نێوانیان لەرووی درێژەدان بە خول و سمینارەکانی هۆشیاری لەناو یەکەکانی پێشمەرگەدا لەپێناو گەیاندن و روونکردنەوەی زیاتری یاسای ناکۆکیە چەکدارییەکان و بنەماو ڕێسا مرۆییەکان.

یاسا نێودەوڵەتییەکان و جەنگی مۆدێرن

● عەمیدی مافپەروەر/ محەمەد سدیق

یاسای مرۆیی چوارچێوەیەکی لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی جەنگ داناوە، کە لەرێگەی ڕێکخراوە مرۆییەکان داڕێژراون. ئەمانە بە یاساکانی جەنگ یاخود یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی (IHL) ناودەبرێن. تێگەیشتن و پابەندبوون بەو ڕێسایانە تەنها مەرجێکی یاسایی نییە بۆ هێزە چەکدارەکان، بەڵکو ئەرک و پێویستییەکی مرۆییە بۆ هەر هێزێکی سەربازی.

یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بریتیە لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای واژووکراو لەلایەن وڵاتانەوە کە ئامانجی، سنووردارکردنی کاریگەرییە خراپەکانی پێکدادانە چەکدارییەکانە، هاووڵاتی مەدەنی و چەکداری بریندار و نەخۆش و دیلەکان دەپارێزێت، هەروەها شێواز و ئامرازەکانی شەڕ سنووردار دەکات. ئەم یاسایانە هەردوو ململانێی چەکداریی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی دەگرێتەوە، بەبێ گوێدانە لایەنی دەستدرێژیکار و قوربانی، یاخود بەخشینی شەرعیەتی هۆکار و ڕەوایەتی بەکارهێنانی هێز، دەبێت بەسەر هەردووک لایەنی ناکۆکییە چەکدارییەکەدا جێبەجێ بکرێت.

پاساوی یاسایی بۆ شەڕ

ئەوەی پێویستە بزاندرێت ئەوەیە، کە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی مافی چوونە شەڕ بە هیچ وڵات و گرووپێک نادات ، بەڵکو ئەم مافە بە پلەی یەکەم بەپێی جارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان تاوتوێ دەکرێت و چوارچێوەی بۆ دادەنرێت نەک یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی جنێف.

(مادەی ٥١) هەندێک جیاکاریی تێدایە، کە تێیدا مافی بەرگریکردن لە خۆ لە بەرامبەر هێرشی چەکداری دەبەخشێتە وڵاتان. ئەم چوارچێوەیە بەو مانایە دێت کە هەر دەستێوەردانێکی سەربازی دەبێت:

١.لە وەڵامی هێرشێکی چەکداری ڕاستەقینە یان نزیک بێت.

٢.یاخود لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی پێدرابێت.

٣.لەسەر داوای حکومەتێکی شەرعی بێت کە ڕووبەڕووی هەڕەشەی ناوخۆیی بووبێتەوە لەلایەن گرووپە چەکدارییە

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

تیرۆریستییەکانەوە.

دوای ئەوەی کە دەوڵەت مافی بەکارهێنانی هێزی بەدەستهێنا، دواتر دەبەستریێتەوە بە پابەندبوون بە بەند و ماددەکانی ڕێککەوتننامەکانی جنێف و پرۆتۆکۆڵەکانی، کە دەبێت شێواز و تاکتیک و ستراتیژی جەنگی لەسەر دابڕێژێت.

بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی

لەگەڵ ئەوەی مێژوو پڕە لە پێکدادانی توندوتیژی و بێ بەزەییانەی سوپاکان، کوشتار و کۆمەڵکوژی و سووتاندنی شارەکان، بەڵام تەنانەت پێش ئیمزاکردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆییش لەلایەن وڵاتانەوە، نموونەی بەشێک لە فەرماندە و سەرکردە و دەسەڵاتدارانی مێژوومان هەیە کە لە قۆناغی جیاوازدا، ڕێنمایی مرۆییان بە لەشکرەکانیان داوە تا لەکاتی جەنگدا پەیڕەوی بکەن. لەوانە نموونەی «یاساکانی مانوو» لە ساڵانی پێش زایین لە هیندستان کە کۆمەڵێک نووسینی پەسەندکراو بوون و تێیدا باسی بەها و ئەخلاقی لە جەنگدا کردووە. هەروەها ڕێنماییەکانی ئیمامی ئەبوبەکر خەلیفەی یەکەمی ڕاشیدین لە سەدەی حەوتەمی زاییندا کە جوڵەی لەشکری موسڵمانانی بە کۆمەڵێک ڕێسا و بەهای ئەخلاقی بەستووەتەوە و سنورداری کردووە. «کۆدەکانی لیبەر» نموونەیەکی ترن لە ڕێساکانی جەنگ لەلایەن ئەبراهام لینکۆڵنی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکاوە لە ساڵی (١٨٦٣) بۆ سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان دەرکراوە، بەڵام ئەمانە هەمووی یاسا و ڕێنمایی ناوخۆیی بوون و کاریگەریی جیهانیان نەبووە و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن گەلانی دیکەوە پێشوازی لێ نەکراوە. هەتا ئەوکاتەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی دەرچوو کە لەسەر ئاستی جیهانی پێشوازی لێکرا و دانی پێدانرا.

یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی تەنها یەک ڕێککەوتننامەی دیاریکراو نییە، بەڵکو لە (ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤ ١٨٦٤ و پێداچوونەوەی لە ساڵی ١٩٤٩ و ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلەکانی دواتری لاهای خۆی دەبینێتەوە. ئەم پەیمانانامانە بنەمای کۆدکردنی بەڕێوەبردنی شەڕی چەکدارییان دانا و بە کۆکردنەوەی هەموویان پێی دەگوترێت یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، کە لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە ئیمزاکراوە و بەڵێنی پابەندبوونیان پێوەی داوە.

بنەما بنەڕەتییەکان

ڕێسا و یاساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بەگشتی تیشک دەخاتە سەر پاراستنی بریندار و نەخۆش، دیلەکانی جەنگ و خەڵکی مەدەنی. بریتین لە:

- جیاوازی: سەربازەکان دەبێت لە نێوان ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکان جیاوازی بکەن. لە هەر حاڵەت و دۆخێکدا بیانوو نادرێت بە لێدان لە شوێنی مەدەنی، نابێت هیچ جێگایەکی مەدەنی بکرێتە ئامانجی کردەی سەربازی.
- ڕێژەیی: نابێت هێرشەکان ببنە هۆی زیانێکی زۆری مەدەنی بە بەراورد بە قازانجی سەربازی پێشبینیکراو. واتا نابێت لە خراپترین حاڵەتدا زیانی مەدەنی زیاتربێت لە دەستکەوتی سەربازی و ڕێگەپێدراو نییە لەپێناوی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی سەربازی بچووک، مەترسییەکی مەدەنی گەورە دروستبکرێت. لەگەڵ ئەوەی ناتوانرێت لەکاتی جەنگدا ڕێگری لە هەموو قوربانییەکی مەدەنی بکرێت، بەڵام دەبێت هەوڵبدرێت گەورەترین دەستکەوتی سەربازیی، کەمترین زیانی مەدەنی لێ بکەوێتەوە.
- پێویستی: هێز تەنها کاتێک کە پێویست بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سەربازیی ڕەوا بەکاربهێنرێت، واتا هەرگیز هێزی سەربازی بۆ کردەی ناپێویست بەکارنەهێندرێت، مەگەر وڵاتان بکەونە ژێر مەرجەکانی ماددەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەکارهێنانی هێز لەپێناوی پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی و بەرگریی ناچاریدا.
- مرۆڤایەتی: ئەو ئامرازانەی شەڕ کە دەبنە هۆی ئازار و وێرانکاریی ناپێویست، قەدەغەن. بۆ نموونە: چەکی کیمیایی، ئەتۆمی، فسفۆڕ و لەیزەر هتد...
- هاوکاریی مرۆیی: لایەنەکانی جەنگ دەبێت پابەندبن بەوەی ڕێگای گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی بۆ ڕێکخراوە جیهانییەکان بکەنەوە و ڕێگری لە ڕوودانی کارەساتە مرۆییەکان بکەن.

بەشێکی زۆری یاساکانی مرۆیی نێودەوڵەتی لەچوارچێوەی ئەم خاڵە بنەڕەتییانەی سەرەوەدا دەخولێنەوە، ڕێکاری پێویستیان بۆ دادەڕێژێت و لە قاڵبیان دەدات.

ڕۆڵی گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان

لە ململانێی مۆدێرندا زۆرجار ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان تێوەدەگلێن، وەک میلیشیاکان، یان ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان. ماددەی سێیەمی ڕێککەوتننامەکانی جنێف دادەبەزێتە ناو ئەم ململانێ چەکدارییە ناوخۆییانە و کاریان پێدەکرێت. ماددەکە توندوتیژی بەرامبەر ئەو کەسانەی بەشداری ڕاستەوخۆی شەڕەکان ناکەن قەدەغە کردووە، هەروەها ئاماژە بە ناپاساییبوونی بارمتەگرتن و سووکایەتیکردن بە کەسانی مەدەنی دەکات و هەموو جۆرە کردەوەیەکی هەڕەمەکییانە بە توندوتیژی دژی هاووڵاتی مەدەنی لێکدەداتەوە. دزیکردن و تاڵانی و لەسێدارەدان بەبێ دادگایی و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ بریندار و دیلەکان دەخاتە چوارچێوەی هەڵسوکەتی گرووپە چەکدارە تێکدەرەکان، سزای شکاندنی ئەم بەندانە لەلایەن گرووپەکانەوە بریتییە لە بە تیرۆریست ناساندیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەموو جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵیان قەدەغە دەکات.

هەرچەندە هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی پێکهاتەی دەوڵەتی دانپێدانراو کاردەکات و هەرێمێکی فیدراڵییە، بەڵام هەمیشە پابەندبوونی بەم یاسایانە نیشانداوە، ئەمەش پشتیوانی دەرەکی و نێودەوڵەتی مسۆگەرکردووە. ڕێزگرتنی هێزەکانی پێشمەرگە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان، شەرعیەتی هەبوونیان بەهێزتر دەکات و بۆشایی نێوان هێزە دیسپلینکراوەکان و میلیشیا ناپاساییەکان یاخود گروپە تیرۆریستییەکان فراوانتر دەنوێنێت. بۆ نموونە لە جەنگی داعشدا،

مامەڵەی مرۆڤانەی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ چەکدارانی دیل و هاوکاریکردنی بریندارەکان و مامەڵەی دروست لەگەڵ هاووڵاتیانی مەدەنی و پاراستنی سەر و ماڵیان لە کردە سەربازییەکانیاندا، سەرنجی چاودێرانی نێودەوڵەتی ڕاکێشا. ئەمەش وایکرد هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕاستەوخۆ پشت بە هێزەکانی پێشمەرگە ببەستن و ئەم هاوپەیمانێتی و کاری هاوبەشەی لێکەوتەوە کە لە ئێستادا درێژەی هەیە.

ئەنجام

هەرچەندە ناوبەناو شەڕ خۆپارێزییە، بەڵام هەرگیز نابێت ڕێگە بدرێت بۆ توندوتیژییەکی بێ سنوور بگۆڕێت.یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی ڕێککەوتننامەیەکە کە بە خوڵەمێشی خوێناویترین جەنگەکانی مێژوو نووسراوەتەوە بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەوە بکات، مرۆڤایەتی هەرگیز جارێکی تر لە کاتی قەیرانەکاندا ناگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە خوێناوی و وێرانکارییەی جێی هێشتووە. یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی پێشکەوتنی مەعریفی و دەستکەوتێکی ئەخلاقی بەکۆمەڵە. پابەندبوون بەو یاسایانە هەم ئەرک و بەرپرسیارێتییە هەمیش ڕێگایەکە بەتایبەت بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بۆ نیشاندانی خواستی دادپەروەری و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، هەروەها بە جیهان ڕادەگەیەنێت کە خەباتی کورد بە پابەندبوونێکی دیسپلینکراو بە ڕەفتاری بەرز، بەرەنگاربوونەوەیەکی یاساییە نەک تۆڵەسەندنەوە یان ڕەفتارێکی ئانارشی تێکدەرانە. هەر پاراستنی ئەم یاسا نێودەوڵەتییانەش بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دانان بەهێزەکانی پێشمەرگە وەکو هێزێکی یاسایی لە عێراقی نوێدا، لەکاتێکدا چەندین گرووپی تری لۆکاڵی بەهۆی سەرپێچی لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەیان بە ئاقارێکی هەڵە و دژواردا برد.

پێشمەرگە وەك هێزێکی بەرگریکاری نیشتمانی لە هەموو قۆناغەکانی خەباتیدا پابەندبووە بە بنەما مرۆییەکان و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی جەنگەوە پەنای بۆ تۆڵەکردنەوەوە ئامانجی ناسەربازی نەبردووە

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

چەکە قەدەغەکراوەکان لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا

● ئامادەکردنی: سەروان باپیر

بەشێکی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی (IHL) تایبەتە بە سنووردارکردنی ئامراز و تاکتیکەکانی جەنگ و سوپا کە لەڕێیانەوە کاریگەرییەکانی شەڕی چەکداری کەمدەکرێنەوە. لەوانە، قەدەغەکردن یان کۆنترۆڵکردنی ئەو چەکانەی کە ئازاری ناپێویستیان لێدەکەوێتەوە یان کاریگەریی بەکۆمەڵیان هەیە. هەندێک چەک کە بە شێوەیەکی نارەوا بە وێرانکەر یان کۆمەڵکوژ سەیر دەکرێن، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو بە کۆمەڵێک پەیماننامە و ڕێکەوتننامەی یاسایی قەدەغە کراون. لێرەدا باس لە جۆرە سەرەکییەکانی ئەو چەکانە دەکەین کە بە یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغە کراون و هەروەها ئەو یاسایانەی کە بەڕێوەی دەبەن.

چەکی کیمیایی

چەکە کیمیاییەکان، بریتین لە ماددەیەکی ژەهراوی کە بۆ زیانگەیاندن یان کوشتنی مرۆڤ بەکاردێن. کاتێک کلۆر و گازی خەردەل لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بۆ یەکەمینجار لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بەکارهات، برینداربوونی ترسناک و قوربانی بەکۆمەڵیان لێکەوتەوە، بووە مایەی تۆقاندنی ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا. پرۆتۆکۆلی جنێڤ لە ساڵی ١٩٢٥ کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی لە شەڕدا قەدەغە کرد، یەکەم هەوڵی بەرچاوی نێودەوڵەتی بوو بۆ بە نایاساییکردنی چەکی کیمیایی، ئەمەش بەهۆی کاریگەرییە ترسناکەکانییەوە.

بەڵام داهێنان، دروستکردن، هەڵگرتن و جێگیرکردنی چەکی کیمیایی تا ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیایی (CWC)ی ساڵی ١٩٩٣ بە تەواوی قەدەغە نەکرا. لە ئێستادا ڕێکخراوی جیهانی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی (OPCW) بەرپرسە لە نەهێشتنی کۆگاکانی چەکی کیمیایی و چاودێریی ئاستی پابەندبوونی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان بە ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیایی ساڵی ١٩٩٣ دەکات.

چەکی بایۆلۆژی

بەکارهێنانی مایکرۆ-زیندەییەکان یان ژەهرەکانیان، وەکو بەکتریا، ڤایرۆس و کەڕووەکان، بۆ کوشتن و پەکخستنی مرۆڤ، ئاژەڵ و ڕووەکەکان بە شەڕی بایۆلۆجی ناسراوە. بەهۆی توانای بڵاوبوونەوەی بێ کۆنترۆڵ و لەناوبردنی بەربڵاو، ئەم چەکانە جێگای ترس و نیگەرانییەکی جددین بۆ وڵاتان و ڕێکخراوەکان.

داهێنان و دروستکردن، بەدەستهێنان، گواستنەوە، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی چەکی بایۆلۆجی و ژەهراوی هەموویان بەپێی ڕێککەوتننامەی چەکی بایۆلۆجی ساڵی ١٩٧٢ (BWC) قەدەغەکراون. ئەم ڕێککەوتننامەیە هەنگاوی یەکەمە بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی پەتا و نەخۆشی وەک چەک، هەرچەندە هەمان چوارچێوەی فەرمی پشتڕاستکردنەوەی CWC نییە. واتا هیچ ڕێکخراو و دامەزراوەیەکی فەرمی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بوونی نییە بەدوای تاقیگە نایاساییەکانی وڵاتاندا بگەڕێت و چاودێریی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە بکات هاوشێوەی دامەزراوەی چاودێری چەکی کیمیایی.

مینی دژە کەسی

مینی چێندراو بریتییە لە تەقەمەنییەکی شاردراوە لەژێر زەویدا کە بەهۆی بوونی پەستانی جەستەی کەسێک، نزیکبوونەوە، یان هەر بەرکەوتنێکەوە دەتەقێتەوە، بە چەکێکی کۆمەڵکوژ و مەترسیدار لە قەڵەم دراوە، چونکە تەنانەت دوای دەیان ساڵ لە کۆتایی هاتنی جەنگ دەمێننەوەو بەردەوام لە زیانی کوشتن و کەمئەندام کردنی هاوڵاتیانی مەدەنی، زۆرجار منداڵانیش.

پەیماننامەی قەدەغەکردنی مین ناسراو بە (پەیمانی ئۆتاوا) کە لە ساڵی ١٩٩٧ بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن زۆرێک لە وڵاتانەوە ئیمزاکراوە، بەکارهێنان و بەرهەمهێنان و گواستنەوە و کۆکردنەوەی مینی دژە کەسی قەدەغە دەکات. هەروەها دەوڵەتان پێویستە یارمەتی قوربانییەکان و پاککردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکان بدەن. هەرچەندە چەند وڵاتی زلهێزی گەورەی سەربازی وەکو ئەمریکا و ڕووسیا و چین واژۆیان نەکردووە، بەڵام زیاتر لە ١٦٠ وڵات ئەو پەیماننامەیەیان پەسەندکردووە.

تەقەمەنییە هێشووییەکان (پرژێنەرەکان)

تەقەمەنی هێشوویی ئەو تەقەمەنییانەن کە لە چەندین تەقەمەنی بچووکتر پێکدێن، لە کاتی تەقینەوەیاندا پارچەی بێشوماری کوشندە لە ناوچەیەکی فراواندا فڕێ دەدەن. زۆرجار ئەم تەقەمەنییە لەکاتی هاویشتنیاندا لە ناوچەی ئامانج دەکەون و ناتەقینەوە، ئەمەش مەترسییەکی درێژخایەن بۆ هاووڵاتیانی مەدەنی دروستدەکات، بەجۆرێک لەدوای جەنگ دەکرێت لە هەرساتێکدا بەهۆکارێک بتەقنەوە و مەرگەساتی مەدەنی لێ بکەوێتەوە.

ڕێککەوتننامەی چەکە هێشووییەکان (CCM) کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن ١٢٤ وڵاتەوە ئیمزاکراوە، بەکارهێنان، گواستنەوە و کۆکردنەوەی بۆمبی کۆکراوە قەدەغە دەکات و داوا لە وڵاتان دەکات ناوچە پیسبووەکان پاکبکەنەوە و یارمەتی قوربانییەکان بدەن. هەرچەندە هەندێک لە زلهێزە سەربازییە گەورەکانی وەک ئەمریکا، چین، ڕووسیا، و هیندستان یاسای CCM یان واژۆ نەکردووە، بەڵام پەیماننامەکە، نۆرمێکی نێودەوڵەتی بەهێزی لە دژی بەکارهێنانی ئەم چەکانە دامەزراندووە.

چەکی لەیزەری کوێرکەر

بەکارهێنانی چەکی لەیزەر کە بە تایبەتی بۆ ئامانجی کوێرکردنی هەمیشەیی دروستکراون، بەپێی پرۆتۆکۆڵی چوارەمی ساڵی ١٩٩٥ی ڕێککەوتننامەی چەکە تەقلیدییەکان (CCW) قەدەغەکراوە. ئەم پرۆتۆکۆڵە ڕەنگدانەوەی ئەو بنەما مرۆییەیە کە نابێت سەربازەکان تووشی برینداربوونی زیادە یان ئازاری ناپێویست بکرێن. بە پێچەوانەی چەکەکانی دیکەی لەیزەر کە بۆ دۆزینەوەی مەودا یان دیاریکردنی ئامانج بەکاردەهێنرێن، ئەو چەکانەی کە ئامانجی سەرەکییان کوێرکردنە، بە تەواوی قەدەغە کراون.

فیشەکی دەم فراوان

جارنامەی لاهای ساڵی ١٨٩٩ بەکارهێنانی فیشەکی دەم کراوەی ناسراو بە «دوم-دوم»ی قەدەغەکرد، لەگەڵ سەرجەم ئەو فیشەکانەی کە بە ئاسانی لەکاتی پێکاندا لە جەستەی مرۆڤدا دەمەکانیان دەکرێتەوە و فراوان دەبن و برینەکان زۆر گەورەتر دەکەن. ئەم فیشەکانە هیچ سوودێکی سەربازییان نییە و لە تەقەمەنی ئاسایی زیاتر زیانی گەورەتر بە ناوەوەی جەستە دەگەیەنن.

چەکی ئەتۆمی

بەدرێژایی جەنگی ساردی سەدەی ڕابردوو، چەندین پەیماننامە لەنێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا بۆ سنووردارکردن و بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی ئیمزا کران، بەڵام یاساییبوونی چەکی ئەتۆمی لە مێژە مشتومڕی لەسەرە، هەرچەندە هێشتا بە ئاشکرا بە یاسای پەیماننامەی گشتگیر قەدەغە نەکراوە وەک چۆن چەکی کیمیایی یان بایۆلۆژی قەدەغە کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا دادگای دادی نێودەوڵەتی (لاهای)، لە بڕیارێکی ڕاوێژکاری لە ساڵی ١٩٩٦دا، خۆی لە بە نایاسایی ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆی چەکی ئەتۆمی بەدوور گرت، بەڵام بەکارهێنان یان هەڕەشەکردنی بە چەکی ئەتۆمی، بە شێوەیەکی گشتی دژ بە یاسا نێودەوڵەتییەکان هەژمار کرد. نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە ساڵی ٢٠١٧ پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی (TPNW)ی پەسەندکرد، پەرەپێدان، تاقیکردنەوە، هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بەپێی پەیماننامەکە قەدەغە کراو لە ساڵی ٢٠٢١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام کاریگەریی کردەیی پەیماننامەکە سنووردارە، بۆیە بە جیهانی نەناسێندراوە، چونکە هیچکام لەو نۆ وڵاتەی خاوەنی چەکی ئەتۆمین پەسەندیان نەکردووە.

لە کۆتاییدا

سەرەڕای ئاڵنگارییە بەردەوامەکان، بەتایبەتی سەبارەت بە جێبەجێکردن و بەشدارینەکردنی هەندێک هێزی سەربازیی بەرچاو لە پەیماننامەکاندا، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاوی گەورەی لە ڕێکخستن و قەدەغەکردنی ئەو چەکانە ناوە کە ئازاری بێ پێویست یان زیانێکی زۆر بە خەڵکی مەدەنی دەگەیەنن. ئەم بەڵگەنامە یاساییانە، ڕەنگدانەوەی ئیرادەیەکی هاوبەشە بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی تەنانەت لەناو جەرگەی ململانێکانیشدا.

بۆ باشترکردنی پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکانی ئێستا و فشارخستنە سەر لایەنە دەمارگرژەکان بۆ بەشداریکردن لەم جۆرە کۆدەنگییە نێودەوڵەتیانەدا، پێویستە لە داکۆکیکردن و کارتی دیپلۆماسی و هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی بەردەوام بن. لە کۆتاییدا قەدەغەکردنی ئەم چەکانە لەلایەن یاسای نێودەوڵەتییەوە، ئەو بیرۆکە ڕاستگۆ و گرنگە دەپارێزێت کە تەنانەت لە کاتی جەنگیشدا دەبێت سنوورێکیان هەبێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

ناکۆکییە چەکدارییەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان

ڕۆڵی دادگای نێودەوڵەتی داد لە چارەسەرکردنی کێشەکان

● ئامادەکردنی: ڕەوا موسا

مێژووی مرۆڤایەتی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی جەنگی نێوان وڵاتان و گەلان و جەنگە ناوخۆییەکان، هەر لە ناکۆکی سنوورەکانەوە تا پێکدادانی ئایدیۆلۆژی و شەڕی پێکهاتەو گروپە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکان. لە کاردانەوەیەکدا بەرامبەر ئەو وێرانکارییانەی بەهۆی جەنگەوە دروست بوون، بەتایبەتی بەدرێژایی سەدەی بیستەم، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەپێویستیانزانی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی کارەساتە جەنگیەکان کار بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی بکەن. دادگای نێودەوڵەتی داد کە دادگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، یەکێکە لە ڕێکخراوە گرنگەکانی ئەم چوارچێوەیە.

یاسا نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی لە بواری جەنگیدا ئامانجیان سنووردارکردنی ئەو هۆکارانەیە کە دەوڵەتەکان لە ڕێگایانەوە دەتوانن پەنا بۆ هێز ببەن و دواتر لە جەنگدا، هەوڵی ڕێکخستنی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو هێزە دەدات. لەلایەک یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی «پەیماننامەکانی جنێف و پرۆتۆکۆلەکانی» هەوڵی ڕێکخستنی ڕەفتاری سوپای وڵاتان دەدەن لە کاتی شەڕدا و لەلایەکەی ترەوە، دادگای دادی نێودەوڵەتی «دادگای لاهای» بنەما یاساییەکانی دەوروبەری سەرەتای دەستپێکردنی ململانێیەکان ڕێکدەخات، ئەمەش لەپێناوی ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی ناکۆکییەکان بۆ پێکدادانی چەکداری. دادگای دادی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە بڕیاردان لەسەر هەردوو جۆری پرسەکە دەگێڕێت، زۆرجاریش وەک دوا ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتان کاردەکات.

چوارچێوەی یاسایی ململانێ چەکدارییەکان

جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بنەمای بنەڕەتی یاسای نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی هێزەوە هەیە. بە دوو پێوەری سەرەکی، (ماددەی٢) هەموو هەڕەشەکردن یان بەکارهێنانی هێزێک قەدەغە دەکات، مەگەر:

- بۆ مەبەستی خۆپارێزی بێت بەپێی (ماددەی ٥١).
- یاخود داواکاریی بەکارهێنانی هێز لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسەند کرابێت.

پەیماننامەکانی جنێڤ و پرۆتۆکۆلەکانی، بناغەیەکن بۆ یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی (IHL) کە چاودێریی شێوازی بەڕێوەبردنی شەڕەکان دەکات

بە فەرمانی ئەوەی، هەموو لایەنەکان هاووڵاتی مەدەنی لە هێرشەکاندا بپارێزن، مامەڵەیەکی مرۆیی لەگەڵ دیل و بریندارەکاندا بکەن و جیاوازی لە نێوان هاووڵاتیانی مەدەنی و سەربازدا بکەن، بەڵام ڕێکارە دامەزراوەییەکان پێویستن بۆ جێبەجێکردنیان، بۆیە دادگای دادی نێودەوڵەتی «دادگای لاهای ICJ» دەبێتە دادوەر لەو کەیسانەی پەیوەندییان بە یاساکانی پەیماننامەی جنێفەوە هەیە و هەروەها هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان دەدات.

دەسەڵاتی دادوەری دادگای نێودەوڵەتی ICJ

دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٤٥ لە سانفرانسیسکۆ دامەزراوە و پێکهاتەیەکی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە. دوو ئەرکی سەرەکی هەیە:

١.کەیسە مشتومڕاوییەکان: ئەو ناکۆکییە یاساییانە چارەسەر دەکات کە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە پێشکەش دەکرێن.

٢.بۆچوونی ڕاوێژکاری: ڕاوێژکاری یاسایی پێشکەش بە نەتەوەیەکگرتووەکان و دەزگا تایبەتمەندەکانی دەکات.

دەوڵەتەکان دەبێت لەسەر پابەندبوون بە بڕیارەکانی دادگاوە ڕێکبکەون. یان لە ڕێگەی برگەیەکی پەیماننامە، ڕێککەوتنێکی تایبەت، کە دەسەڵاتی دادوەری ناچاریان دەکات، قبوڵی بکەن. واتا کاتێک دوو دەوڵەت ڕێککەوتنێک واژوو دەکەن و لە خاڵێکدا ئاماژە بەوە بکەن لەکاتی ناکۆکیدا بگەڕێنەوە بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی. بەگشتی دەسەڵاتێکی سالاری نییە بەسەر ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، بەڵکو دەبێت وڵاتان خۆیان کەیسەکانیان بۆ دادگاکە بهێنن و ڕەزامەندی بە ئەنجامەکەی دەربڕن، ئەوکاتە دادگا دەستدەکات بە ڕێکارەکانی خۆی. هەرچەندە دادگای دادی نێودەوڵەتی ناتوانێت بڕیارەکانی ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکات، بەڵام بڕیارەکانی قورسایی یاسایی و ئەخلاقی بەرچاویان هەیە، زۆرجار کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی وڵاتان هەیە و نۆرمەکانی یاسایی نێودەوڵەتی لە قاڵب دەدەن. هاوکات، بڕیارەکانی کاریگەرییان لەسەر هەڵوێست و دەنگی وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە.

چەند کەیسێکی سەرکەوتووی دادگای لاهای

١.کەیسی گەرووی کۆرفو (شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا دژی ئەلبانیا ساڵی ١٩٤٩): ئەمە یەکەم کەیسی مشتومڕاوی بوو کە لەلایەن دادگای نێودەوڵەتییەوە بڕیاری لەسەردرا. لە ساڵی ١٩٤٦ کەشتییە جەنگییەکانی بەریتانیا لە ئاوەکانی ئەلبانیا بەر مینە دەریاییەکان کەوتن و زیانێکی زۆریان لێکەوتەوە و ٤٤ دەریاوانی بەریتانی گیانیان لەدەستدا. بەریتانیا ئەلبانیای تۆمەتبارکرد بەوەی هۆشداری نەداوە لەبارەی بوونی مینەکان، لە کاتێکدا ئەلبانیا بانگەشەی پێشێلکردنی سەروەریی ئاوی وڵاتەکەی کرد کە بەریتانیا بەبێ پرس سەروەریی ئاوی ئەلبانیای بەزاندووە. دوای ئەوەی هەردوو وڵات پەنایان بۆ دادگای لاهای برد. دادگا بڕیاریدا ئەلبانیا بەرپرسیاری ڕووداوەکەیە و دەبێت قەرەبووی زیانەکان بکات، چونکە گەروو کۆرفو دیاردەیەکی جوگرافی سرووشتییە و وڵاتان دەتوانن کەشتییەکانیان بە گەرووە نێودەوڵەتییەکاندا بپەڕێننەوە بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە. ئەلبانیاش دەبوو دەربارەی مینە دەریاییەکان لە گەرووەکەدا وڵاتانی ئاگادار کردبایەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دادگا بەریتانیای سەرزەنشت کرد، چونکە دواتر هەستابوو بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی دەریایی بۆ لابردنی مینەکان بەبێ مۆڵەتی ئەلبانیا کە ئەمەیان جیاوازە لە پەڕینەوەیەکی ئاسایی.

٢.کەیسی باکاسی (لەنێوان نەیجیریا و کامیرۆن ساڵی ٢٠٠٢): ململانێیەکی درێژخایەن بوو لەسەر نیمچە دوورگەی باکاسی، ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە سامانی نەوت و گازی سرووشتی. هەردووک وڵات خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم نیمچە دوورگەیە دەزانی، کە پێشتر لەلایەن نەیجیریاوە دەستی بەسەردا گیرابوو. دوای ئەوەی کامیرۆن لە ساڵی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

١٩٩٤دا دۆسیەکەی دەستپێکرد، دادگای نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٠٢دا ڕایگەیاند، کامیرۆن خاوەندارێتی نیمچە دوورگەکە دەکات. حکومەتی نەیجیریا سەرەڕای ڕەخنە و گوشاری ناوخۆیی بەرچاو، بەڵام پابەندی بڕیارەکە بوو. هەردوو وڵات لە ساڵی ٢٠٠٦دا بە شێوەیەکی ئاشتیانە بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی گوازراوەی ناسراو بە ڕێککەوتنی «گرین تری» کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانی لێکرا. لە ساڵی ٢٠٠٨ تەواوی هێزی سەربازی و پۆلیسی نەیجیریا کشانەوە و لەساڵی ٢٠١٣ ئیدارەی نەیجیریا هەڵوەشێندرایەوە لەسەر نیمچە دوورگەکە. زۆرێک ئەم کەیسە بە باشترین نموونەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای بڕیاری دادگای لاهای دەزانن.

٣.کەیسی مالی- بورکینا فاسۆ ساڵی ١٩٨٦ : دوای شەڕ و پێکدادانێکی توندوتیژ لە ساڵی ١٩٨٥، ئەم ناکۆکییە سنوورییە نزیک بوو لە هەڵگیرسانی جەنگێکی سەرتاسەری. دواتر هەردوو وڵات ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر ئەوەی کە ئەو پرسە لەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە چارەسەر بکرێت، کە لە ساڵی ١٩٨٦ بڕیارێکی سەبارەت بە دیاریکردنی سنوورەکانیان دەرکرد. هەرچەندە پێشتر هەندێک توندوتیژی ڕوویدابوو، بەڵام بڕیارەکە یارمەتیدەر بوو بۆ ڕێگریکردن لە دوژمنایەتی زیاتر. ئەم کەیسە نموونەیەکی تری سەرکەوتووە سەبارەت بەوەی، کە چۆن دەتوانرێت پێکدادانە چەکدارییەکان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان کەم بکرێنەوە و ڕێگرییان لێ بکرێت.

بەشداریی ICJ لە ڕوونکردنەوەی یاساییدا

جگە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە تایبەتەکان لە نێوان وڵاتاندا، دادگای نێودەوڵەتی بە دەرکردنی بۆچوونی ڕاوێژکاری بەشداری لە پەرەپێدانی یاسای نێودەوڵەتی دەکات. ئەمانە لەڕووی یاساییەوە سەپێندراوو ناچاری نین، بەڵام لێکدانەوە بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان پێشکەش دەکەن و ڕێنمایی ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەندام دەکەن. نموونەیەکی بەرچاو لە بۆچوونی ڕاوێژکاری یاساییبوونی هەڕەشە یان بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی (١٩٩٦)ە. دادگای نێودەوڵەتی بەو ئەنجامە گەیشت کە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بەگشتی پێچەوانەی بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی IHL دەبێت، بەڵام جیاکارییەکی تەسکی بۆ حاڵەتە توندەکانی بەرگری لەخۆکردن بەجێهێشتووە. لە کاتێکدا ئەم بۆچوونە مشتومڕی لەسەر بوو، بەڵام کاریگەری لەسەر مشتومڕەکانی داماڵینی چەک لە جیهاندا هەبوو و جەختی لەسەر سنوورە یاسایی و ئەخلاقییەکانی شەڕ کردەوە.

ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم دادگای لاهای

سەرەڕای سەرکەوتنەکانی لە چەندین کەیسی جیاوازدا و ڕۆڵی لە کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لە پێکدادانە چەکدارییەکان، بەڵام دادگای لاهای بێ کەموکوڕیش نییە و ڕووبەڕووی چەندین ئاڵەنگاری بووەتەوە:

ڕەزامەندی دەسەڵاتی دادوەری: دەوڵەتان دەبێ ڕازی بن کە خۆیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی دادگا. ڕەنگە وڵاتە زلهێزەکان بە سادەیی لە بڕیارە نەرێنییەکان دەربچن یان پشتگوێی بخەن، وەک لە دۆسیەی نیکاراگوا دژی ئەمریکا لەساڵی (١٩٨٦)دا دیارە، کە ئەمریکا لە ڕێوشوێنەکان کشایەوە و دواتر ڕەتیکردەوە بە بڕیارەکەوە پابەند بێت.

میکانیزمەکانی جێبەجێکردن: دادگای نێودەوڵەتی هیچ دامەزراوەیەکی جێبەجێکردنی نییە. لە کاتێکدا کە بڕیارەکان پابەندکەرن، جێبەجێکردن بەندە بە پابەندبوونی خۆبەخشانە یان فشاری سیاسی لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

ڕێوشوێنی درێژخایەن: ڕێوشوێنە یاساییەکان لە دادگای نێودەوڵەتی زۆرجار خاو دەبن، ئەمەش توانای دەستێوەردانی لە قەیرانە خێراکان یان شەڕە بەردەوامەکاندا سنووردار دەکات.

نەبوونی دەستڕاگەیشتن بۆ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان: تەنیا دەوڵەتەکان دەتوانن لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتیدا ئامادەبن. ئەمەش ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و ئەو لایەنانە ناگرێتەوە کە بەشدارن لە شەڕی چەکداریدا، هەرچەندە ڕەنگە ئەوان لە دۆخە ئاڵۆزەکاندا یاریزانی سەرەکی بن.

ئەنجام

لە جیهانێکدا کە هێشتا بەهۆی شەڕ و داگیرکاری و ناکۆکییە سەربازییەکان ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە، دادگای نێودەوڵەتی بەهەموو کەموکوڕییەکانییەوە وەک بەردی بناغەی یاسایی نێودەوڵەتی خۆی دەنوێنێت. توانای خۆی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە و لێکدانەوەی نۆرمەکانی یاسایی و بەهێزکردنی سەروەریی یاسا لە چەندین کەیسی مێژووییدا سەلماندووە. لە کاتێکدا دادگای لاهای توانای چارەسەری هەموو گرژییە جیهانییەکانی نییە و کەموکورتی لە هەندێک توانای جێبەجێکردنی پراکتیکیدا هەیە، بەڵام مەکۆیەکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی یاسایی. چارەسەرکردنی سەرکەوتووانەی ململانێکانی وەک کامیرۆن- نیجیریا و بورکینافاسۆ- مالی ئەوە نیشان دەدات، کە تەنانەت لە ناکۆکییە درێژخایەن و خاکییە ڕەگداکوتاوەکانیشدا، یاسای نێودەوڵەتی دەتوانێت بەسەر توندوتیژیدا زاڵ بێت. دادگای لاهای (ICL) نموونەی ئەو بنەمایە دەخاتەڕوو کە یەکلاییکردنەوەی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان نەک تەنها پێویستییەکی گرنگی مرۆییە، بەڵکو پابەندبوونێکی یاساییشە. لە کاتێکدا دەوڵەتەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرژییە جیۆپۆلیتیکییە پەرەسەندووەکاندا بەردەوامن، ڕۆڵی دامەزراوە یاساییەکانی وەک دادگای دادی نێودەوڵەتی و وەک ڕێگایەک بۆ سەقامگیری و دادپەروەری لە کاروباری نێودەوڵەتیدا زیاتر دەکات.



مادده هۆشبەرەکان.. مەترسییەکی کوشندە
ئەرکی هۆشیاری.. خۆپارێزی و ڕووبەڕووبوونەوە

● ئا: سەنتەری هۆشیاری پێشمەرگە

مادده هۆشبەرەکان یەکێکن لەو کێشە گەورانەی کە هەڕەشە لە تەندروستیی تاک، سەقامگیریی خێزان و ئاسایشی کۆمەڵگەو توانا مرۆیی و ئابوورییەکانی هەر کیانێک دەکەن. ئەم دیاردەیە سنووری جوگرافی تێپەڕاندووە و بووەتە کێشەیەکی جیهانی و زۆر مەترسی بۆ سەر وڵاتان دروست کردووە. ئێستا لە هەموو شوێنێک ئەرکی خۆپارێزی و بەرەنگاری دژی مادده هۆشبەرەکان بووەتە بەرپرسیارێتیەکی سەرەکی. ڕێگاچارە و خۆپارێزی بەرانبەر ئەم کێشە ترسناکە جگە لە چاودێریی توندی ئاسایشی، هۆشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵگە، بەتایبەتی گەنجان، لەبارەی زیانە کوشندەکانی ئەم ماددانە، یەکەم هەنگاوی گرنگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دوورخستنەوەی ئەم هەڕەشەیەی کە بە جۆرێک لە تیرۆر ناوزەدکراوە.

مادده هۆشبەرەکان چین؟

مادده هۆشبەرەکان بریتیین لە هەر ماددەیەکی کیمیایی، سروشتی یان دەستکرد، کە کاتێک دەچێتە ناو لەشی مرۆڤەوە (لە ڕێگەی خواردن، هەڵمژین، دەرزی لێدان، یان کێشان)، کار دەکاتە سەر کۆئەندامی دەماری ناوەندی و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئاستی هۆش، هەست، میزاج و ڕەفتاری کەسەکەدا. زۆربەی ئەم ماددانە توانای ئاڵوودەکردنیان هەیە، واتە وا لە بەکارهێنەر دەکەن کە بە شێوەیەکی بەردەوام و ناچاری بەکاریان بهێنێتەوە.

جۆرە سەرەکییەکانی مادده هۆشبەرەکان

دەتوانرێت مادده هۆشبەرەکان بەپێی کاریگەرییان لەسەر مێشک و لەش پۆلێن بکرێن:

•هێورکەرەوەکان:

ئەم جۆرە ماددانە چالاکییەکانی مێشک و کۆئەندامی دەمار خاو دەکەنەوە.

نموونە: هێرۆین، تریاک، مۆرفین، کحول و دەرمانە خەوێنەرەکان وەک باربیتوراتەکان.

کاریگەری: هەستکردن بە خاوبوونەوە، کەمبوونەوەی ئازار، لێڵی لە بینین و خەواڵوویی. بەکارهێنانی زۆری دەبێتە هۆی وەستانی هەناسەدان و مردن.

•ورووژێنەرەکان :

چالاکییەکانی مێشک و لەش زۆر و خێرا دەکەن.

نموونە: کۆکایین، میسامفیتامین (کریستاڵ/شووشە)، ئەمفیتامینەکان (وەک حەبی کەپتاگۆن)، و نیکۆتین.

کاریگەری: هەستکردن بە وزەیەکی زۆر، زیادبوونی ورەیی، دڵەڕاوکێ، کەمخەوی و بەرزبوونەوەی لێدانی دڵ و فشاری خوێن. دەتوانێت ببێتە هۆی جەڵتەی دڵ و مێشک.

•وەهم دروستکەرەکان :

دەبنە هۆی تێکچوونی تێگەیشتن لە ڕاستی و دروستکردنی وەهم (بینینی یان بیستنی شتێک کە بوونی نییە).

نموونە: LSD، قارچکی سیحری (Magic Mushrooms)، و ئێم دی ئێم ئەی (ئێکستازی).

کاریگەری: گۆڕانی توندیی مێزاج، بینینی ڕەنگ و شێوەی سەیر، هەستکردن بە دابڕان لە ڕاستی و ئەگەری تووشبوون

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بە نەخۆشیی دەروونیی درێژخایەن.

• کانابیس (Cannabis):
ئەم جۆرە کاریگەریی تێکەڵاوی هەیە (هەم هێورکەرەوە، هەم ورووژێنەر و هەم وەهمدروستکەر).
نموونە: ماریجوانا (گژوگیا) و حەشیش.
کاریگەری: هەستکردن بە خۆشی و پشوودان، گۆڕان لە تێگەیشتنی کات و شوێن، زیادبوونی ئارەزووی خواردن، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی تێکچوونی یادەوەری و لاوازبوونی توانای فێربوون.

هۆکارەکانی دەستپێکردن و بەکارهێنان

چەندین هۆکار هەن کە پاڵنەرن بۆ ئەوەی تاک، بەتایبەت گەنجان، ڕوو لە مادده هۆشبەرەکان بکەن:
-حەزی تاقیکردنەوە و کاریگەریی هاوڕێ: زۆرجار گەنجان لەژێر فشاری هاوڕێکانیان یان لەبەر حەزی زانین، بۆ یەکەم جار ماددەی هۆشبەر تاقی دەکەنەوە.
-کێشە دەروونییەکان: کەسانی تووشبوو بە خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، یان سترێسی زۆر، وەک ڕێگەیەک بۆ هەڵاتن لە کێشەکانیان، ڕەنگە پەنا بۆ مادده هۆشبەرەکان ببەن.
-کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی: توندوتیژیی خێزانی، هەڵوەشانەوەی خێزان، هەژاری و بێکاری، هۆکاری بەهێزن بۆ پەنابردنی تاک بۆ ئەم ماددانە.
-دەوڵەمەندی: زۆر جار هەبوونی پارەی زۆرو ڕادەی حەزی کەسەکان بۆ ژیانکردن و ڕابواردنی بێسنوور دەبێتە پاڵنەر بۆ ڕووکردنە ئەم ژەهرە بەو نیازەی گوایە چێژی زیاتر لە ژیان وەربگرێت، بەڵام دوای ئاڵوودەبوون کاتێک دەزانرێت نەک سوودو خۆشی لێوەرنەگرتووە بەڵکو پارەو سامانەکشی بەهەدەر داوەو ئیتر تووشی دەردەسەرییەکانی نەبوونی و قەرزو داڕوخانی کۆمەڵایەتی دەبێت.
-نەبوونی هۆشیاری: کەمبوونی زانیاریی دروست لەبارەی زیانە کوشندەکانی مادده هۆشبەرەکان وا دەکات خەڵکی بە ئاسانی بکەونە داوییەوە یان بە زیان و مەترسیەکانی بە کەم سەیر بکەن .

زیان و مەترسییەکان

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کۆمەڵێک زیانی گەورەی هەیە:

•زیانی تەندروستی:
١. زیان گەیاندن بە مێشک، جگەر، دڵ و گورچیلەکان.
٢. لاوازبوونی سیستەمی بەرگریی لەش.
٣. ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە گوازراوەکان وەک ئایدز (HIV) و هەوکردنی جگەر (Hepatitis) لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەرزی هاوبەشەوە.
٤. مەترسیی مردن بەهۆی بەکارهێنانی بڕی زیادە.

•زیانی دەروونی:
١. ئاڵوودەبوون، کە نەخۆشییەکی درێژخایەنی مێشکە.
٢. تووشبوون بە خەمۆکی، دڵەڕاوکێی توند و گۆشەگیری.
٣. تێکچوونی کەسایەتی، دروستبوونی گومان و تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونیی توند .

•زیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری:
١. هەڵوەشانەوەی پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان.
٢. لەدەستدانی کار و سەرچاوەی داهات.
٣. پەنابردن بۆ تاوانکاری وەک دزی بۆ دابینکردنی پارەی ماددەکان.
٤. بارگرانی لەسەر سیستەمی تەندروستی و ئاسایی وڵات.

پرۆسەی هۆشیاری

ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان پێویستی بە هەوڵێکی گشتگیر هەیە:
-پەروەردە و هۆشیاری: بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروست لە قوتابخانە، زانکۆ و میدیاکان، خول و سمینارەکاندا.
-پشتگیریی خێزانی: دروستکردنی ژینگەیەکی خێزانیی تەندروست و پڕ لە خۆشەویستی و گفتوگۆ.
-چالاکیی بەسوود: هاندانی گەنجان بۆ وەرزشکردن، پەرەپێدانی بەهرەکانیان و بەسەربردنی کاتی بەتاڵ بە شتی بەسوود.
-جێبەجێکردنی یاسا: توندکردنی سزا بۆ بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان.

ڕێگاچارە

-دانان بە کێشەکەدا: یەکەم و گرنگترین هەنگاو ئەوەیە کە کەسی ئاڵوودەبوو دان بەوەدا بنێت کە پێویستی بە یارمەتی هەیە.
-یارمەتیی پسپۆڕان: سەردانیکردنی بنکەکانی چارەسەری ئاڵوودەبوون و وەرگرتنی یارمەتی لە پزیشک و دەروونناس.
-چارەسەری دەروونی و ڕاهێنان: یارمەتیدانی کەسەکە بۆ فێربوونی ڕێگەی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان بەبێ مادده هۆشبەرەکان.
-پشتگیریی بەردەوام: دوای چارەسەر، پشتگیریی خێزان و هاوڕێیان زۆر گرنگە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارە دەستپێکردنەوە.

هەمووان دژی ماددەی هۆشبەرەکانن

ئایینەکان: هەموو ئایین و ئایینزاکان وەک هۆکارێکی زیانبەخش و کارێکی دژ بە بیروباوەڕی ئایینی لە مادده هۆشبەرەکان دەڕوانن و حەرامیان کردووە، چونکە عەقڵ دەشێوێنێت و مرۆڤ بێئاگادەکات. حوکمە شەرعییەکانیش دەڵێن: هەرشتێک سەرخۆشت بکات حەرامە. بۆیە ماددەی هۆشبەر دژی ئەرکەکانی پابەندبوون بە خواپەرستی و ئاییندارییە.
یاساکان: گشت وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش چەندین یاسا و تەنانەت دامەزراوە و هێزی تایبەتیان بۆ دژایەتی و ڕێگری لە بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان ڕێکخستووە. سزای توندیان بۆ بازرگانی پێوەکردن و بەکارهێنەران داناوە لە زیندانی هەتاهەتایی تا لەسێدارەدان و چەندین سزای قورسی دیکە.
بەها مرۆڤایەتی: لەبەر ئەوەی ماددەهۆشبەرەکان کەسایەتی و ئازادیی مرۆڤ لەکەدار و دابڕاو دەکەن و لە هۆشمەندی و مەعریفە دووری دەخەنەوە،



بۆیە بە دژی بەهاکانی مرۆڤ بوون دەزانرێت. لەپێناو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بەرگری لە هۆشیاریی مرۆڤەکان و تێکنەچوونی کۆمەڵگە و رەوتی پێشکەوتن وەک مەترسییەکی کوشندە لە ماددەهۆشبەرەکان دەڕواندرێت و رەتدەکرێتەوە.

کۆمەڵگاکان: چونکە ماددەهۆشبەرەکان زیانی زۆری جەستەیی و دەروونی و داراییان هەیە، مەترسین بۆ سەر تەندروستی مرۆڤەکان، هۆکاری تێکدانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەن، رێزو خۆشەویستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەباردەبەن، داهات و سامان بەفیرۆ دەدەن و هەژاری و سەرگەردانی دروست دەکەن، ئاسایشی کۆمەڵگە و وڵات دەشێوێنن.

پێشمەرگەی کوردستان: پێشمەرگەی کوردستان چۆن فیداکارانە بەرگری لە خاک و گەلەکەی و ئازادیی نیشتمانەکەی دەکات بە ئەرکی خۆی، دەزانێت دژی ماددەهۆشبەرەکانیش لەسەنگەردا بێت و هۆشیارانە چاودێریی ئەو تیرۆرە رەشە بکات، بە ئەرکی خۆی دەزانێت نەهێڵێت زیان بە تەندروستی و ئاسایشی کۆمەڵگە و باری ئابووری هەرێمی کوردستان بگەیەنێت و توانا مرۆییەکانی نەتەوەکەمان لاواز بکات.

دوا پەیڤ

ماددە هۆشبەرەکان تەنها کێشەی کەسی بەکارهێنەر نییە، بەڵکو نەخۆشییەکی کوشندەو پرسێکی کۆمەڵایەتییە کە هەمووومان بەرپرسیارین لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا. با هەمووومان پێکەوە کار بکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دوژمنە زاڵمە و پاراستنی تەندروستی و ئابووری کۆمەڵگەکەمان و هەرگیز پرۆسەی هۆشیاریی دژی ماددە هۆشبەرەکان بەتایبەتی لەناو یەکەکانی پێشمەرگەدا فەرامۆش نەکەین، چونکەن باشترین چەکە بۆ خۆپارێزی و بەرەنگاربوونەوەی ئەم کێشە مەترسیدارە.

سەرچاوە :

Hardorlondon.com

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

عەقیدەی سەربازی

● ئامادەکردنی: موقەدەم میرزا داود

عەقیدەی سەربازی بریتییە لە کۆمەڵێک بەها و بنەما و بیروباوەڕ کە سوپا یان دامەزراوەی سەربازیی پابەندن پێیەوە،ڕێنیشاندەرێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەربازییەکان و ئاڕاستەکردنی تاکەکانی سوپا بۆ ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و کاریگەر. عەقیدەی سەربازی ڕێنماییەکانی تایبەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دوژمن و بەدەستهێنانی دەستکەوتی سەربازی و پاراستنی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی تاکەکان لە خۆدەگرێت. هەروەها دەبێتە هۆی دروستکردنی متمانە و ڕۆحی شەڕکردن و بەهێزکردنی ڕێکخستن و هاوکاریکردن لە نێوان تاکەکانی سوپادا بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ئەرکە سەربازییەکاندا.

عەقیدەی سەربازی وشەیەکە کە ئاماژەیە بۆ بنەما گشتیەکان یان پرەنسیپە سەرەکییە پێویستەکانی بنیاتنانی سەربازیی دەوڵەت، واتا گرنگیدانە بە تێڕوانینە فەرمییەکانی دەوڵەت سەبارەت بە سروشت و ڕێساکانی ململانێ چەکدارییەکان و شێوازەکانی بەڕێوەبردنی و ئامادەکردنی وڵات و هێزە چەکدارەکانی. کەواتە عەقیدەی سەربازی ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك فێرکاریی تیۆریی و پراکتیکی و فەلسەفی پەیوەست بە جەنگ و لایەنە پەیوەندیدارەکانییەوە، هەروەها بەواتایەکی تر هەموو ئەو پرەنسیپ و سیاسەت و کاروبارە تەکنیکییانەیە کە دەبێتە هۆی ئاڕاستەکردنی هێزە چەکدارەکان، لە ئەزموونە زانستی یان تیۆرییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. عەقیدەی سەربازی پەیوەندییەکی نزیکی بە عەقیدەی سیاسی دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا و فەلسەفە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەیەوە هەیە.

عەقیدەی سەربازی دروستکراوی دەستی مرۆڤە و لە یەکێك لەو پێویستییانەی کە پەیوەستە بە لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانەوە، سەرچاوەی گرتووە، ئەویش هێزە چەکدارەکانە. جیاوازییەکی گەورە لە نێوان سوپای عەقیدەیی و عەقیدەی سەربازییدا هەیە. یەکەمیان عەقیدەیەکی ئایینی یان سیاسییە لەو وڵاتانەدا پەیڕەودەکرێت کە تاکە لایەنێک حوکمڕانی دەکات و هەموو عەقیدەیەکی تر لە ئەندامەکانی قەدەغەدەکرێن و سزای سەرپێچیکاریش لەسێدارەدان دەبێت. ئەو عەقیدەیەش هیچ پەیوەندییەکی بە پیشەیی بوونەوە نییە و پابەندبوون پێیەوە تەنها بۆ پاراستنی سیستەمەکەیە و ناشگۆڕێت مەگەر بە لەناوچوونی سیستەمەکە. هەرچی عەقیدەی سەربازیشە، عەقیدەیەکی تەواو پیشەییانەیە کە هێزە چەکدارەکان لە ئاشتی و شەڕدا پابەندن پێیەوە، بەبێ گوێدانە ئایین و سیستەمی سیاسی دەوڵەتەکە.

گرنگی عەقیدەی سەربازی

بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی مەعنەوی و ڕێکخراوەیی و فیکری سوپاکان، هەندێک لە وڵاتان لە چوارچێوەی ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکان و سوپاکەیاندا دامودەزگای تایبەتە بە عەقیدەی سەربازی تەرخان دەکەن و گرنگی عەقیدەی سەربازی لەمانەی خوارەوەدا نیشان دەدەن:

- بە ڕێنیشاندەری سەرەکی بۆ ڕێکخستن و مەشقی هێزە چەکدارەکان لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا دادەنرێت.
- بە ڕێنیشاندەری سەرەکی بۆ

ئامادەکردن و پەرەپێدان و سازوتەیارکردن و بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکان لە ئێستا و داهاتوودا دادەنرێت.

• بە خاڵی دەستپێکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە ئەنجام بدرێت، بەبێ گوێدانە جۆر و قەبارەکەی، لە ناوخۆ یان دەرەوەدا بێت.

• بە بنەمای سەرەکی دادەنرێت بۆ یەکخستنی هەموو چەمکە سەربازییەکان سەبارەت بە مەبەستەکانی بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت. ڕێبەرێکی یەکگرتووە بۆ هەموو کار و چالاکییە سەربازییەکان لە هەموو ئاستەکانی دەوڵەتدا.

• پرەنسیپ و سیاسەت و ستراتیژەکانی هێزە سەربازییەکان دیاری دەکات، وەک ڕێبەرێکە بۆ سەرکردە سەربازییەکان بۆ بڕیاردانی هۆشیارانە و بەئاگایانە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو لە بارودۆخە سەربازییە جیاوازەکاندا.

• یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هێزە سەربازییەکان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی شەڕ مامەڵە بکەن.

سەرچاوەکانی عەقیدەی سەربازی

چەند سەرچاوەیەک هەن کە بۆ هەڵبژاردنی عەقیدەی گونجاو بۆ هەر سوپایەک پشتی پێدەبەسترێت و بە ڕێبەرێکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ وڵاتان بۆ وەرگرتنی عەقیدەی سەربازییان. ئەوانیش بەم شێوەیەن:

١.عەقیدەی هەمەلایەنەی دەوڵەت: سەرچاوەی بنەڕەتییە بۆ هەموو ئاستەکانی عەقیدەی بە گشتی و عەقیدەی بنەڕەتی سەربازی بەتایبەتی. نموونەی عەقیدەکانی دەوڵەتیش بریتین لە: عەقیدەی ئایینی، ئایدۆلۆژیا، ئەو بناغە و پرەنسیپانەی کە لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانەوە دامەزراون. بەم پێیە "عەقیدەی سەربازی بەپێی بارودۆخی هەر دەوڵەتێک جیاوازە، بۆیە ناتوانرێت بگوترێ کە بۆ هەموو دەوڵەتەکان یەک عەقیدەی سەربازی هەیە".

٢.مێژووی سەربازی دەوڵەت و ئەو وانانەی لێی وەرگیراوە: مێژووی سەربازی سەرچاوەیەکی کاریگەر و سەرکەوتووە بۆ بنیاتنانەوە و پەرەپێدانی عەقیدەی سەربازی، چونکە دەرئەنجامی دووبارەبوونەوەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانە. عەقیدە سەربازییەکان لە ژێر کاریگەریی ڕووداوە مێژووییەکانن و پەیوەستن بەو دروشمانەی کە دەوڵەت یان نەتەوە لە قۆناغەکانی خەباتی سەربازی یان ئاشتیدا پێیەوە پابەندبوون. ڕوونترین نموونەی ئەمەش بریتین لە: بەکارهێنانی چەکی جۆراوجۆر لە جەنگی جیهانی دووەمدا، لە پێشەنگی ئەو چەکانەش، چەکی ئەتۆمییە کە شەڕەکەی پێ کۆتایی هات، یان ئەو پرەنسیپانەی کە گەلان لە پێناویدا دەجەنگین.

٣.پەرەسەندنی تەکنیکی: ئەم لایەنەش ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەرەپێدان و مۆدێرنکردنی عەقیدەی سەربازی لە ئاستە جیاوازەکان، بەتایبەتی لەسەر ئاستی عەقیدەی ژینگەیی و عەقیدەی ڕێکخراوەییدا دەگێڕێت. نموونەی ئەمەش، کاتێک کەرەستە یان چەکی نوێ دەچێتە ناو هەریەکێک لە لقەکانی هێزە چەکدارەکانەوە، کاریگەرییەکەی لەسەر هەموو لقەکان بە پلەی جیاواز ڕەنگ دەداتەوە و بەم شێوەیە پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە هاوسەنگ بێت.

٤.هەڕەشە و گۆڕانکارییە بەردەوامەکان لە سیستەمی جیهانیدا: کاریگەریی ئەمانە بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر عەقیدەی سەربازیی هەیە و پێویستە وەک پێوەرێکی بنەڕەتی لەکاتی پەسەندکردنی عەقیدەی سەربازی دەوڵەتدا لەبەرچاو بگیرێت. نموونەی ئەمەش، کاتێک یەکێتیی سۆڤییەت لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ داڕما، هەندێک پێکهاتەی عەقیدەی سەربازی لەسەر ئاستی دەوڵەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گۆڕانکارییان بەسەردا هات و ئەم گۆڕانکارییانە بە ڕوونی و ڕاستەوخۆ لە عەقیدەی سەربازیدا ڕەنگی دایەوە. پاشان عەقیدەی نوێی ژینگەیی و ڕێکخراوەیی دەرکەوتن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە هێز و ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانەوە. ئەو عەقیدە سەربازییانەی کە لە سەردەمی جەنگی سارددا پەیڕەو دەکران، بەرەو نەمان چوون.

٥.سروشتی جەنگەکانی داهاتوو: ئەو جەنگانەی چاوەڕوان دەکرێت ڕووبەڕووی دەوڵەت ببێتەوە، لەڕووی جۆر، شێوە، ئاست، ڕەوایەتی و ئامرازەکانییەوە، عەقیدەی سەربازی دەوڵەت لە ئاستە جیاوازەکانیدا دیاری دەکات.

٦.ستراتیژیی سەربازیی دەوڵەت: کاریگەرییەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژیی سەربازیی ڕاستەوخۆ لە پەرەپێدانی عەقیدەی سەربازیدا ڕەنگدەداتەوە، بەتایبەت لایەنی ژینگەیی و ڕێکخراوەیی، کە دەبێت بەردەوام پەرەی پێبدرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی ستراتیژیی سەربازیی دەوڵەتدا بگونجێت.

٧.جوگرافیای وڵات و سروشتی خاکەکەی: سروشتی جوگرافیای دەوڵەت ڕاستەوخۆ لە عەقیدەی سەربازیدا ڕەنگدەداتەوە. شوێنی دەوڵەت قەبارەی ڕێکخراوە سەربازییەکانی و جۆرەکانیان و شێوازی بەکارهێنانیان دیاری دەکات. هەروەها بوونی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت پێگەی جیهانی و سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دیاری دەکەن. بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە عەقیدەی سەربازی پەیوەندییەکی نزیکی بە سیستەمی دەوڵەت و دۆخی ئابووری و سیاسی و کولتووری وڵاتەوە هەیە.

٨.ئەرکەکانی ئێستا و داهاتوو: ئەرکە سەربازییەکانی دەوڵەت ڕۆڵی سەرەکی لە دامەزراندن و پەرەپێدانی عەقیدەی سەربازی لە ئاستە جیاوازەکانیدا دەگێڕن، بە شێوەیەک کە لەگەڵ سروشتی ئەو ئەرکە جۆراوجۆرانەدا بگونجێت کە لە ئێستا و داهاتوودا بە هێزە چەکدارەکان دەسپێردرێن.

سەرچاوەکان:

١.عقيدة عسكرية ، ar.wikipedia.org

٢.مفهوم العقيدة العسكرية ، اللواء الركن مهدي نعيم مهدي، /https://alnahrain.iq/post

٣.الفريق الركن طارق محمود شكري، العقيدة العسكرية وتطوراتها، بغداد: دارالكتب و الوثائق، الطبعة الاولى، ٢٠١٦.

٤.رؤية حول صياغة عقيدة عسكرية وطنية، العقيد : صلاح الدين أبوبكر الزيداني(www.almusallh.ly/ar)

٥.العقيدة العسكرية / (www.albasalh.com)

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خۆبەڕێوەبردن لە گۆڕەپانی شەڕدا

وەرگێڕان و ئامادەکردن: لالۆ کەلاری

ئاشکرایە کە گۆڕەپانی شەڕو پێکدادانە سەربازییەکان، هەلومەرجێکی سەخت و دژوارە و بۆ هەموو کەسێك هاوشێوە نییە و لەڕووی چۆنێتی بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی و هونەر و تاکتیکەکانی شەڕەوە پێویستی بەکارامەیی و لێهاتوویی کەسیی هەیە، هەروەها چۆنێتی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە و کەشوهەوا و خۆبەڕێوەبردن لەڕووی دابینکردنی ئاو، خۆراك، جلوبەرگ و دۆزینەوەی شوێنی ئارام و گونجاو بۆ حەوانەوە. لەم بارەشدا تاکی سەرباز لەپێناوی تەندروستیی جەستەییدا، پێویستە ڕەچاوی ئەم کۆمەڵە ڕێکارانە بکات:-

١.پاراستنی جلوبەرگ و کەلوپەلەکان:

أ.جلوبەرگ بەئاسانی پیس دەبن و میکرۆب و ڤایرۆس و هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەسەرکۆدەبێتەوە، پێویستی بە زوو شوشتن و هەڵواسین لەبەر خۆردا هەیە.

ب.بە هۆی ئارەقە کردنەوە، جلی ژێرەوە و گۆرەوییەکان زوو پیس دەبن، ئەگەر کرا ڕۆژانە بیانشۆ یان بیانگۆڕە.

ج.بەتانی و کیسەخەو و کەڵوپەلەکانی تری نووستن دەبێت بەلانیکەم هەفتەی جارێک لەبەرخۆر دابنرێن.

د.دوورینەوە و چاك کردنەوەی جلو بەرگ بە دەست واتە دەرزی و داو.

ە.دڵنیابوون لە وشکی جلەکان پێش هەڵگرتن و پێچانەوەی.

و.بەکارهێنانی جلی دژەئاو (بارانی) بۆ پاراستنی جلوبەرگەکانت لە تەڕبوون لەکاتی بارانبارین یان شەونمدا.

ز.ئەگەر بارودۆخ لەباربوو، پێویستە جلە تەڕەکانت دابکەنیت بەتایبەت بەشەو پێش ئەوەی بخەویت، پێویستە وشکیان بکەیتەوە.

ح.هەتا دەتوانیت پێڵاوەکانت لە تەڕبوون بپارێزێت و لە ئەگەری تەڕبوون وشکی بکەرەوە. هەمیشە قەیتانی زیادەت پێ بێت.

ط.هەمیشە و پێش ئەوەی بخەویت، جەخت بکەرەوە لە بەتەواوی کارکردنی زنجیری کیسە خەوەکەت. ئەگەر لە شوێنێکی کراوەدا (سەقفی نەبوو) خەوتیت، داپۆشەری پلاستیکی و ڕاخەری (حەسیری) پلاستیکی بەکاربهێنە.

٢.پاراستنی پاك وخاوێنی کەسی:

گرنگیدان بە پاك و خاوێنی کەسی یەکێکە لە ئەرکەکانی سەرباز و دەبێت لەژێر هەر بارودۆخێکی نالەبار و دژواریشدا بێت، لەبەرچاوی بگرێت، چونکە دەبێتە هۆی پاراستنی تاك لەو میکرۆب و ڤایرۆسانەی کە لە ژینگەدا هەن، هەروەها هاوڕێ و ئەندامانی یەکەکەی لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەپارێزێت، هاوکار دەبێت لە فروانکردنی

تەندروستیی گشتیدا، ئەمەش بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی خوارەوە دەبێت:

أ.موو- قژ: پێویستە مووی سەر کورت بێت بۆ ئەوەی لەکاتی بریندارببووندا بە ئاسانی شانە بکرێت نەبێتە جێگای مشەخۆرەکان، هەتا دەکرێت زوو زوو بشۆردرێت.

ب.ڕوخسار: ڕۆژانە شووشتن و پاک ڕاگرتن و تاشینی ڕیش.

ج.ددانەکان: شوشتنی ڕۆژانە (٢)جار بەلانیکەم بۆ ڕێگرتن لەهەوکردنی ناو دەم و کلۆربوونی ددانەکان.

د.لەش: زوو زوو شووشتنی جەستە و گرنگیدان بە بن باڵ و بن ڕان، چونکە ئەم ناوچانە گەرم و شێدارن، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاسایی نەشۆردرێن، کەڕووەکان گەشەی تێدا دەکەن. پاککردنەوەی هەر برینێک بەتایبەت لەسەر دەستەکان، باشتروایە بە پلاستەری دژەئاو داپۆشرێت.

ە.پێیەکان: پێویستە پێیەکان بە پاکی ڕابگیرێن، پۆدرەی پێوە بکرێت و نینۆکەکان بقرتێنرێن. ڕۆژانە گۆڕینی گۆرەوییەکان و وشک ڕاگرتنی پێیەکان.

٣.ئاسایشی خۆراك و ئاو:

لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا دابینکردنی خۆراک و ئاوی پاك، هاوشێوەی تەقەمەنی لە پلەیەکی گرنگدایە، زۆرجار کاریگەریی لەسەر سەرکەوتن یان شکستی ئەرکێک دەبێت. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەندروست و سەلامەت بەکاربهێنرێن و نەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی دەرد و نەخۆشی، هەندێک بنەما هەیە دەبێت ڕەچاو بکرێن:-

أ.شووشتنی دەستەکان پێش ئامادەکردنی خواردن یان کردنەوەی بەشە خواردن.

ب.بەکارهێنانی بەشە خواردن و کەرەستەی جێگای باوەڕ، هەر خواردنێک لێی دڵنیانەبوویت یان سەرچاوەکەی نادیار بوو بەکاری مەهێنە.

ج.بەکارهێنانی ئاوی کانزایی لە بوتڵکراو.

د.بە تەواوی شوشتنی پەرداخ، کەوچک، چەقۆ و چنگاڵ دوای بەکارهێنانی، ئەگەر گومانت هەبوو پێش بەکارهێنانیش بیانشۆ.

ە.پاشماوەکان لە دووری شوێنی حەوانەوەت فڕێدە، چونکە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی مێش و قرتێنەرەکانی وەک مشک.

و.شوێنی چێشتلێنان و خواردن دروستکردن بە پاکی ڕابگرە، شتەکان بە ڕێکوپێکی لە شوێنی پاک دابنێ.

ز.هەرکەس دەبێت کەلوپەلی تایبەت بەخۆی بەکاربهێنێت وەک: قاپ و کەوچک، پەرداخ، خاولی و سابون و... هتد.

ئاشکرایە ئەنجامدانی ئەرکە سەربازییەکان پێویستی بە وزەیەکی جەستەیی زۆر دەبێت، ئەو وزەیەش لە دابینکردنی خۆراکەوە دەستدەکەوێت، بۆیە پێویستە خۆراکی سەربازی ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت:

١-وزەیەکی زۆر بدات و کێش و قەبارەی کەمبێت.

٢-بەئاسانی ئامادە بکرێت.

٣-کاتی کەمی بۆ کوڵاندن پێویست بێت.

٤-توانای بەرگەگرتنی پلەی گەرمای هەبێت.

ئاویش لە پێویستییە هەرەگرنگ و لەپێشینەکانە و سەرباز لە کاتی ئۆپەراسیۆن و چالاکییەکانیدا بۆ خواردنەوە و دروستکردنی خواردن و پێداویستییەکانی تری ڕۆژانەی پێویستی پێی دەبێت. ئەو ئاوەش پێویستە پاک و شیاوی خواردنەوە بێت، چونکە ئاو هۆکارێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی نەخۆشی. ئەگەر بڕی پێویست ئاوی خاوێن بەردەست نەبوو یان دڵنیا نەبوویت لە شیاویی ئاوەکە، دەکرێت حەبی پاککردنەوەی ئاو بەکاربهێنرێت، یان ڕێگای کوڵاندن بگیرێتەبەر، کە کۆتا ڕێگەچارەیە و دەبێت بەلانیکەم (١٠) خولەک ئاوەکە بکوڵێت و پیسی و چەورییەکەی سەری هەڵبگیرێت پێش ئەوەی سارد ببێتەوە و پاشان بۆ خواردنەوە دەبێت.

٤.کاریگەریی کەشوهەوا:

کەشوهەوا بە توخمە جۆراوجۆرەکانییەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە کاریگەریدانان لەسەر ڕەوتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەگێڕێت. هەر توخمێکی کەشوهەوا کاریگەریی تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر دوو باردۆخی کەشوهەوا کە ئەوانیش بریتین لە:

أ.کەشوهەوای سارد.

دابەزینی پلەکانی گەرما کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر جوڵەی جەنگاوەر هەیە، بەتایبەتی ئەگەر کەلوپەل و شمەکی تایبەت بەخۆپاراستن لە سەرمایان بۆ دابین نەکرابێت، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی ئیفلیجبوونی پەنجە و دەست و پێیەکان و هەندێك جار مردنیشی لێدەکەوێتەوە. بۆ خۆپاراستن و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکەی پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١-هەوڵ بدە پارێزگاری لە پلەی گەرمی جەستەت بکەیت لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوەی گەرم.

٢-دوورکەوتنەوە لە تەڕبوون و خۆپاراستن بە وشکی بەتایبەت پێش چوو خەوتن.

٣-پۆشینی جلی زۆر دەبێتە هۆی ئارەقەکردن و سەرمابوون.

٤-پاراستنی گۆرەوی بە وشکی و شێلانی پێیەکان بەباشی.

٥-بۆ پاراستنی پێست لە ئاوهەوای سارد، کرێمی ڤازلین و مەرهەم بەکاربهێنە.

٦-بەکارهێنانی دەستکێش بۆ پاراستنی پەنجەکانی دەست و پۆشینی ملپێچی خوری بۆ پاراستنی لووت و گوێیەکان.

٧-دانەخستنی کیسەخەو بەتەواویی بۆ ئەوەی هەڵمی هەناسەدان ناوەوەی تەڕ و شێدار نەکات، ئەگەر زۆر سارد بوو دەکرێت بە شتێکی تر دەم و چاوت داپۆشیت.

٨-لەکاتی ئاگرکردنەوەدا هەواگۆڕکێ لەبەرچاوبگرە و نابێت بۆ خۆگەرمکردنەوە ئاگر لەناو چادردا بکرێتەوە.

ب.کەشوهەوای گەرم.

پلەی گەرمی کاریگەری لەسەر جەستەی سەرباز و سنووردارکردنی چالاکییەکانی دەبێت. ئەم کاریگەرییەش زیاتر دەبێت ئەگەر لە ژینگەیەکدا بێت کە پلەی گەرمی جیاوازبێت لەو ژینگەیەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کە پێی ڕاهاتووە یان لە زێدی ڕەسەنی خۆی. بەرزبوونەوەی پلەی گەرما دەبێتە هۆی ماندووبوونی جەنگاوەران، بەتایبەتی ئەگەر ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ڕۆژ و لە ژێر خۆردا ئەنجام بدرێت. ڕەنگە هەندێکیان تووشی ماندوویەتی و سکچوون ببن، بۆ خۆپاراستن لە زیانەکانی کەشوهەوای گەرم، ئەم ڕێکارانە ئەنجام دەدرێت:

(١)گەرمابردن یان سووتان بە خۆر یەکێکە لە مەترسییە سەرەکییەکان، ئەوەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی بڕێکی زۆر لە ئاوی جەستە و خوێی لەش بە هۆی ئارەقەکردنی زۆرەوە، پێویست بە خۆپارێزی ورد دەکات.

(٢)پێویستە بڕێکی زۆر شلەمەنی و ئاو بخورێتەوە. ئەگەر ئاوهەوا زۆر گەرم بێت، پێویستە ئاوی زیاتر بخۆیتەوە.

(٣)مەهێڵە تیشکی خۆر ڕاستەوخۆ بەر جەستەت بکەوێت، چونکە دەیسووتێنێت، ئەگەرنا کرێمی دژە خۆر بەکاربهێنە بۆ ئەو شوێنانەی ناتونیت بە باشی دایپۆشیت.

(٤)پۆشینی جلێک کە یارمەتی بەهەڵمبوونی ئارەقەبدات.

(٥)پاراستنی سەر لە تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر.

(٦)حەوانەوەی ناوبەناو.

٥.تاکتیکی ئامادەکردنی خواردن:

دەبێت پێش ئامادەکردنی ژەمێکی خواردنم بارودۆخی تاکتیکی دەوروبەر لەبەرچاوبگیردرێت، بۆ ئەوەی ئامادەکردنی خواردن نەبێتەهۆی مەترسی بۆسەر ژیانی سەربازەکان، بۆ دوورکەوتنەوە لەو کارەسات و مەترسی پێویستە ئەم بنەمایانە لەبەرچاو بگیرێت:

أ.دەرکردنی پاسەوان بۆ پاراستن لە هەڕەشەی دوژمن.

ب.بۆ دووربوون لە ئاگرکەوتنەوە پێویستە دوو بەرامبەری شوێنی ئاگرەکە پاکبکرێتەوە لە هەر شتێک ئەگەری سووتانی هەبێت.

ج.سووتاندنی هیکسامین بۆنیکی هەیە لەوانەیە لە دوورەوە هەستی پێبکرێت. ئەگەر هەستتکرد دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی شوێنەکەت، بەکاری مەهێنە.

د.سووتاندنی کاغەز و کارتۆن و پاشماوەی خواردن و کوژانەوەی هیکسامین بە ئاو، دووکەڵ دروستدەکات و شوێنەکەت ئاشکرا دەبێت.

ه.لە شەودا ئاگر لە دوورەوە دیارە، بۆیە هەتا بکرێت لە ڕۆژدا بەکاربهێنرێت.

٦.لەناو بردنی پاشماوەکان:

شێوازەکانی لەناو بردنی پاشماوەکان، بەندە بە شوێنی یەکەکە و بارودۆخی سەربازییەوە. بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەر ژینگە و بارودۆخی خاکەکە گونجاو بێت، پاشماوەکان لەژێرخاکدا دەشاردرێنەوە. پاشماوەکانیش چەندین جۆری جیاوازیان هەیە، کە بریتین :

أ.پاشماوەی مرۆڤ.

ب.پاشماوەی ئاژەڵ.

ج.زبڵ.

د.ئاوەڕۆی چێشتخانە و حەمام.

ه.خۆڵ و خاشاک.

و.پاشماوەی مەترسیدار.

سەرچاوەکان:
١. U.S. Army، IE - Soldier's Handbook ، October ،٢٠٠٣.
٢. US. Army ، Military Sanitation، ١٩٥٧.
٣. UK. Army، The Cadet Training Manual ، Volume١ ، June ، ٢٠٠١.
٤. UK-Ministry of Defence ، Cadet Training، Field craft and Tactics،March ٢٠١٣ ،.
٥. US. Army ،Unit Field Sanitation Team ، ٢٠٠٢ .

جوگرافیای سەربازی
ڕۆڵ و کاریگەری لە پرۆسەی سەربازییدا

● ئامادەکردنی: هاوکار محەممەد

جوگرافیای سەربازی (Military Geography) یەکێکە لە لقە پەیوەندیدارەکانی زانستی سەربازی کە تایبەتمەندییە جوگرافییە سروشتی و مرۆییەکان لەگەڵ پرۆسە سەربازییەکان دەخاتە پەیوەندییەوە. ئەم زانستە بە تایبەتی گرنگی بە کاریگەری شوێن و ژینگە لەسەر پلاندانان و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەدات.

پێناسەی جوگرافیای سەربازی

بە گشتی، دەتوانین بڵێین، جوگرافیای سەربازی بریتییە لە بەکارهێنانی زانیاری جوگرافی لە بەڕێوەبردنی کاروباری سەربازیدا، بە تایبەتی لە مەیدانی جەنگدا. لە لایەکی ترەوە، ئینسکلۆپیدیای سوپای ئەمریکا، جوگرافیای سەربازی بە «بەشێک لە جوگرافیا دادەنێت کە مامەڵە لەگەڵ دیاردە سروشتی و مرۆییەکان دەکات کە کاریگەرییان لەسەر پلانی سەربازی هەیە». دەتوانین بڵێین، جوگرافیای سەربازی «زانستێکە کە لە ڕۆڵ و کاریگەریی بنەما جوگرافییەکانی مەیدانی جەنگ دەکۆڵێتەوە و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی پرۆسەسەربازییەکان بەدەردەخات.

لقەکانی جوگرافیای سەربازی

جوگرافیای سەربازی بەسەر چەند لقێکی سەرەکی و لاوەکیدا دابەش دەکرێت کە هەریەکەیان جیاوازیی خۆیان هەیە:

١- جوگرافیای سەربازی مێژوویی: ئەم لقە باس لە کاریگەری جوگرافیا لەسەر جەنگە مێژووییەکان دەکات. بۆ نموونە، شوێنی جوگرافی وەک شانۆی جەنگ دادەنرێت کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەرئەنجامی جەنگەکاندا هەیە. لێرەدا، زانستەکانی وەک جوگرافیای مێژوویی و ستراتیژیی مێژوویی، لە تێگەیشتنی کاریگەریی جوگرافیا لەسەر ستراتیژیی سەربازی لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا یارمەتیدەرن.

٢- جوگرافیای ستراتیژی: جوگرافیای ستراتیژی تێکەڵەیەکە لە زانستی جوگرافیا و ستراتیژیی سەربازی. ئەم لقە بە تایبەتی گرنگی بە توانای گەیشتن، جووڵە، بینین، پەیوەندی و ئامادەبوون» دەدات کە هەموویان پەیوەستن بە شوێنی جوگرافی و ژینگە. بۆ نموونە، لە جەنگی دووەمی جیهانی، زانینی شوێنی جوگرافی یارمەتی سوپای هاوپەیمانان دا لە پلاندانان بۆ هێرشە سەرکەوتووەکان.

٣-جوگرافیای تاکتیکی: جوگرافیای تاکتیکی زیاتر مامەڵە لەگەڵ کاریگەریی ڕاستەوخۆی جوگرافیا لەسەر جووڵە و پێشڕەویی هێزە سەربازییەکان دەکات. ئەم لقە بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکرێت:

-جوگرافیای جەنگی وشکانی (شاخاوی، بیابانی و دارستانی)

- جوگرافیای جەنگی دەریایی (کاریگەریی قوڵی و شوێنی دەریاکان)

- جوگرافیای جەنگی ئاسمانی (کاریگەریی کەشوهەوا لەسەر فرین)

جوگرافیای جەنگی بۆشایی (کارکردن لە دەرەوەی زەوی)

٤-جوگرافیای هەرێمی: ئەم لقە تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی هەرێمە جیاوازەکان دەخاتەڕوو و کاریگەرییان لەسەر پلانی سەربازی شیکاردەکات. بۆ نموونە، جیاوازیی نێوان جەنگ لە ناوچە شاخاوییەکان و بیابانییەکان ڕێگای جیاوازی پلاندانانی دەوێت.

٥-جوگرافیای سەربازیی نوێ: لە سەردەمی هاوچەرخدا، جوگرافیای

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

سەربازی گەشەی کردووە و چەند لقێکی نوێی بەخۆیەوە دیوە وەک:

- جوگرافیای پزیشکیی سەربازی: پەیوەندیی نێوان ژینگە و تەندروستی سەربازەکان.
- جوگرافیای سیاسیی سەربازی: پەیوەندیی نێوان سیاسەت و جوگرافیا لە جەنگدا.

کاریگەریی جوگرافیا لەسەر جەنگ

جوگرافیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەموو قۆناغەکانی جەنگ، لە پلاندانانەوە تا جێبەجێکردندا هەیە. هەندێک لە کاریگەرییە سەرەکییەکانی بریتین لە:

شوێنی جەنگ وەك شاخ و گرد: ئاسانکاری بۆ بەرگری و ناهەمواربوونی جووڵەی هێزەکان.

بیابان: کێشە لە دابینکردنی پێداویستییەکان و کاریگەری گەرمی.

دارستانەکان: ئاسانکاری بۆ خۆشاردنەوە، بەڵام زۆرجار کێشە لە جووڵەی هێزەکان دروست دەبێت.

جەنگ لە ناوچەی شاردا پێویستی بە ڕێگای تایبەت و تاکتیکی جیاواز هەیە.

کەشوهەوا: باران و بەفر کاریگەری لەسەر جووڵەی هێزەکان و کارایی چەک هەیە.

گەرمی و ساردی: کاریگەریی لەسەر تەندروستی سەربازەکان و کارایی ئامێرەکاندا هەیە.

با: کاریگەریی لەسەر فڕینی فڕۆکە و تەقەکردنی جۆری چەکەکان هەیە.

ڕێگاوبان: وەك ڕێگای خێرا، یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەی هێزەکان.

ڕێگای ناهەموار: کێشە لە گواستنەوەی پێداویستییەکان دروست دەکات.

جوگرافیای سەربازی و هەواڵگری

لە سیستمی سەربازییدا، زانیاری جوگرافی وەک بەشێک لە هەواڵگری سەربازی بەکاردەهێنرێت. ئەم زانیارییانە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکرێن:

١- زانیاریی ستراتیژی: زانیاریی درێژخایەن لەسەر ناوچە گرنگەکان، نموونە زانیاری لەسەر فڕۆکەخانە سەربازییەکان یان سەرچاوە ستراتیژییەکان.

٢- زانیاریی تاکتیکی: زانیاری ڕاستەوخۆ بۆ مەیدانی جەنگ. بۆ نموونە، نەخشەی تۆپۆگرافی یان زانیاری لەسەر کەشوهەوا.

دەتوانین بڵێین، جوگرافیای سەربازی زانستێکی گرنگە کە یارمەتی فەرماندە سەربازییەکان دەدات بۆ پلاندانان و بەڕێوەبردنی کاروباری سەربازی. ئەم زانستە بەردەوام لە گەشە کردندایە و لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ڕۆڵی زیاتر لە جیهانی سەربازیدا دەبینێت. چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا پێشکەوتنی زیاتر لە بواری جوگرافیای بۆشایی و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بێتەئاراوە.

سەرچاوەکان:
- جەزا تۆفیق تالیب، جوگرافیای سەربازی/ ٢٠٢٠.
- پیلتەر و پیرسی، الجغرافیة العسكرية/١٩٧٥.

سۆشیال میدیا

مەیدانی شەڕی زانیاری و مەترسییەکانی

ئامادەکردنی: گەرمیان

شۆڕشە خێراکانی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی و زانیاری، دەرفەتێکی بۆ بەرزکردنەوەی توانای هێزەکان و دەسەڵاتی دەوڵەتان ڕەخساندووە، بەڵام دیارترین چەک بە پلەی یەکەم کە بووەتە سەکۆی تواناکانی زانیاری بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی سوپاو دەوڵەتە جیاوازەکان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە (سۆشیال میدیا).

سۆشیال میدیا، یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئامرازانە، و ڕەنگە کاریگەرترینیش بێت، ئەوەش لە ژێر ڕۆشنایی پشتبەستنی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگاکان بەم ئامرازانە بەبێ هیچ سنووردارکردنێک.

سۆشیال میدیا بۆتە ئامرازێکی بەهێز بۆ تاکەکان و حکومەتەکان و ئەکتەرەکانی تر، بەو پێیەی کە بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و شێواندن یان ئاراستەکردنی بیروڕای گشتی و کاریگەری لەسەر پرس و پرۆسەکان زەمینەیەکی ئاسان و بەردەستە، ئەمەش بەهۆی توانای گەیشتن بە ئامادەبووانێکی زۆر فراوان لە سەرانسەری جیهاندا بە ئاسانی و خێراییەکی زۆرەوە. لەم چوارچێوەیەدا ئەکتەرە جیاوازەکان دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی تاکتیکی پێشکەوتوو بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هاوکات هەندێک وڵات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاکتیکانە و دڵنیابوون لە بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی سۆشیال میدیا ڕێککاری تایبەتیان گرتۆتەبەر. ئەمە راستیانە بووەتە هۆی هێنانەکایەی چەمکی «چەکدارکردنی سۆشیال میدیا» لە چوارچێوەی شەڕی زانیاری لە نێوان وڵاتان و ئەکتەرە جیاوازەکاندا. ئەمەش چەندین پرسیاری لەبارەی سروشتی ئەم شەڕە و چۆنیەتی پەرەسەندنی بەکارهێنانی لەلایەن نەیاران و لایەنە کێبڕکێکارەکانەوە و دواتریش کاردانەوەکانی لەسەر ڕێبازەکانی شەڕی مۆدێرن و داهاتوو دروستکردووە.

جەنگی ئەنتەرنێت

شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ بە «یەکەم جەنگی ئینتەرنێت» ناوزەد کرا، جەنگی یوگۆسلاڤیا لە کۆتاییەکانی نەوەدەکاندا ناوی «یەکەم جەنگی وێب» بوو، رزگارکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ چەمکی»ئۆپەراسیۆنی زانیاری» وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی جەنگەکە بەکارهات ، بەڵام دواتر ئەو بیرۆکانە هاتنەئارا کە سۆشیال میدیا راستەوخۆ ڕۆڵێکی سەرەکی لە شەڕی مۆدێرن بگێڕێت. ئەمەش لەسەر ئەو بنەما سەرەکییە دامەزراوە، کە زانیاری سەرچاوەیەکی گرنگە لە کاتی جەنگدا، و بەدەستهێنانی باڵادەستی بەسەر هێڵەکانی پێشەوە بە شێوەی ئۆنلاین هێندەی کۆنترۆڵکردنی خاکی فیزیکی و هێڵەکانی پێشەوە لە بەرەکانی شەڕدا گرنگە.

ئامانجەکانی چەکدارکردنی سۆشیال میدیا

چەمکی «چەکدارکردنی سۆشیال میدیا» ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، وەک فەیسبووک، ئینستاگرام، واتسئاپ، تێلێگرام، یوتیوب، و ئێکس، بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە، زانیاری هەڵە، هەواڵی ساختە، شیواندنی ڕای گشتی و کاریگەری لەسەر دەرئەنجامە سەربازی و سیاسییەکان.

پرۆسەی چەکدارکردنی سۆشیال میدیا لەسەر بنەمای بەکارهێنانی تاکتیکی جیاوازە بۆ بەکارهێنانی ئەو تۆڕە و گەیشتن بە ئامانجی سیاسی و ئایدیۆلۆژی جیاواز، کە دیارترینیان دەتوانرێت بەم شێوەیە بخرێتەڕوو:

١. بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵە و هەواڵی ساختە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوانامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

٢. ئاراستەکردنی پڕوپاگەندە.

٣. وەک ئامرازێک بۆ بە ئامانجکردنی تاکێک یان کۆمەڵێک کەس، بۆ ڕاکێشانیان بۆ ئەوەی کارێکی دڵخوازی خۆیان بکەن.

٤. هێرشی ئەلیکترۆنی، وەک هاککردن و بەکارهێنانی بەرنامەی زیانبەخش.

٥. بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد، واتا دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی قەناعەتپێکەر و دەستکاریکردنی وتارە سیاسییەکان و زانیارییە جۆراوجۆرەکان.

٦. ئۆپەراسیۆنەکانی زانیاری ، کە بریتیە لە هەڵمەتەکانی زانیاری ناڕاست و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئامانجە تایبەتەکان.

٨. بڵاوکردنەوەو فراوانکردنی توندڕەوی.

بەکارهێنانی سۆشیال میدیا وەك چەك

زۆرێک لە دەوڵەتان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ خزمەتکردنی ئامانجە جیاوازەکانیان، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی قسەی زیاتر لە ٣.٢ ملیار بەکارهێنەری ئەم پلاتفۆرمە جیاوازانە، کە ئەمەش مەترسییەکانی چەمکی ”چەکدارکردنی کۆمەڵایەتی“ زیاتر کردووە لە ژێر ڕۆشنایی ئەگەری دەستڕاگەیشتن بە بڕێکی زۆر لە زانیاری کەسی. ساڵانی ڕابردوو شایەتی پەرەسەندنی چەکدارکردنی سۆشیال میدیای جۆراوجۆر بە شێوەی جیاواز بووین.

سۆشیال میدیا و ڕەوتی شەڕی مۆدێرن

سۆشیال میدیا تەنها کاریگەری لەسەر بۆچوون و بەکارهێنەران نیە، بەڵکو کاریگەری بنەڕەتی لەسەر ڕەوتی جەنگەکان هەبووە، لە جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستیپێکردووە، کاتێک ئەڵمانیا پشتی بە ڕادیۆ بەستووە بۆ داگیرکردنی فەرەنسا، وەک ئامرازێکی نوێ و خێرا بۆ پەیوەندیکردن بە کاریگەریی سەربازی ستراتیژی و تاکتیکی. پەیوەندییە بێ تەلەکان نەک هەر یارمەتی ئەڵمانییەکانی دا بۆ هەماهەنگی و جوڵەی خێراتر ، بەڵکو یارمەتیدەر بوو بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دانیشتوانی فەرەنسا بۆ بڵاوبوونەوەی ترس. ئەم ستراتیژە لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دووبارە بووەوە، کە بەهەمان شێوە پشتی بەخۆی و پڕچەککردنی سۆشیال میدیا و بەتایبەت تویتەر بەستبوو لە پەلامارە خێراکەیدا بۆ سەر عێراق و وای لێکرد لە هێزێک بباتەوە کە چەند هێندەی خۆی سەرووتر بوو ئەمەش لە ڕێگەی تۆڕەکانی لە تویتەر بۆ بڵاوکردنەوەی هێرشەکانی و وێنەگرتنی جوڵەکانی و بڵاوکردنەوەی ترس. ئەوەش نیشاندەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی کە چۆن سۆشیال میدیا وەک دیارترین ئامرازی پەیوەندیکردنی ئێستا، ڕەوتی شەڕەکانی گۆڕیوە.

کاریگەری و مەترسییەکان

پرۆسەی چەکدارکردنی سۆشیال میدیا بووەتە هۆکارێک بۆ زیادبوونی نیگەرانی لە وڵاتە جیاوازەکاندا، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو کاردانەوە و مەترسییانەی کە دروستی دەکات، دیارترینیان دەتوانرێت بەم شێوەیە بخرێتەڕوو:

١. پڕوپاگەندە و زانیاری هەڵە: چەکدارکردنی سۆشیال میدیا دەتوانێت ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست و پڕوپاگەندەی چەواشەکارانە، کە لەوانەیە کاردانەوەی نەرێنی لەسەر بڕیارە سیاسییەکان و ڕای گشتی لێبکەوێتەوە و متمانە بە دامەزراوەکانی حکومەت و سیستمە سیاسییەکان و میدیاکان تێکبدات.

٢. شەڕی دەروونی و نائارامی کۆمەڵایەتی: سۆشیال میدیا بەکاردێت

بۆ دەستکاریکردنی هەستەکانی تاکەکان و دروستبوونی شەڕی دەروونی، وەک هەستکردن بە تەنیایی و خەمۆکی، هەروەها نائارامی کۆمەڵایەتی لە هەندێک وڵاتدا.

٣. برەودان بە توندڕەوی: هەندێک لایەن بە چەکدارکردنی سۆشیال میدیا بۆ بەرەوپێشبردنی ئایدۆلۆژیای توندڕەو و بڵاوکردنەوەی پەیامی کینەو رق، کە لەوانەیە ببێتە هۆی توندوتیژی و نائارامی کۆمەڵایەتی و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی لە وڵاتاندا.

٤. ئاشکراکردنی نهێنی تاکەکان: سۆشیال میدیا بۆ کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری کەسی بەکاردێت، ئەمەش نهێنی و ئاسایشی تاکەکان دەشێوێنێت.

٥. کاریگەری لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسی: هەندێک وڵات سۆشیال میدیا دەقۆزنەوە بۆ دەستوەردان لە هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسی لە هەندێک وڵات، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر ڕەوتی ئەو هەڵبژاردنانە هەبێت و سەقامگیری سیاسی لەو وڵاتانە تێکبدات.

٦. هێرشی ئەلیکترۆنی و شەڕی ئەلیکترۆنی: سۆشیال میدیا بووەتە ئامرازێکی سەرەکی لەو هێڕشە ئەلیکترۆنیانەی کە دەوڵەتان و ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان دژی یەکتر دەستپێدەکەن، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ژێرخانی گرنگ لە وڵاتانی جیاوازدا دەبێت و ئاسایشی نیشتمانییان دەخاتە بەردەم مەترسییەوە.

هەرچەندە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا جارجارە پێگەی ساختە لادەبەن، بەڵام توانای نوێکردنەوەی خۆیان هەیە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و دەتوانن ئەکاونت دروست بکەن و بە نادیار بیانهێڵنەوە و دوای چەند مانگێک یان تەنانەت ساڵانێک چالاکیان بکەنەوە، ئەمەش وادەکات دەستنیشانکردنیان قورستر بێت.

ئۆپەراسیۆنی سەربازیانەی ناو سۆشیال میدیا

کێشەیەکی دیکە پەیوەندی بە دۆخی یاسایی نارِوونی ئۆپەراسیۆنی سەربازیانەی ناو سۆشیال میدیاوە هەیە. سیستەمی یاسایی هێشتا بە شێوەیەکی گونجاو ئەو پرسەیان ڕێکنەخستووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تەحەدای زیاتری پەیوەست بەم بابەتە، وەک ئازادی ڕادەربڕین، بە سیاسیکردنی پێشکەشکارانی کێشەی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت. لە کاتێکدا یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی شەڕی ئەلیکترۆنی ڕێکدەخات، چەکدارکردنی سۆشیال میدیا بە تەواوی لەگەڵ پێوەرەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا ناگونجێت، بەتایبەتی کە ئەو ئەکتەرانەی شەڕی زانیاری کە پشت بە سۆشیال میدیا دەبەستن، لە ڕاستیدا تاکی تایبەتمەند نین، بەڵکو زۆرجار بەکارهێنەری ئینتەرنێتی مەدەنین.

لە کۆتاییدا تێدەگەین، کە چەکدارکردنی سۆشیال میدیا ئامرازێکی سەرەکییە لە شەڕی مۆدێرن، بەو پێیەی دەتوانێت هەلومەرجی خوازراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی لە وڵاتانی ئامانجداردا دروست بکات و متمانە لاواز بکات. چەکدارکردنی سۆشیال میدیا پێویستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری دیجیتاڵی دەکاتە پێویستی و چاکسازی زیاتر کە کۆمپانیاکانی سۆشیال میدیا دەبێت ئەنجامی بدەن بۆ باشترکردنی ڕێگەی ناسینی کەس و گروپەکان و ناسراوی و ڕوونی پەیامەکان.

www.aljundi.ae Weaponizing Social Media as an Information Warfare Tool

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

ڕۆڵی ژیری دەستکرد لە داڕشتنەوەی جەنگە تێکەڵاوەکان

وەرگێڕان: رائد/ ئارام ناسیح

بە درێژایی مێژوو، جەنگەکان پەرەسەندنێکی بەردەوامیان بەخۆوە بینیوە و پاڵنەری سەرەکی داهێنانی تەکنۆلۆجی و بایۆلۆجی بوون. ئەمڕۆ ژیری دەستکرد پێشەنگی ئەم شۆڕشەیە بۆ ئەوەی وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لە چەمکی «جەنگ»دا دروست بکات و بەشداری لە سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی جەنگەکان بکات کە بە «جەنگە تێکەڵاوەکان» ناسراوە. ئەم جۆرە جەنگانە، شێوازە سەربازییە کلاسیکییەکان و سیستەمەکانی دیکە تێکەڵ دەکەن. ژیری دەستکرد لە ڕێگەی توانای شیکردنەوەی داتا گەورەکان و پەرەپێدانی توانا بێوێنەکانی لە بواری سایبەریدا، گۆڕەپانەکانی شەڕی هاوچەرخی بە شێوازگەلێک داڕشتووەتەوە کە پێشتر نەمانبینیوە.

ئامانجەکان لە جەنگە تێکەڵاوەکانی پشتیوانیکراو بە ژیری دەستکرد

لە جەنگەکانی پشتیوانیکراو بە ژیری دەستکرد، چەمکی ئامانج بە شێوەیەکی ڕیشەیی دەگۆڕێت کە ئامانجە تەقلیدییەکان تێدەپەڕێنێت و ڕەهەندی نوێ لەخۆدەگرێت. ئەم جەنگانە دۆخی دەروونی و بایۆلۆجی ئەو تاکانە دەکاتە ئامانج کە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن.

بەئامانجگرتنی ڕەهەندە مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکان

جەنگە تێکەڵاوەکان چیتر تەنیا تەرکیز ناکەنە سەر وێرانکردنی سامانی ماددی، بەڵکو دەکرێت ژیری دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ بەئامانجگرتنی ڕەهەندە مەعریفی، کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی کۆمەڵگە. ئەمەش لە ڕێگەی لەقکردنی متمانەی تاکەکان بە دامەزراوەکانیان، بەتایبەت دامەزراوە حکومی و میدیاییەکان، تێکدانی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

بەئامانجگرتنی ژێرخانی گرنگ

بەئامانجگرتنی ژێرخانی گرنگی وڵاتان لە ڕێگەی بەهێزکردنی هێرشە سایبەرییەکان بە ژیری دەستکرد دژی ژێرخانی گرنگی وڵاتان وەک تۆڕەکانی وزە، سیستەمەکانی گواستنەوە و پەیوەندییەکان. ئەمەش دەبێت بەهۆی پەکخستنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و دروستکردنی ئاژاوەیەکی بەرفراوان.

کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی

کاریگەری خستنەسەر ڕای گشتی لە ڕێگەی دروستکردنی ناوەڕۆکی پڕوپاگەندەیی باوەڕپێکەر و واقیعی (دیپفەیک) بۆ کاریگەری خستنەسەر ڕای گشتی و ئاڕاستەکردنی بەرەو ئامانجی دیاریکراو. هەروەها پتەوکردنی دابەشبوون و جەمسەرگیری لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتای ڕەفتاری و سۆزداری، دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگە، داڕشتنی هەڵمەتی کاریگەر و ورد، چاندنی تۆوی دابەشبوون و زیادکردنی ناکۆکیی ناوخۆیی.

کاریگەریی لەسەر سیستەمەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ

کاریگەریی لەسەر سیستەمەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ لە ڕێگەی بەئامانجگرتنی سیستەمەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵی سەربازی بە ژیری

دەستکرد، پەکخستنی تواناکانی دوژمن بۆ هەماهەنگی و بڕیاردان، دەستکاریکردنی داتا و زانیارییە هەواڵگرییەکان و داتا داراییەکانی وڵاتان.

ئامانجە بایۆلۆجییەکان

ئامانجە بایۆلۆجییەکان بە بەکارهێنانی ژیری دەستکرد تەندروستیی گشتی دەکەنە ئامانج. ئەمەش لە ڕێگەی دیزاینکردنی هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کوشندەکان بە شیتەڵکردنی داتا جینۆمییەکان بۆ دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی سیستەمی بەرگریی مرۆڤ و دیزاینکردنی هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان کە ئەو خاڵانە بکاتە ئامانج. هەروەها زیادکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کوشندەکان لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتای جوگرافی و دیمۆگرافی بۆ دیاریکردنی ناوچە گونجاوەکان بۆ تەشەنەسەندنی نەخۆشی، کۆنترۆڵی سیستەمەکانی دابەشکردنی ئۆتۆماتیکی وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بڵاوکردنەوەی نەخۆشییەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر، خێراکردنی خۆدزینەوە لە دۆزینەوە و وەڵامدانەوە.

خێراکردنی ڕیتمی ململانێ و کەمکردنەوەی پانتایی بڕیاری مرۆییەکان

ژیری دەستکرد ڕۆڵێکی سەرەکی لە گۆڕینی خێرایی و ڕیتمی ململانێکان دەگێڕێت. دەتوانێت ئۆپەراسیۆنەکانی هێرش و بەرگریی سایبەری بە خێراییەک ئەنجام بدات کە لە توانای مرۆڤ بەدەرە. ئەمە واتای ئەوەیە کە ململانێ سایبەرییەکان دەتوانن زۆر بەخێرایی، توندوتیژیی لە ململانێکاندا زیاد بکەن، ئەمەش کاتێکی کەمتر بۆ شیکردنەوەی مرۆیی و بڕیاردان دەهێڵێتەوە. لە ئەنجامدا پشتبەستن بە ئەلگۆریتمەکانی ژیری دەستکرد زیاتر دەکات کە ئەرکەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاری و تەنانەت بڕیاردانی تاکتیکیش لە ئەستۆدەگرێت. لە بەرئەنجامدا، دەستێوەردانی مرۆیی کەمدەکاتەوە و نیگەرانی سەبارەت بە ئەگەری ڕوودانی هەڵەی ئەلگۆریتمی دروست دەکات کە دەرئەنجامی کارەساتباریان هەبێت.

خێراکردنی ڕیتمی ململانێی سایبەری

لەڕووی ئۆپەراسیۆنەکانی هێرش و بەرگرییەوە، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان بە خێرایی جیاواز کە لە توانای مرۆڤ بەدەرە، پەرەپێدانی خێرای ململانێ سایبەرییەکان، هێرشی هاوکات و ئاڵۆز لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، قورسکردنی کاردانەوەی کاریگەری سیستەمە بەرگرییە مرۆییەکان. شیکردنەوەی داتای هەواڵگری لە کاتی دیاریکراودا، دابینکردنی زانیاریی هەواڵگری لەبارەی دۆخی مەیدانی لە گۆڕەپانی شەڕدا، ڕێگەخۆشکردن بۆ بڕیاردان بە شێوەیەکی خێراتر و بە وردبینییەکی بەرزتر، زیادکردنی فشاری کات لەسەر فەرماندەکان کە لەوانەیە ببێت بەهۆی هەڵەی کوشندە.

چەکە خۆکارەکانی پشتیوانیکراو بە ژیری دەستکرد، دیاریکردن و هێرشکردنەسەر ئامانجەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەکەن، خێرایی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان زیاد دەکەن، پێویستی دەستێوەردانی مرۆیی کەمدەکەنەوە، نیگەرانی سەبارەت بە بنەما ئەخلاقییەکان زیاد دەکەن و کۆنترۆڵی مرۆڤ بەسەر بەکارهێنانی هێزی ئەلیکترۆنیدا کەمدەکەنەوە.

خێراکردنی پرۆسەکانی دیزاینکردنی نەخۆشیی کوشندە لە جەنگە بایۆلۆجییەکاندا

بەکارهێنانی ژیری دەستکرد لە بڵاوکردنەوەی نەخۆشییەکان بە شێوەیەکی خێرا و کاریگەر، زیادبوونی زیانە مرۆییەکان و قورسی لە دەستکەوتنی دژەتەنێک بەخێرایی، یارمەتیدەرە. کەمکردنەوەی دەستێوەردانی مرۆیی و پشتبەستن بە ژیری دەستکرد لە دیزاینکردن و بڵاوکردنەوەی چەکە بایۆلۆجییەکان، مەترسیی ڕوودانی هێرشی بایۆلۆجیی چاوەڕواننەکراو یان نابەرپرسانە زیاددەکات.

تێکەڵبوونی هێڵە جیاکەرەوەکانی نێوان جەنگ و ئاشتی

لە جەنگی تێکەڵاودا سنوورە تەقلیدییەکانی نێوان دۆخی جەنگ و ئاشتی نامێنن. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندان میکانیزم وەک ئۆپەراسیۆنە نهێنییە بەردەوامەکان کە لە بواری سایبەری و زانیاریدا ئاسانکارییان بۆ دەکرێت. ئەمە وادەکات دیاریکردنی کەی «جەنگ» دەستپێدەکات و کەی کۆتایی دێت قورس بێت، چونکە هەڵمەتەکانی چەواشەکاری و سیخوڕیی سایبەری دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ ڕاگەیاندنی فەرمیی دۆخی جەنگ بەردەوام بن.

شوێنە خۆڵەمێشییە ئاڵۆزەکان

شوێنە خۆڵەمێشییە ئاڵۆزەکان کردەوەی دوژمنکارانە و نادوژمنکارانە تێکەڵ دەکەن و دیاریکردنی چالاکییەکی سایبەریی دیاریکراو قورس دەکەن و ئەو پرسەش دێنێتە ئاراوە کە: ئایا تاوانێکی جینائی پێکدەهێنێت؟ یان کردەیەکی دوژمنکارانەی پاڵپشتیکراو لەلایەن دەوڵەتێکەوە؟

ئۆپەراسیۆنە نهێنییە بەردەوامەکان

ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە ڕێگەی هێرشە سایبەری شاراوە و بە ئامانجگرتنی ژێرخانی گرنگ یان سیستەمە حکومییەکان بەبێ ڕاگەیاندنی فەرمیی جەنگە. ئامانجی ئەم هێرشانە پەکخستنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، دزینی داتای نهێنی و بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشەکارانە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکانەوەیە. بەرەنجامەکان کاریگەری لەسەر ڕای گشتی، کەمکردنەوەی متمانە بە دامەزراوەکان، دروستکردنی دۆخێک لە ناسەقامگیری و ئاژاوە دێننە ئاراوە.

ڕەهەندەکانی دیکە

هێرشی سایبەریی دوولایەنە: ژیری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەستکرد دەتوانێت هێرشی سایبەریی خاوەن سروشتی دوولایەنە ئەنجام بدات و دیاریکردنی سەرچاوە یان مەبەستی هێرشەکە قورس بکات. کاریگەریی هەڵمەتەکە، سنوورە نیشتمانییەکان تێدەپەڕێنن، گەلانی چەندین وڵات لە یەک کاتدا دەکەنە ئامانج، دۆخێک لە ناسەقامگیریی هەرێمی یان جیهانی دروست دەکەن، دیاریکردنی لایەنی بەرپرسیار قورس و کاردانەوەی کاریگەریش سەختتر دەکەن.

چەکە خۆکارەکان هەندێک پرسیاری ئەخلاقی دەورووژێنن: کەی دەکرێت بەکارهێنانی هێزی کوشندە بە کردەوەیەکی جەنگی دابنرێت؟ چ کاتێک ئەم چەکانە دەتوانن بڕیاری چاوەڕواننەکراو یان نائەخلاقی بدەن؟

کاریگەریی ژیری دەستکرد لەسەر هاوسەنگیی هێز و ستراتیژییەکان

ژیری دەستکرد دەتوانێت سیفەتی دیموکراتیزەکردن بە تواناکانی هێرشبردن بدات. ئەمەش لە ڕێگەی بەهێزکردنی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان و وڵاتانی بچووک بۆ خاوەندارێتیی توانای هێرشبەریی پێشکەوتوو لە بواری سایبەری و زانیاریدا بە تێچوویەکی تا ڕادەیەک کەمتر لە پەرەپێدانی چەکی تەقلیدی.

کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان وڵاتان

کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو لەڕووی توانای سەربازییەوە، بەهێزکردنی گرنگیی بواری سایبەری وەک گۆڕەپانێکی سەرەکیی شەڕ و سوودی ستراتیژیی گەورە بەو وڵاتانە دەگەیەنێت کە خاوەن توانای سایبەریی پێشکەوتوون.

گۆڕانکاری لە ئامانجە ستراتیژییەکان

لەوانەیە، ژێرخانی دیجیتاڵی وڵاتان ببێت بەئامانجی سەرەکی لە ململانێکانی داهاتوودا. ئاڵنگاری بۆ چەمکەکانی بەرپەرچدانەوەی تەقلیدی، کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ستراتیژییەتی بەرپەرچدانەوەی تەقلیدی لە هەمبەر هێرشە تێکەڵاوەکانی پشتیوانیکراو بە ژیری دەستکرد دێنێتەئاراوە.

لە کۆتاییدا ژیری دەستکرد هێزێکی گۆڕانکاریی گەورە پێکدەهێنێت کە سیمای جەنگە تێکەڵاوەکان و بایۆلۆجییەکان بە شێوازی بێوێنە دادەڕێژێتەوە. لە ڕێگەی توانای شیکردنەوەی داتا گەورەکان، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان، پەرەپێدانی توانای هێرشبەری و بەرگریی پێشکەوتوو، هاوسەنگیی هێزەکان دەگۆڕێت، سنوورەکانی نێوان دۆخی جەنگ و ئاشتی تێکەڵ دەکات، پانتایی بڕیاردانی مرۆیی کەمدەکاتەوە و ئاڵنگاریی ئەخلاقی و یاسایی بێوێنە دروست دەکات.

سەرباری ئەوەش، ژیری دەستکرد تەنیا ئامرازێکی نەرێنی نییە لە دەستی جەنگخوازاندا، بەڵکوو دەکرێت بۆ پەرەپێدانی ستراتیژیی بەرگریی پێشکەوتوو، سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت، تەکنیکەکانی دۆزینەوەی هەڕەشە بایۆلۆجییەکان و بەهێزکردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی لە بواری ئاسایشی بایۆلۆجیدا بەکاربهێنرێت.

سەرچاوە https://www.siyassa.org.eg/

لە بارووتی چینییەوە تاکوو چەکی ئۆتۆماتیکی لە ئەمڕۆدا
چەکی ئاگری و قۆناغەکانی پێشکەوتنی

ئامادەکردنی: ئاکام شوانی

چەکی ئاگری (سلاح ناري) لە ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ژیانی مرۆڤدا وەك چۆن لە سەرەتای دەرکەوتنیدا ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە گۆڕینی شێوەکانی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی. سنووری وڵاتان سەرەتا بە جەنگ و دواتر پاراستنی ئاسایش و ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان دەست پێدەکات. کاتێك پرسیارمان لە بارەی سەرەتای ئەو پێشکەوتنە بۆ دروست دەبێت، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی چەکی ئاگری و قۆناغەکانی پێشکەوتنی.

یەکەم چەکی ئاگری لە مێژوودا

لە سەدەی دەیەمی زاینیدا لە وڵاتی چین پاودەری بارووتی ڕەش پەیدا بوو کە تێکەڵەیەك بوو لە خەڵوز و خوێی بەردی و توخمی کبریت، لە ئاهەنگەکان و پەیوەندیکردن لە ڕێگەی ئاماژەی ئاگرەوە بەکار دەهات. لە نێوان سەدەکانی دەیەم و دوازدەی زاینیدا، زانایەکی کیمیایی چینی بە ناوی (هو یاو Huo Yao) گەشەی بە بارووت دا و بۆ یەکەم جار لە شێوەی چەکی ئاگری بە کاری هێنا کە بە تیری ئاگری (الرمح الناري) ناسراوە.

یەکەم دەمانچەی تیری ئاگری لە قەدی گیای بامبۆ یاخود برۆنز یا ئاسن دروست دەکرا کە پڕ لە بارووت دەکرا و لە سەرەوەی پارچە ئاسنێك هەبوو، بەدەست ئاگری پێوە دەنرا تاکوو بە هۆی هێزی تەقینەوەی سنووردارەوە پارچە ئاسنەکە بە ئاراستەی ئامانجی دیاریکراو دەرپەڕێت.

ئەم داهێنانە هیچ سەلامەتیەکی تێدا نەبوو، بارتەقای ئامانجی پێکراو، زیانی بە بەکارهێنەرەکەیشی دەگەیاند. دواتر چینییەکان لە ڕێگەی بۆرییەکی ئاسنی بەهێزەوە کە توانای بەرگەگرتنی زۆری هەبوو بەرامبەر سووتانی بارووت پەرەیان بە یەکەم چەکی دەستی دا. ئەو بۆرییە بە داری بەهێز ڕووپۆش دەکرا تاکوو بە ئاسانی هەڵبگیرێت. بنەماڵەی مینجی فەرمانڕەوا لە چین ئەم جۆرە چەکەیان وەك چەکی ئەندامانی سوپای ئیمپراتۆری پەسند کرد.

چەکی ئاگری و قۆناغەکانی پێشکەوتنی لە ئەورووپا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لەگەڵ جووڵە بازرگانییەکانی نێوان چین و ئەورووپا بەتایبەت لە نێوان سەدەکانی سێزدە و چواردەی زاینی، چەکی دەستی ترسێنەر(المدافع اليدوية المخيفة) گەیشتە بە دەستی ئەورووپییەکان. وڵاتانی وەك بەریتانیا و ئیسپانیا و پورتوگال پەرەیان بەم جۆرە چەکە دا و وەك چەکی سەربازەکانیان لە جەنگەکانیاندا بەکاریان دەهێنا. لە میانی سەدەکانی ناوەڕاستدا چەکی ئاگری بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی سەند و تەنیا تایبەت نەبوو بە سوپاکان، بەڵکوو خەڵکی ئاسایی و چەتەکانیش بەکاریان دەهێنا.

لە سەدەی پازدەدا عوسمانییەکان جۆرێکی زۆر نوێی چەکی ئاگرییان دروست کرد کە بوو بە چەکی سەرەکی سوپای عوسمانی و ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە سەرکەوتنیان دا لە جەنگەکانیان لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کێشەکانی چەکی ئاگری....وردی (الدقة) وەك گرنگترین کاری لە پێشینە

کاتێك بارووت لە مەودایەکی بچووکی وەك بۆری ئاسن گڕ دەگرێت، هێزی پاڵنەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی فشار لەسەر فیشەکەکە دروست دەکات و پاڵی پێوە دەنێت. ئەمەش وا دەکات سێرە گرتن (التصويب) ماندووبوونێکی زۆری بوویت بەبێ ئەوەی دەرئەنجامێکی خوازراوی هەبێت. بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەدا لە شاری ئۆکسبێرگی ئەڵمانی کە لەو کاتەدا وەك ناوەندێکی گرنگی پیشەسازی چەك و قەڵغان دەناسرا،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

داهێنانێك بەناوی Rifling)) ئاراستەی پیشەسازی چەکی گۆڕی کە بریتی بوو لە درزکردنی ناو لولەی تفەنگ یاخود پێچاو پێکردنی (بشكل حلزوني). بەمەش یەکەم قۆناغی دروستکردنی چەکی ئاگری بەهێز و کاریگەر دەستی پێکرد.

دواتر دروستکردنی دەمانچە و تفەنگ گەشەی زیاتری بەخۆوە بینی بەتایبەت لە ڕووی بەکارهێنان و پرکردنەوەی باڕووتەوە، سیستەمێکی بۆ دانرا کە بە (Flintlock) (ناسراوە تییدا فتیلێك بە کۆتایی تفەنگەکەوە دەچەسپێنرا تاکوو بەشێوەیەکی تەدریجی باڕووتەکە گڕ بگرێت.

پێشکەوتنەکان لە بواری پیشەسازی چەك و دەمانچە لەگەڵ شۆڕشی زانستی لە وڵاتانی ئەورووپا هەنگاوی گەورەتری هاویشت.

ساموێل کۆڵت و یەکەم دەمانچەی چەند فیشەکی... فیشەکی دوو پارچە

ساڵی ١٨٣٦ ئەندازیاری ئەمریکی ساموێل کۆڵت یەکەم دەمانچەی درووست کرد کە تێیدا چارەسەری کێشەی دووبارە باڕووت تێکردنەوەی کردبوو، چونکە دەمانچە و تفەنگەکانی پێشتر لە پێشەوەی لوولەکەیەوە دووبارە فیشەکێکی خڕی تێدەکرایەوە، بەڵام کۆڵت ئەم گرفتەی چارەسەر کرد. دەمانچەیەکی درووست کرد کە لاقێکی مەعدەنی خڕی هەبوو و ٥ تا ٦ فیشەکی دەگرت. بەم داهێنانە کۆڵت کۆتایی بەو کێشەیە هێنا کە لەگەڵ تەقاندنی هەر فیشەکێکدا دووبارە لە لولەکەیەوە باڕووتی تێبکرێت. ئەم داهینانەی کۆڵت سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و کۆمپانیاکانی دروستکردنی چەك هەوڵیان دەدا چەکی هاوشێوە پەرە پێبدەن.

تفەنگی تاپڕ (بندقية الخرطوش) و چەکی نوێ

دروست کردنی تفەنگی تاپڕ دەگەڕێتەوە بۆ ئەندازیار و داهێنەری ئەمریکی جۆن مۆزس براونینگ. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا تفەنگی دوو لولەیی دروست کرد کە چەند فیشەکێکی دەتەقاند. فیشەکی ساچمە بریتی بوو لە قەوانێك کە لە کاغەزیکی بەهێز پێکهاتبوو و پڕ دەکرا لە ساچمەی بچووك و باڕووت. ئەم تفەنگە بەهیز و دەنگ بەرزانە کێبڕکێی دەمانچە و تفەنگەکانی کۆڵتیان دەکرد. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەشێوەیەکی خێرا پێشکەوتن لە بواری پیشەسازی چەکدا هاتەکایەوە.

هەریەك لە وڵاتانی بەریتانیا و ئەلمانیا و سۆڤیەت جۆری جیاوازی چەکی ئاگرییان دروست کرد و پەرەیان پێدا بەتایبەت لە میانی جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی چەکی کلاشینکۆف و M١٦ ئەمریکی دروست کرا.

لە ئێستادا چەکی ئاگری ئۆتۆماتیکی، چەکی سەربازەکانە لە جەنگدا. هەرچی دەمانچە و چەکی سووکیشە بژاردەی یەکەمی هێزەکانی پۆلیسە لە ئاستی دونیادا.

سەرچاوە: arabicpost.net

جەنگ و ئاسەواری دەروونی

ئامادەکردنی: هەوراز ساڵح مەلەکی

جەنگ تەنها برینی جەستەو خاپووربوونی نشینگەو وێرانەیی ژینگەیی لە دوای خۆی جێناهێڵێت، بەڵکو ئاسەواری دەروونی یەکێک لە باوترین و قورسترین دەرەنجامەکانی جەنگە. لە کاتێکدا سەربازەکان بۆ بەرگەگرتنی جەستەیی و هێزی تاکتیکی ڕاهێنراون، بەڵام کاتێک کە لە بەرەکانی شەڕەوە دەگەڕێنەوە، هەندێکیان بارگرانییەکی نەبینراویان هەڵگرتووە، کە کاریگەری لەسەر تەندروستی دەروونی و پەیوەندییەکانیان لەناو ژیانی ئاساییدا هەیە.

تێگەیشتن لەم تەنگەژەیە

حاڵەتێکی تەندروستی دەروونییە، کە دەتوانێت دوای ئەزموونکردن یان بینینی ڕووداوە مەترسیدارەکانی ژیان ، وەک جەنگ، کارەساتی سروشتی، ڕووداوی سەخت، یان هێرشکردن، لای مرۆڤەکان گەشە بکات. ئەم پرسە لە چوارچێوەی سەربازیدا، زۆرترین پەیوەندی بە بەرکەوتن بە شەڕی چەکداری، مردن، برینداربوون و ئەرکەکانی فشاری زۆرەوە هەیە.

کۆمەڵەی پزیشکانی دەروونی ئەمریکی بە چوار شێوە پێناسەی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی دەکات:

١. یادەوەری بەئازار (وەک ڕووداوەکان لە یادەوەریدا، خەوی ناخۆش (کابوس).

٢. خۆدوورخستنەوە لە بیرهاتنەوەی زەبرەکە.

٣. گۆڕانکاریی نەرێنی لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەتدا (وەک هەستکردن بە تاوانباربوون، نائومێدی).

٤.گۆڕانکاری لە ئاگایی و کارلێکی دەروونی (وەک توندی میزاج و وریایی زۆر).

مێژوی تەنگەژەکە لە جەنگدا

لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم و جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەوەی ئێستا بە نەخۆشی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی (PTSD) دەیناسین، لە سەربازەکاندا بە ناوی جیاواز و بە تێگەیشتنێکی سنووردار سەریهەڵدا.

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، پێی دەگوترا «شێل شۆک » (shell shock)، کە سەربازانی تووشبوودا لە شێوەی لەرزین، خەوی ناخۆش، و لەکەی دەروونی دەردەکەوت. لە سەرەتادا پێیان وابوو لە ئەنجامی تەقینەوەی فیزیکییەوە دروستبووە، بەڵام دواتر تێگەیشتن کە تەنگەژەی دەروونییە.

لە جەنگی جیهانی دووەمدا، ناوەکە گۆڕدرا بۆ «ماندوویی جەنگ» (combat fatigue) یان» (battle exhaustion) هەرچەندە، لەگەڵ ئەوەی تێگەیشتن لە سەرچاوەی دەروونی ئەم حاڵەتە زیادیکرد. زۆر لە سەربازە تووشبووەکان گاڵتەیان پێدەکرا، یان بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکان سزا دەدران.

ئەم جەنگانە کاریگەریی قوڵی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

دەروونیی جەنگیان ڕوونکردەوە و بناغەی ناسین و چارەسەری تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی مۆدێرنیان هێنایە ئاراوە.

ڕێژەی بەربڵاوی کێشەکە

تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی یەکێکە لە کێشە گەورەکانی هێزە چەکدارەکانی جیهان. توێژینەوەکانی دەزگای کاروباری سەربازە دێرینەکانی ئەمریکا مەزندە دەکەن کە نزیکەی ١١-٢٠٪ی ئەو سەربازە دێرینانەی کە لە ئۆپەراسیۆنەکانی وەک عێراق (OIF) و ئەفغانستان (OEF)دا خزمەتیان کردووە، لە ساڵێکی دیاریکراودا تووشی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی بوون. بۆ سەربازە دێرینەکانی جەنگی ڤێتنام، خەملاندنەکان لە قۆناغێکی ژیانیاندا گەیشتوونەتە ٣٠٪.

لە شانشینی یەکگرتوو، لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی کینگز لە لەندەن لە ساڵی ٢٠١٨ دەریخستووە، کە ڕێژەی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی لەناو سەربازەکان بەرزبووەتەوە بۆ ٦٪، لەکاتێکدا ئەو سەربازانەی کە لە شەڕە نوێیەکان جەنگاوەربوون، ڕێژەکەیان گەیشتووەتە ١٧٪ و زۆر زیاتر لە ڕێژەی گشتیی خەڵک.

کاریگەریی سۆزداری

تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی، تەنیا وەک کێشەیەکی جیا نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی سەرباز دەبێت ، لە هەست بە ناسنامە تا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. سەربازەکانی پێشوو کە تەنگەژەی پاش زەبری دەروونییان چارەسەر نەکراوە، لەوانەیە ئەمەیان تێدا ببینرێت:

•بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان (وەک ڕێگایەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فشارەکان).
•خەمۆکی و دڵەڕاوکێ.
•ڕەفتاری توندوتیژ یان بێهەستی سۆزداری.
•سەختی لە پاراستنی کار.
•کێشە لە پەیوەندییە خێزانییەکان و هاوسەرگیرییەکان.
•بیرلێکردنەوە یان هەوڵی خۆکوشتن.

ڕێژەی خۆکوشتن لە نێوان سەربازانی پێشوو زۆر زیاترە لە خەڵکی مەدەنی. بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی سەربازانی پێشووی ئەمریکا (VA) لە ساڵی ٢٠٢٢، نزیکەی ١٧ سەربازی پێشوو هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، ئەمەش پێویستی بە چارەسەری خێرای تەندروستی دەروونی دەسەلمێنێت.

میکانیزم و ڕێگاکانی ڕووبەڕووبوونەوە

تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی دەتواندرێت لە ڕێگەی فەراهەمکردنی ژینگەیەکی پشتگیر و دەربڕینی هەستەکان بە نووسین یاخود گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکی متمانە پێکراو چارەسەر بکرێت، ئەوەش لەم ڕێگانەوە: پەیڕەوکردن و ڕێکخستەوەی ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانە وەک وەرزشکردن، ڕێکخستنەوەی کاتەکانی خەو، خواردنی تەندروست، ئەنجامدانی تەکنیکەکانی هەناسەدان و جەخت خستنە سەر ئەو ساتەی کە لەناویدایت.

ئەگەر ئەم ڕێگایانەی سەرەوەی وەک پێویست لە کەمکردنەوەی فشارەکان یارمەتیدەرنەبوون، لەڕێگەی ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕاوێژکار و پسپۆڕی دەروونی دەتوانرێت یارمەتی بەدەستبهێندرێت.

ڕۆڵی سەرکردایەتی سەربازی

سەرکردایەتی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە دارشتنی ژینگەیەکی تەندروستی دەروونی-ئەرێنی دەگێڕێت.

ئەرکی فەرماندە و ئەفسەرەکان:

•بەرەوپێشبردنی کولتوورێک کە داوای یارمەتی وەک هێز سەیر بکرێت نەک لاوازی.
•ڕاهێنانی کارمەندان بۆ ناسینەوەی نیشانە سەرەتاییەکانی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی.
•خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی لە گەڵ چاودێری تەندروستی (نەخۆشخانە سەربازییەکان) تێکەڵ بکەن.
•هاندانی وەرگرتنی ڕاوێژ دوای تەواوبوون و لەکاتی ئەرکدا.
•جگە لەوەش، دامەزراندنی متمانە بە سیستەم و پاراستنی نهێنی زۆر گرنگە بۆ هاندانی کارمەندان بۆ ئاسایی بوونەوە.

پوختە

تەنگەژەی پاش زەبری دەروون شکستێکی کەسی نییە، وەڵامێکی سروشتییە بۆ ڕووداوێکی ناسروشتی بۆ ئەو سەربازانەی کە ژیانی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە لە خزمەت وڵاتەکەیاندا. بەو پێیەی جەنگ هەمیشە لە گۆڕەپان و مەیدانی شەڕدا کۆتایی نایات، ئەوە ئەرکی دامەزراوە سەربازییەکانە کە دان بەم واقیعەدا بنێن و ڕێککاری بەرپرسیارانە بگرنە بەر.

بە چارەسەرکردنی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی بە ئاشکرا و چالاکانە، ئێمە نەک هەر ڕێز لە قوربانیدانی سەربازەکانمان دەگرین، بەڵکو هێز و ئامادەیی و هەستی مرۆیی هێزە چەکدارەکانمان دەپارێزین.

سەرچاوەکان:

•American Psychiatric Association DSM-5 – Definition of PTSD: https://www.psychiatry.org/patients-families/ptsd/what-is-ptsd
•National Institute of Mental Health (NIMH): https://www.nimh.nih.gov/health/topics/post-traumatic-stress-disorder-ptsd
•World Health Organization (WHO): https://www.who.int/teams/mental-health-and-substance-use
•U.S. Department of Veterans Affairs: https://www.ptsd.va.gov/understand/common/common_veterans.asp
•VA National Center for PTSD: https://www.ptsd.va.gov/professional/treat/cooccurring/ptsd_sud_veterans.asp
•King›s Centre for Military Health Research: https://www.kcl.ac.uk/kcmhr
•RAND Corporation: https://www.rand.org/pubs/monographs/MG٧٢٠.html
•U.S. VA Suicide Prevention Report ٢٠٢٢: https://www.mentalhealth.va.gov/suicide_prevention/data.asp

ئۆتۆمبێلێکی نوێی سەربازی بۆ هێزەکانی پیادە

● ئامادەکردنی: ئارمان

عەجبان MK٢ (Ajban MK٢) ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشی سووکی پێشکەوتووە، کە بە یەکێک لە دیارترین بەرهەمەکانی کۆمپانیای ئیماراتی (NIMR Automotive) دادەنرێت.

عەجبان MK٢ نەوەی دووەمی زنجیرە ئۆتۆمبێلە تاکتیکییەکانی «عەجبان»ە کە بە سیستمی پاڵنەری چوار تایە کاردەکات. دیزاین کراوە بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێکی فرە ئەرک، خێرا و جووڵە بەرز، و بە باشی پارێزراو بێت، هەروەها توانای کارکردنی لە سەخترین ژینگە و زەوییە سەختەکاندا هەبێت.

ئامانج و ئەرکە سەرەکییەکان

ئەم ئۆتۆمبێلە دیزاین کراوە بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ئەرکی فراوانی سەربازی و ئەمنی، کە گرنگترینیان ئەمانەن: ڕووپێوی و چاودێری، ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان، فەرماندەیی و کۆنترۆڵ، گەشتی سنووری و ئاسایشی ناوخۆو دابینکردنی هێزی ئاگرین بۆ پاڵپشتی هێزی پیادە.

تایبەتمەندیە سەرەکییەکان

پەیکەری یەکپارچە: خاوەنی پەیکەرێکی پۆڵایینی زرێپۆشی یەکگرتووە و ئەمەش پارێزگارییەکی نایاب بۆ تیمی سەرنشین دابین دەکات و کارایی ئۆتۆمبێلەکەش باشتر دەکات.

پاراستنی ستاندارد: دژە فیشەک و دژە مین و بۆمبی چێندراوە بەپێی ستانداردەکانی ناتۆ (STANAG ٤٥٦٩)، لەگەڵ توانای زیادکردنی ئاستی پاراستنەکە بە دانانی زرێی زیاتر بەپێی پێداویستیی ئەرکەکە.

دیزاینی نەرم: دەتوانرێت ناوەوەی ئۆتۆمبێلەکە بگونجێنرێت بۆ ئەرکی جیاواز، وەک گواستنەوەی سەربازان یان دانانی سیستمی پەیوەندیی پێشکەوتوو.

جووڵە و کارایی و بزوێنەری بەهێز: بزوێنەرێکی دیزڵی بەتوانای هەیە کە هێز و توانایەکی زۆر دابین دەکات.

سیستمی هەڵواسینی سەربەخۆ: خاوەنی سیستمی هەڵواسینی سەربەخۆیە بۆ هەر چوار تایەکە، کە توانایەکی بێوێنەی پێدەبەخشێت بۆ مانۆڕکردن لە زەوییە سەخت و بیابانییەکاندا بە خێرایی بەرز، لەگەڵ پاراستنی ئاسوودەیی تاقمەکە.

توانای مانۆڕکردن: خێراییەکی بەرزی لەسەر ڕێگا قیرتاوەکان هەیە و توانایەکی زۆریشی هەیە بۆ تێپەڕاندنی بەربەستەکان.

سیستمی ناوەندیی پڕکردنەوەی هەوای تایەکان (CTIS): ڕێگە بە شۆفێر دەدات پەستانی هەوای ناو تایەکان لە کاتی لێخوڕیندا بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی زەویدا (لم، بەرد، یان ڕێگای قیرتاو) بگونجێت.

نەرمیی لە پڕچەککردندا: دەتوانرێت ئۆتۆمبێلەکە بە چەندین جۆری جیاوازی چەک پڕچەک بکرێت.

وێستگەی چەکی کۆنترۆڵکراو لە دوورەوە (RWS): زۆربەی کات خاوەنی بنکەیەکی چەکە لەسەر سەقفی ئۆتۆمبێلەکە یان وێستگەیەکی چەکی پێشکەوتووە کە لە ناوەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەمەش سەلامەتیی چەکدارەکە دەپارێزێت.

جۆرەکانی چەک: دەتوانرێت ڕەشاشی مامناوەند (٧.٦٢ ملم)، ڕەشاشی قورس (١٢.٧ ملم)، یان بۆمبهاوێژی ئۆتۆماتیکی (٤٠ ملم) لەسەر دابنرێت. لە هەندێک جۆریدا دەتوانرێت پلاتفۆرمی مووشەکی ئاراستەکراوی دژە تانکیشی (ATGM) لەسەر جێگیر بکرێت.

سەرنشین: بە شێوەیەکی گشتی جێگای تاقمێکی ٤ بۆ ٥ کەسی دەبێتەوە (شۆفێر، فەرماندە، چەکدار، و سەرباز).

سیستمە ئەلیکترۆنییەکان: دەتوانرێت نوێترین سیستمی پەیوەندی و فەرماندەیی و کۆنترۆڵی (C٤I) لەسەر دابنرێت، هەروەها کامێرای بینینی ڕۆژانە/شەوانە/ گەرمی بۆ دابینکردنی هوشیارییەکی تەواو بۆ تاقمەکە.

بە گشتی، ئۆتۆمبێلەکانی عەجبان MK٢، سەلماندوویانە کە ڕکابەرێکی بەهێزن لە بازاڕی جیهانیی ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی سووکدا، ئەمەش بەهۆی کوالێتی و کاراییە بەرزەکەیانەوەیە، کە پاراستنی بەهێز، جووڵەی نایاب، و نەرمیی تاکتیکی تێدا کۆکراوەتەوە، ئەمەش وای لێدەکات ببێتە هەڵبژاردەیەکی نموونەیی بۆ سوپا مۆدێرنەکان.

سەرچاوە : Arabdefense.com

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێکهاتە و شێوەی گوللە

بۆچی گۆڕانکاری زۆری بەسەردا نەهاتووە؟

ئامادەکردنی: شاخەوان عومەر

لە سەردەمێکدا کە تەکنەلۆژیا بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەشە دەکات و ڕۆژانە باسی چەکی زیرەک و مووشەکی هایپەرسۆنیک (فەرادەنگ) دەکرێت، پرسیارێک دێتە ئاراوە: بۆچی گوللە، کە بنچینەی چەکە ئاگرینەکانە، هێشتا نزیکەی هەمان شێوە و پێکهاتەی سەرەتایی خۆی پاراستووە؟.

شێوەی ئێستای گوللە ، کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت: قەوان و سەرە گوللە، کە بەرهەمی دەیان ساڵ تاقیکردنەوەیە بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجام.

قەوان (Cartridge Case): شێوەی ستوونی قەوانەکە باشترین و سادەترین ڕێگایە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پارێزراو باڕووتی تەقینەوە لەخۆبگرێت و بە شێوەیەکی ڕێک بچێتە ناو شوێنی تەقاندنی چەکەکەوە. هەروەها یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەی وزەی تەقینەوەکە بۆ پاڵنانی سەرە گوللەکە.

سەرە گوللە (Projectile): شێوەی نووکتیژی سەرە گوللەکە باشترین کارایی ئایرۆدینامیکی (بەکارهێنانی هەوا)ی هەیە، کە وای لێدەکات بتوانێت بە کەمترین بەرگریی هەوا و بە خێراییەکی زۆرەوە ئامانجەکەی بپێکێت.

سیستەمی چەکەکان لەسەر بنەمای «سیستەمی قەوانی مسی» (Brass-Cased Ammunition) دروستکراون. گۆڕینی ئەم دیزاینە تەنها گۆڕینی گوللەیەک نییە، بەڵکو پێویستی بە گۆڕینی تەواوی سیستەمی چەکەکان هەیە؛ لە کارگەکانەوە بگرە تا دەگاتە میکانیزمی ناوەوەی چەکە سوک و قورسەکان. ئەمەش پێویستی بە ژێرخانێکی پیشەسازیی نوێ و تێچوویەکی خەیاڵی هەیە کە هیچ سوپایەک ئامادە نییە بیدات، بەتایبەت کە سیستەمی ئێستا هێشتا زۆر کاریگەرە.

گوللەی ستاندارد هاوسەنگییەکی نموونەیی لەنێوان کارایی، تێچوو، و متمانەپێکراویدا دروست کردووە. بە نرخێکی هەرزان و بە ژمارەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنرێت. لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا نوێیەکان، وەک «گوللەی بێ قەوان» (Caseless Ammo) یان «گوللەی پۆلیمەری»، هێشتا یان زۆر گرانن یان کێشەی تەکنیکییان هەیە و هێندەی گوللەی ئاسایی متمانەپێکراو نین.

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، وەک ڕێککەوتننامەکانی لاهای و جنێڤ، سنووریێکیان بۆ جۆری ئەو گوللانە داناوە کە لە جەنگدا بەکاردەهێنرێن (بۆ نموونە، قەدەغەکردنی ئەو گوللانەی زیانی ناپێویست دەگەیەنن). هەر گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە دیزاینی گوللەدا ڕەنگە بکەوێتە ژێر پرسیاری یاساییەوە.

هەرچەندە پێکهاتە سەرەکییەکەی گولە نەگۆڕاوە، بەڵام گۆڕانکاریی ورد و پسپۆڕی تێداکراوە، وەک:

گوللەی سەوزی (Green Ammo): بۆ کەمکردنەوەی زیانی ژینگەیی بە بەکارهێنانی ماددەی کەمتر ژەهراوی.

گوللەی زرێبڕ (AP - Armor-Piercing): کە توانای بڕینی قەڵغانی پۆڵایینی هەیە.

گوللەی وردپێک (Match Grade): کە بۆ نیشانشکێنیی ورد و پێشبڕکێکان دروست دەکرێت.

لە داهاتوودا ڕەنگە ببینین کە تەکنەلۆژیای نوێ وەک گوللەی هایپەرسۆنیک یان پۆلیمەری پێشکەوتوو جێگەی خۆی بکاتەوە، بەڵام تا ئەو کاتە، گوللەی قەوان مسی بەهۆی کارایی، هەرزانی، و ئەو ژێرخانە پیشەسازییە زەبەلاحەی کە پشتیوانی دەکات، وەک ستانداردی سەرەکی بۆ زۆربەی چەکە سووک و قورسەکانی جیهان دەمێنێتەوە.

فڕۆکەی F_35
ئەو فڕۆکەیەی هاوسەنگی هێزی ئاسمانیی گۆڕیوە

ئامادەکردنی / ژوان

فڕۆکەی F-35 یەکێکە لە پێشکەوتووترین و بەهێزترین فڕۆکە جەنگییەکانی نەوەی پێنجەم لە جیهاندا. لەلایەن کۆمپانیای(لۆکهید مارتن- Lockheed Martin) ی ئەمریکییەوە بەرهەم هێنراوە. بە فڕۆکەیەکی فرەئەرک و خۆشاروەوە دادەنرێت. ئەم فڕۆکەیە دیزاین کراوە بۆ ئەوەی لە هەموو بارودۆخێکدا وەک شەڕی ئاسمانی و هێرشی زەمینی، شەڕی ئەلیکترۆنی و چاودێری و سیخوڕی بە ئەرکەکانی سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات.

توانای خۆشاردنەوە :

دیزاینی فڕۆکەکە و ماددەی بەکارهاتوو لە دروستکردنیدا وای کردووە کە ڕادارەکانی دوژمن بە ئەستەم بتوانن دەستنیشانی بکەن. ئەمەش وا دەکات بتوانێت بچێتە ناوچەی قەدەغەکراوو پارێزراوی دوژمنەوە بەبێ ئەوەی ئاشکرا ببێت.

هەستەوەری پێشکەوتوو و سیستەمی ئەلیکترۆنی :

F-35 بە «کۆمپیوتەری فڕیو» ناسراوە. سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووی هەیە کە داتا و زانیاری لە هەموو هەستەوەرەکانی فڕۆکەکە و سەرچاوەکانی تر کۆ دەکاتەوە و بە شێوەیەکی پوختکراو و ئاسان دەیخاتە بەردەم فڕۆکەوان.

کڵاوە زیرەکەکە (Helmet Mount-ed Display System): فڕۆکەوان دەتوانێت لە ڕێگەی کڵاوەکەیەوە بە گۆشەی ٣٦٠ پلە هەموو دەوروبەری خۆی ببینێت، تەنانەت لە ڕێگەی لاشەی فڕۆکەکەوەش! هەموو زانیارییە گرنگەکان لەسەر شاشەی کڵاوەکەی پیشان دەدرێن.

توانای فرەئەرکی :

شەڕی ئاسمانی : بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فڕۆکەکانی دوژمن.

هێرشی ئاسمانی بۆ سەر زەوی : بۆ بۆردومانکردنی ئامانجە زەمینییەکان.

کۆکردنەوەی زانیاری و چاودێری : وەک فڕۆکەیەکی سیخوڕی کار دەکات.

خێرایی سەروو دەنگ :

خێراییەکەی دەگاتە نزیکەی ١.٦ ماخ (واتە ١.٦ جار خێراتر لە دەنگ)، کە نزیکەی ١٩٧٥ کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا.

جۆرەکانی فڕۆکەی F_35:

ئەم فڕۆکەیە سێ جۆری سەرەکی هەیە کە هەر یەکێکیان بۆ ئەرکێکی تایبەت دیزاین کراوە:

F-35A :

ئەمە باوترین جۆریەتی و بۆ هێزی ئاسمانی دروست کراوە. پێویستی بە فڕگەیەکی ئاسایی هەیە بۆ فڕین و نیشتنەوە.

F-35B :

تایبەتترین جۆریەتی. دەتوانێت لە ڕێڕەوی زۆر کورتەوە بفڕێت و بە شێوەی ستوونی (وەک هێلیکۆپتەر) بنیشێتەوە. ئەمە وای کردووە بۆ کەشتییە فڕۆکەهەڵگرە بچووکەکان و بنکە سەربازییە کاتییەکان زۆر گونجاو بێت.

F-35C :

بۆ بەکارهێنان لەسەر کەشتییە فڕۆکەهەڵگرە گەورەکان دروست کراوە. باڵەکانی گەورەترن و گێری نیشتنەوەی بەهێزترە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگەی فڕین و نیشتنەوەی سەخت لەسەر دەریا بگرێت.

ڕەخنە و ئاستەنگەکان

سەرەڕای هەموو ئەم تایبەتمەندییە پێشکەوتووانە، پرۆگرامی F-35 ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بووەتەوە:

تێچووی زۆر : بە گرانترین پرۆگرامی چەکی مێژوو دادەنرێت، کە تێچووی گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی سەدان ملیار دۆلار بووە.

کێشەی چاککردنەوە و پاراستن : سیستەمە ئاڵۆزەکانی وا دەکات کە چاککردنەوە و ئامادەکردنی بۆ ئۆپەراسیۆنەکان قورس و گران بێت.

کێشەی نەرمەکاڵا : لە سەرەتای پرۆژەکەدا کێشەی زۆری لە سۆفتوێرە ئاڵۆزەکەیدا هەبوو.

بەکارهێنەران

جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چەندین وڵاتی تر ئەم فڕۆکەیان کڕیوە یان داوایان کردووە، وەک: بەریتانیا، ئیسرائیل، ئیتاڵیا، ئوسترالیا، نەرویج، هۆڵەندا، یابان، کۆریای باشوور، و چەندین وڵاتی تر.

فڕۆکەی F-35 فڕۆکەیەکی بزێوو سەرکێشە و یەکێکە لە پێشکەوتووترین و کاریگەرترین فڕۆکە جەنگییەکانی سەردەم و هاوسەنگیی هێزی ئاسمانی لە جیهاندا گۆڕیوە.

سەرچاوە : ئینتەرنێت

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەلیکۆپتەری شینوک

● ئامادەکردنی: حەسەن عومەر

هێلیکۆپتەری CH-47F شینوک بە یەکێک لە بەهێزترین هێلیکۆپتەرەکانی گواستنەوە قورسەکانی جیهان دادەنرێت کە هێزی ئاسمانیی هۆڵەندا لە ساڵی 2020 بۆ یەکەمجارخستیە خزمەت سوپای وڵاتەکەی. لەلایەن کۆمپانیای بوینگ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دروستکراوە و لە چەندین ڕووەوە تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە. چینوك بە دوو پەروانەی گەورە و سیستەمی پێشکەوتووی فڕین ناسراوە، توانای گواستنەوەی 55 سەرباز یان 12 هەزار کیلۆگرام باری لە خێراییەکی زۆر بەرزدا هەیە، تواناکانی ئەم هێلیکۆپتەرە بریتین لە مەودای فڕینی 740 کیلۆمەتری و خێرایی 310 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، کە وای لێدەکات بۆ ئۆپەراسیۆنە درێژخایەنەکان گونجاو بێت.

هێزی ئاسمانیی هۆڵەندا ئەم هێلیکۆپتەرە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی سەرباز و کەرەستە سەربازییەکان لە ناوچە سەختەکان وەک شاخەکان بەکاردەهێنێت، هەروەها لە ئۆپەراسیۆنە نێودەوڵەتییەکانیشدا وەک ناتۆ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

سیستەمی ئەلیکترۆنی پێشکەوتووی شینوک وای لێکردووە ببێتە یەکێک لە متمانەپێکراوترین هێلیکۆپتەرەکانی جیهان. توانای کارکردنی لە هەموو بارودۆخێکی کات و هەوادا هەیە و دەتوانرێت بۆ فریاکەوتن و یارمەتیدان لە کارەساتە سروشتییەکانیش بەکاربهێنرێت. بە گشتی، CH-47F شینوک، توانای هێزی ئاسمانیی هۆڵەندی بەرزکردووەتەوە و یارمەتی داوە لە بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە هەڕەشەیەکی سەربازی. هێلیکۆپتەرەکە بە سیستەمی پاراستنی پێشکەوتوو و توانای گواستنەوەی خێرا ناسراوە، کە وای لێدەکات لە ناو هێلیکۆپتەرە گواستنەوە قورسەکاندا جێگەی تایبەتی خۆی هەبێت. هۆڵەندا بە بەکارهێنانی ئەم هێلیکۆپتەرە توانیویەتی توانای گواستنەوەی ستراتیژیی خۆی بەرزبکاتەوە و لە ئۆپەراسیۆنە جۆراوجۆرەکاندا بەشداربێت.

بەهێزترین مووشەکی باڵدار

● ئامادەکردنی: ڕێناس ئەحمەد

ئەمریکا لە بواری تەکنەلۆژیای هایپەرسۆنیک پێشەنگی جیهانە و ARRW AGM-183A یەکێک لە بەهێزترین مووشەکە باڵدارەکانی ئێستایە. ئەم مووشەکە خێراییەکەی دەگاتە زیاتر لە ٦١٧٤ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا (5 ماخ) و دەتوانێت ئامانجەکان لە دووری زیاتر لە ٥٥٠ کیلۆمەتر بپێکێت. تایبەتمەندی سەرەکیی ئەم مووشەکە بریتییە لە توانای شکاندنی سیستەمەکانی بەرگریی دوژمن بەهۆی خێراییە هایپەرسۆنیکەکەی و شێوازی فڕینی نائاسایی.

مووشەکەکە سەرچاوەی وزەی سکامجێت بەکاردەهێنێت کە وای لێدەکات بتوانێت خێراییەکەی بپارێزێت. (Scramjet) یەکێکە لە پێشکەوتووترین سیستەمەکانی بزوێنەری فڕۆکە و مووشەک کە شۆڕشێکی گەورەی لە بواری خێرایی هایپەرسۆنیکدا کردووە)، ئەمەش وای لێدەکات نەتوانرێت بە سیستەمە پاراستنی ئاساییەکان بپارێزێت. کاریگەریی ستراتیژی ئەم مووشەکە زۆر گەورەیە، چونکە دەتوانێت لە ماوەی چەند خولەکێک ئامانجێک لە دوورییەکی زۆر بپێکێت و دوژمن بواری کاردانەوەی نابێت.

هەرچەندە ئەم تەکنەلۆژیایە هێشتا لە قۆناغی پەرەسەندندایە و هەندێک تاقیکردنەوە شکستی هێناوە، بەڵام ئەگەر بە سەرکەوتوویی پەرەی پێبدرێت، دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ دوژمنەکانی ئەمریکا. چون ئەم مووشەکە، نرخی زۆر بەرزە و پێویستی بە فڕۆکەی تایبەت هەیە بۆ هەڵگرتنی، ڕەنگە ببێتە هۆی سنورداربوونی لە کارهێنان، بەڵام بە گشتی ئەم مووشەکە دەتوانێت شێوازی شەڕی هاوچەرخ بگۆڕێت و ببێتە هێزێکی ستراتیژیی کاریگەر بۆ هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا.

فڕۆکەی جەنگی f_a 18

● و/ رائد قانیعە حەسەن عەولا

فڕۆکەیەکی جەنگیی هەمەچەشن (شەڕکەر و هێرشبەر) و فرە ئەرکە، لەلایەن کۆمپانیاکانی "ماکدۆنێل دۆگلاس" و "نورترۆپ" لە کۆتایی حەفتاکاندا دیزاین کراوەو لەسەر بنەمای فڕۆکەی "وای/ئێف-١٧" پەرەی پێدراوە. لە بنەڕەتدا بۆ هێزی دەریایی ئەمریکا دروست کراوە بۆ ئەوەی جێی فڕۆکەکانی وەک ئێف-٤ فانتۆم، ئەی-٤ سکایهۆک و ئەی-٧ کروزەری بگەڕێتەوە و تەواوکەری فڕۆکەی ئێف-١٤ بووە.

مێژوو:

- یەکەم فڕین: ساڵی ١٩٧٨.
- خستنەکار: ساڵی ١٩٨٣ بە فەرمی لە هێزی دەریایی ئەمریکا بەکارخراوە.

ئەرکەکان:

- بەرگریی ئاسمانیی کەشتیگەلی دەریایی.
- تێکشکاندنی بەرگریی ئاسمانیی دوژمن.
- هێرشکردنە سەر ئامانجە وشکانی و دەرییاییەکان.
- پشتیوانی ئاسمانی نزیک.
- گەڕان و پاسەوانی.
- توانای فڕینی لەسەر کەشتیی فڕۆکەهەڵگر و بنکەی وشکانی هەیە.

جۆرەکان و بەکارهێنەران:

- جۆری A و C یەک کورسی (یەک فڕۆکەوان).
- جۆری B و D دوو کورسی (فڕۆکەوان و ئەفسەرێک).
- وڵاتانی بەکارهێنەر (جگە لە ئەمریکا): کەنەدا، ئوستراليا، سویسرا، کوێت، فینلاند و ئیسپانیا.

تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان:

- درێژی: ١٧.١ مەتر.
- درێژیی باڵەکان: ١٢.٣ مەتر.
- بەرزی: ٤.٧ مەتر.
- ئەوپەڕی کێشی فڕین: ٢٣,٥٤١ کیلۆگرام.
- ئەوپەڕی خێرایی: ١,٩١٥ کم لە کاتژمێرێکدا .
- ئەوپەڕی بڕینی مەودا: ٣,٣٠٠ کیلۆمەتر.
- ئەوپەڕی بەرزیی فڕین: ١٥,٠٠٠ مەتر.

بزوێنەر و چەک:

- بزوێنەر: دوو بزوێنەری جۆری توربۆفان کە لەلایەن کۆمپانیای "جەنەراڵ ئەلیکتریک"ەوە بەرهەم هێنراون.
- چەک: توانای هەڵگرتنی چەندین جۆر مووشەک، بۆمب و تانکیی سووتەمەنیی زیادەی هەیە.
- سەرچاوە: fa.wikipedia.org



چیرۆکی سەربازێك.. دوای گیان لەدەستدانی خەڵات دەکرێت

● عومەر ئەحمەد مەرگەیی

ئەلوین سی کاش، سەربازێکی ئەمریکی بوو، کە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و لەساڵی ٢٢٥ بەهۆی کردەوەیەکی تیرۆریستی گیانی لەدەستدا، پێشتر مەدالیای ئەستێرەی زێوینی وەرگرت و دوای گیان لەدەستدانیشی لەلایەن سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٢١ مەدالیای ڕێزلێنانی لەرێگەی هاوسەرەکەیەوە پێبەخشرا.

ئەم سەربازە ئەمریکییە رۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥، لە پارێزگای سەلاحەدین لە عێراق، ئۆتۆمبێلێکی جەنگیی لە جۆری برادلی M2 کە کاش سەرنشینی بوو، ڕووبەڕووی تەقینەوەی مینێکی چێنراو بوویەوە. تەقینەوەکە بووە هۆی ئاگرگرتنی ئۆتۆمبێلەکە و بڵاوبوونەوەی ئاگر لە هەموولایەک. کاش، سەرەڕای ئەوەی کە جەستەی بە تەواوی سووتابوو، بە خێرایی هەوڵیدا یارمەتی سەربازەکانی تری ناو ئۆتۆمبێلەکە بدات. ئەو توانی حەوت سەرباز و وەرگێڕێک لەناو ئۆتۆمبێلە سووتاوەکەدا ڕزگار بکات، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئازارە سەختەکانی خۆی. کاش زیاتر لە ٧٢٪ی جەستەی سووتا، بەڵام لە کاتی گواستنەوەیدا بۆ نەخۆشخانە، بەردەوام پرسیاری ڕەوش و تەندروستی هاوڕێکانی دەکرد و دەیویست لە سەلامەتی ئەوان دڵنیا بێت. ئەو پێشتر بە خێزانەکەی ڕاگەیاندبوو کە هەرگیز سەربازەکانی تر لە مەیدانی شەڕدا بەجێ ناهێڵێت و بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر. لە ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥، دوای ٢٣ ڕۆژ لە ڕووداوەکە، کاش لە نەخۆشخانەیەک لە تێکساس بەهۆی سەختی برینەکانییەوە کۆچی دوایی کرد. پاڵەوانێتییەکەی بووە هۆی ئەوەی کە مەدالیای ڕێزلێنان لەلایەن سەرۆکی پێشووی ئەمریکا جۆ بایدنەوە پێشکەش بە خێزانەکەی بکرێت.

ئەلوین سی کاش، لە ساڵی ١٩٧٠ لەدایکبوو، لە ساڵی ١٩٨٨ ناوی خۆی لە سوپای پیادەی ئەمریکا تۆمارکرد. لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە شەڕی کەنداودا لە ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیابان و پاشان پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا کرد. لە سێیەمین بەشداریکردنی جەنگدا، کاشCASHE لە کەتیبەی یەکەی ١٥ـی پیادە، سەر بە فیرقەی سێی پیادە لە خزمەتدا بوو.

سەرچاوە:
- فەرماندەیی هێزەکانی سوپای ئەمریکا (FORSCOM) فیرقەی٣ـی پیادە.
https://themusastore.com
https://www.army.mil
https://themusastore.com

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ووشەی یەکتربڕ

16	15	14	13	12	11	10	9	8	7	6	5	4	3	2	1	
			■								■					1
	■		■							■						2
				■					■							3
					■				■					■		4
				■			■									5
■		■	■			■							■		■	6
	■							■			■	■				7
				■						■						8
					■						■		■	■		9
	■							■								10
		■							■							11
			■					■					■		■	12
			■				■			■						13
				■	■	■					■					14
					■							■		■		15
				■						■						16

ئامادەکردنی: عەمید منیر ئەحمەد

ئاسۆیی:

١-ناوی جۆرە موشەکێکی زیرەکە – داستانێکی ئەحمەدێ خانێ – وڵاتێکی ئاسیایە.
٢-یانەیەکی ئیتالیە (پ) – جۆرە میوەیەکە.
٣-کات – مردار بە بادینی (پ) – پێچەوانەی نزیك .
٤-شۆڕا تێکەڵاو – سێ پیت لە جەنگ – پێچەوانی ساردی.
٥-ناوی مەکۆیەکی تێکشکاوی دەزگای بۆشاییگەری ناسا بوو – پاشا (پ) فۆنی تێکەڵاو.
٦-شنافسج – تێکەڵاو – پێڵاوی ئەسپ.
٧-لە پشتی چاوە – (راف) ی سەربڕاو – جۆرە ڕەشاشێکە.
٨-بادمی – تێکەڵاو – شارێکی کوردستانە – هناو بە بادینی.
٩-ناوی کوڕانە – یانەیەکی عێراقە.
١٠-شارێکی هۆڵەندایە – کانزایەکی گران بەهایە.
١١-جۆرە دارێکە (پ) – ناوی مارکێتێکە – دیواری ددان (پ).
١٢-میلۆ تێکەڵاو - جۆرە میوەیەکە – خەندە.
١٣-ئاسمانی بێ هەور – هەوا (پ) – سێ پیت لە پەناهی - تیژ بە بادینی.
١٤-پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (پ) – بارهەڵگر (پ) – ناوی پارە.
١٥-سوران – شوێنی بانگدانی کۆن.
١٦-شارێکی باکوری کوردستانە – جۆرە موشەکێکی زیرەکە – پێچەوانەی بەرۆژ.

ستوونی:

١-ناوی چیایێکی کوردستانە – ناوی کچانە – وڵاتێکی ئەوروپایە.
٢-ناوی جۆرە ئۆتۆمبیلێکە – ناوی چەکێکە (پ) – تۆڵاو تێکەڵاو.
٣-لازۆز تێکەڵاو - ژمارەیەکە (پ) – وەکو یەکە – دایك بە ئینگلیزی.
٤-زنجیرە چیاییکی کوردستانە - شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
٥-بلول (پ) – چوار پیت لە دەمبل – (دەم)ی ناوقەد براو.
٦-چەم بە سۆرانی – جۆرە درەختێکە – (یەن) سەر براو.
٧-وەکو یەکە – ئاوێکی کانزایە (پ) - ورە (پ).
٨-ناوی کچانە – وەکو یەکە – ئامرازێکیکی گواستنەوەی ئاوە.
٩-(گالۆن) ی بن براو (پ) – پەیامبەری نێوان ئەرد و ئاسمان – مرۆڤێک ناتوانێت قسە بکات.
١٠-ئامێرێکی مۆزیکە – ناوی جۆرە گوڵێکە – (ناز) ی بن براو.
١١-من بە بادینی (پ) – چوار پیت لە نیسکش – گڵۆپ بە ئینگلیزی.
١٢-نەخێر بە بادینی - پێچەوانەی نێر – ناوی کوڕانەی کریستیانەکانە (پ).
١٣-ئامێرێکی مۆزیکە – پێنج پیت لە سەتەلایت – سێ پیت لەنەدەن.
١٤-مرۆڤی قەڵەو هەیەتی - کۆمپانیایەکی ژاپۆنی ئەلەکترۆنیە (پ) –ئاژەڵێکە.
١٥-ناوی کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراقە (پ) – (کار) ی سەر براو – (رازاوا) ی تێکەڵاو.
١٦-ناوی کچانە – ناوی هونەرمەندێکی کوردستانە.

وەڵامی ژمارە ٤٥

16	15	14	13	12	11	10	9	8	7	6	5	4	3	2	1	
ن	ی	چ	■	ن	ی	ز	و	م	ە	م	■	ز	و	ر	ک	1
ا	■	ە	■	ە	ژ	و	ل	ە	ە	■	ل	ا	ز	ی	ۆ	2
ر	و	و	د	■	م	ر	ا	ر	■	ر	ا	گ	ژ	ۆ	ر	3
ی	م	ر	ە	گ	■	ن	گ	ج	■	و	ش	ر	ا	■	ە	4
ن	و	ی	ف	■	ش	ا	■	ا	ی	ب	م	ۆ	ل	ۆ	ک	5
■	س	■	■	م	س	■	ج	ن	ف	ا	ش	س	■	ن	■	6
ش	■	ی	س	ێ	ک	ی	ب	■	ا	ر	■	■	و	ر	ب	7
ڤ	ا	ن	ە	■	ن	ا	ر	و	س	■	ی	م	د	ب	ا	8
ا	ر	و	ە	ز	■	س	ا	و	ە	م	■	ە	■	■	ی	9
ن	■	س	ا	م	ل	ە	گ	■	م	ا	د	ر	ت	و	ر	10
پ	و	■	ت	ر	ا	م	ی	ت	■	ز	ە	ی	ت	و	ن	11
ە	ز	ب	■	و	م	ی	ل	■	ل	ی	م	و	■	ل	■	12
ر	ا	ە	■	ە	پ	ن	■	ب	ا	■	ل	ا	م	ا	س	13
و	ا	ر	د	■	■	■	ل	ۆ	ر	ی	■	ن	ا	ت	و	14
ە	ر	ا	ن	م	■	ن	ا	ر	و	ە	د	■	ز	■	ی	15
ر	ا	ز	ن	■	ن	ا	ل	ی	م	■	م	س	ر	ێ	د	16

پێشمەرگەیەکی هونەرمەند
سروودی (من پێشمەرگەم) بڵاودەکاتەوە

● ئامادەکردنی: عەقید ئیدریس ئەحمەد

لەناو یەکەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا بە دەیان و سەدان کارەکتەری بەهرەمەندو شارەزاو خاوەن ئەزموون لە بوارە جیاجیاکاندا هەیە کە (ئیسماعیل پێشمەرگە) یەکێکە لەو کارەکتەرە پێشمەرگەیەی کە هاوشانی ئەرکە پیرۆزە نیشتیمانی و سەربازییەکەی لە بواری هونەری موزیک و گۆرانیشدا خاوەن بەهرەو چالاکییە. لەدوا بەرهەمیداو لە خۆشەویستی بۆ کوردستان و پێشمەرگە، سرودێکی نیشتمانی بەناوی (من پێشمەرگەم) تۆمارکردووە، کە شیعرو ئاوازی سرودەکەی لەلایەن (هۆشیار عەبدوڵلا) ئامادەکراوە. بۆ بەرهەمهێنانی سرووده‌کەی وەزارەتی پێشمەرگە هاوکاری کردووە.

ئیسماعیل پێشمەرگە ناوی تەواوی (ئیسماعیل یاسین حەمەد ئەمین)ە، لە ساڵی 1989 لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە ساڵی 2004 بووەتە پێشمەرگە، لەگەڵ ئەرکی پێشمەرگایەتی، گرنگی بە بواری هونەری گۆرانی و سروودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی داوە. سەرەڕای ئەوەی لە هیچ ناوەندێکی ئەکادیمی هونەری نەیخوێندووە، بەڵام شارەزاییەکی باشی لە گوتنی مقام و گۆرانیدا هەیە و خاوەنی دەنگێکی خۆش و پڕ هەستە. ناوبراو خێزاندارە و خاوەنی سێ کچە. لە ئێستادا لە فەوجی 2ی لیوای 10ی پیادەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە. هەروەها لە ساڵی 2019 لە پەیمانگای گەشە و لە فیستیڤاڵی ساڵانەدا، پێشانگایەکی وێنەی پێشمەرگەی کردۆتەوە. لە شەڕەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش بەشداری کردووە.

من پێشمەرگەم

من لە مردن ڕاهاتووم، دوژمنان دەهەژێنم
لە تۆڵەی شەهیدانم کەلەی شاخ دەڕوخێنم
کێوەکانم شاهیدن، قەت چۆکم ناچەمێنم
داستانی سەرکەوتنم، پەیمانە بەدەست دێنم

من ئاگر و تۆفانم، لێزمەی بەفر و بارانم
جەرگی دوژمن لەت دەکەم، سەری نێزە دەبانم
من پێشمەرگەی ڕۆژئاڤام، ڕۆژهەڵاتە هاوشانم
باکوور هاوسەنگەرم بێ، باشوورە نیشتمانم

کورد پشتیوانی نییە، پشت و پەنای چیایە
هەر چواردەورەی دوژمنە، تەنها خوای لەگەڵدایە
ئازاری دوز و شەنگال ڕیشەی لە دڵم کوتایە
دەبێ تۆڵەی بستێنین، خوێنیان نەچێ بە زایە

هەموو خاکی کوردانە، لە ڕۆژهەڵات تا عەفرین
پێشمەرگە لە مەیدانە، لە پێناوی یەک دەمرین
لە مەرگ نەترساوین، هەورازی سەخت دەبڕین
سەرکەوتنمان نزیکە، بەرەو ئاسۆ ڕێ دەگرین

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بۆ بەئاگابوونت لە هەواڵی پێشمەرگە

سەردانی سۆشیاڵ میدیای وەزارەتی پێشمەرگە بکە

@KRG.MOPA.OFFICIAL



No 46
PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

پێشمەرگە

لەپێناو ئارامی و ئاسایشی کوردستان
بەردەوامە لەمەشق وڕاهێنان

فۆتۆ : رێکەوت

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

JUNE 2025